چاودێر
THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press

ژمارە (١) دووشەممە - ٢٠٠٤/١٠/٤

رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

مام جەلال: داخەکەم هەندێك لایەنی ئێرانی - سوری بەتیرۆردا هەڵدەدەن

لەکاتی سەردانەکەی ئەم دواییەی (مام جەلال) بۆ ئیتالیا, رۆژی (٩/١٣) گۆڤاری (پانوراما)ی ئیتالی, چاوپێکەوتنێکی سەبارەت بەدۆخی ناوخۆی عێراق، لەگەڵدا ساز کردو بەرێزیشی راشکاوتر لەجاران، کێشەی تیرۆرو دۆخە سیاسیەکەی عێراقی شیکردۆتەوەو چەند راستیەکی لەسەر تیرۆرو پشتیوانەکانیان خستۆتەروو.

لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤارەکەدا، دەربارەی رۆڵی ئێران و سوریا، لەکارە تیرۆریستیەکاندا، مام جەلال دەڵێ:

سەرەتا ئێران بەشێوەیەکی رەسمی، پشتیوانی روخانی سەدامی کرد. تەنانەت بەشداری ئاشکراو روونی لەخۆشیەکانماندا کرد، بەڵام ئەوەی جێی داخە، لایەنگەلێکی ئێرانی لەپیاهەڵدانی کارە تیرۆریستیەکان بەردەوامن و کارە تێکدەرانەکان بەکاری قارەمانانەو جوامێرانە دەزانن. هەمان شتیش دەتوانین دەربارەی سوریا بڵێین، هەن کارە تیرۆریستیەکان لەرێگەی پرۆپاگەندەوە هاندەدەن. بەڵام هەڵوێستی رەسمی سوریا پشتیوانمانە.. تاد.

جاك شیراك:

دانەخستنی دەرگای دۆزەخی عێراق

١ لە (٢٠٠٤/٩/١٤)دا، جاك شیراکی سەرۆك کۆماری فەرەنسا، لەکۆنگرەی رۆژنامەنوسییە هاوبەشەکەیدا لەتەك سەرەك وەزیرانی ئیسپانیا (ڤاباتیرۆ)و راوێژکاری ئەلمانی (شرویدەر) گوتی: پێموایە ئێمە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەرگای دۆزەخمان لەسەر عێراق کردەوەو توانای داخستنیشمان نییە.

ئەم گوتەیە، گوتەی یەکێکە لە سەرۆکە هەرە بەئەزمونەکانی جیهانی سیاسەت" سەرۆکی وڵاتی فەرەنساشە کە لەسەدەی هەژدەهەمەوە پەیوەندیەکی باشی بەرۆژهەڵاتەوە هەیەو ئێستاش گرنگیەکی زۆر دەداتە رۆژهەڵات. گوتەکە، گوتەیەکی ئاسایی نییە، چونکە شیراك گوتویەتی. دڵنیاین سەرۆکێکی وەکو شیراك بەبێ زانیاری ورد قسەی وا ناکا.

ریفراندۆم ویستی دیموکراسی رای گشتی گەلی کوردستانە

هاوکات رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا، جەماوەری کوردستان، تێکڕای چینو توێژە جیاوازەکان، رژاڵە سەرشەقامو بەرێپێوانی هێمنانەو بەدروشمی جۆراوجۆرو سرودی نیشتمانییەوە پاڵپشتی خۆیان بۆ سازدانی ریفراندۆم لەباشوری کوردستان بۆدیاریکردنی چارەنووسی ئەم گەلەو لەپێناو گێرانەوەی کەرکوك و خانەقین و ناوچە تازە ئازادکراوەکان بۆسەر کوردستان کەبەشداری کەرکوك، جەماوەرێکی زۆری شاری کەرکوك، کفری، کەلار، خورماتوو و ناوچەکانی تر، کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورە سازدرا کەبەشێك لەتورکمانەکانی شاری کەرکوك و هەندێك حیزبی سیاسی تورکمانی شاری کەرکوك ئامادەی بوون، ئەمەش هەر لەپێناو پاڵپشتی لەریفراندۆمو گەرانەوەی کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکان بۆسەر کوردستان، لەخانەقینیشدا زیاتر لە ١٠ هەزار کەس بەشداری رێپێوانەکەی کرد.

جێی ئامـاژەیە، کەبەهەمان شێوە لەشاری دهۆك و ناوچە جیاکانی کوردستان، رێپێوانی جەماوەری فراوان سازدرا، لەئێوارەی هەمان رۆژیشدا لەشاری هەولێرو لەهۆڵی میدیا کۆبوونەوەیەکی (خنجیلانەی!) ئاهەنگ شەقامەکان، بۆپاڵپشتی لەریفراندۆمو مافی چارەی خۆنووسینی کوردستان.

جێی وەبیرهێنانەوەیە، کەسەرجەمی ئەم کۆبوونەوە جەماوەریانە، لەلایەن بزووتنەوەی ریفـراندۆم لەکوردستان سازدرابوو، لەلێدوانێکی (هەڵکەوت عبدالله)، ئەندامی کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەکە، کەلەشاری هەولێر بۆکەنالی کوردستان دای، رایگەیاند" ئەم رێپێوان و کۆبوونەوە جەماوەریانە دوپیات کردنەوەی پشتگیری خەڵکی کوردستان بوو بۆ ئەو دوو ملیۆن ئیمزایەی کەلەماوەی رابردوودا کۆکرابووەوە.

د. فۆناد مەعصوم لەسەر کێشەی ئاوارەکانی کەرکوك:

حکومەت بەرنامەی گەڕانەوەی ئاوارەکانی نەبووە مافیش دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی

لەچاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ئاسمانی العربیەدا رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢بەرێز د. فۆئـاد مـەعصوم لـەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی گەڕاندنەوەی کوردەکان بۆ کەرکوك وتی: لەراستیدا حکومەت بەرنامەیەکی بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی پێشوویان نیەو، زەویشیان بۆ دابین نەکردوون هەتا خـانووی تێدا دروسـت بکەن، بۆیە وەکو هەموو شـارێکی تـر پێشێلکـاری دروستکردنی خـانووی تێدا رووبداوە. مەعقول نیە دوای ئەم هەموو دابڕانو دوورکەتنەوەو ئاژارە ئێستاش لەخەیوەتگادا بـژین. حـەق وایـە حکومەت بەرنامەی گەڕانەوەو نیشتەجێکردنو زەوی دابەشکردنو نەشونماپێکردنیان هەبێت.. سەبارەت بەو قسانەش کە دەگوترێ کوردی سوریەو تورکیەو ئێران دەبردرێنە کەرکوك ئەم قسانەی بەتەاوەتی رەتکردەوەو داواشی کرد هەر لایەنێکی رەسمی یان نارەسمی دەتوانن لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەن لەکەرکوکدا.

وتیشی: کەرکوك شاری برایەتی کوردو تورکمانو عەرەبو ئاشوریو هەموو عێراقیەکە، بەڵام حەقیش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی.

کوردو وەرنەگرتنی تورکیا لەبازاڕی ئۆروپای هاوبەش

٢ ئاژانسەکان, وشیاری شاینی باسە, تورکیا, دوای دەسەڵاتدارەکانی ئۆروپای هاوبەشیان سەبارەت بەوەرگرتنو وەرنەگرتنی تورکیا راگەیاند.

قسەکەری راسپێردراوی ئۆروپا بۆ لەهەوڵێکی فراواندایە ئارایشتی سیاسەتو یاسای وڵاتەکەی بکار, بەلکو ناوی وڵاتەکەی لەرۆژئاوادا خۆشناو بکا. بەڵام کاروباری پەرەپێدان, جان کریستۆف فیلوری, بێتەمومژ رایگەیاند کەوا: گفتوگۆ بێ سەلماندنی یاسای نوێی تورکیا, دەست پێناکا. ئەوەشی رەتکردەوە کە ئەم بڕیارە دەشتێوەردانی تورکیا بگەیەنێ.

وادیارە وڵاتانی ئۆروپای هاوبەش, بەچەشنە ریفۆرمانە رازینابن. داوای گۆرانکاری دیموکراسیو شارستانی زۆر زیاتر لەتورکیا دەکەن. یەکێك لەو داخوازییانە, مافی مرۆڤو مافی کۆلتوری تەواوی گەلی کوردە.

بەرەو..

سەکۆیەکی نوێی رۆژنامەگەری

لەناو دونیای رۆژنامەوانی ئازادو دەربەست دا، هێشتا ئەزموونی رۆژنامەگەری، رێگای دوورو درێژی ماوە بگاتە مەنزڵ، کەمەکوری لەم بوارەدا زۆرە، بۆشاییەکی زۆریش هەست پێدەکرێ.

کەموکوریەکان، رۆژگارو فێریونو تاقیکردنەوەی دەوێ، هەتا چارەسەر دەکرێن. بەڵام دەشێ هەولی پرکردنەوەی بۆشاییەکە بدرێ. ئێمە"لای خۆمانەوە بریارمان داوە، بەپێی توانای، بەئاست و ئاراستەیەکی نوێوە بەشێکی ئەو بۆشاییەی رۆژنامەگەری کوردی، پربکەینەوە." ئەو بەشە بۆشاییەش کەدرکمان پێکردووە، ئەوەیەکە: راستەوخۆ چاودێری هەندێك هەوڵ، سیاسەتی جیهانی، میدیاکانی کوردی، حیزبە کوردستانییەکان، هەڵەی بەرپرسان، خەمی کۆمەڵو هاوولاتیان، هەروا، پەنجەرەیەکیش لەسەر روناکبیریو وەرزش بکەینەوە. پێشەکیش دەزانین ئەم ئەرکە بۆ هەفتەنامە، دژوارە. بەڵام ئەرکێکەو هەر دەبێ شانی بدرێتە بەر. ئەگەر شانی ئێمە شایەنی بەشێکی ئەرکەکە بێ، ئەوە ئەرزو ئەوە گەز. ئەگەر واش نەبووین، بێگومان، هەنگینێ گەزەکە، دەمان گەزێ !

بەهیواین.. ئـەم (١٦)لاپەرەیەی رۆژنامەی هەفتانەی (چاودێر)، بتوانێ جێی خـۆی لەناو خوێنەری خەمخۆری رۆژنامەگەری کوردستاندا بکاتەوە. ئەمەش هەرگیز نایەتەدی ئەگەر بێتو (چـاودێر) سەربەست نەبێ لەدەربڕینی بیروراکانیا، ئازاد نەبێ لەرەخنە گرتنیا، بابەتی نەبێ لەهەڵسەنگاندنیا، مۆدێرن نەبێ لەدیالۆگیـا، ئـەقـڵانی نەبێ لەدادوەریەکانیا، شێلگیر نەبێ لەچەسپاندنی دیموکراسیا، راشکاو نەبـێ لەدژایـەتی کردنی کۆنەپەرستیا، خـەمخۆر نەبێ لەچارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتیان " هەروا..خۆی نەپارێزێ لەبوختان هەڵبەستن، لەناو زراندن، لەبێباکی بەرامبەر چارەنووسی کوردستان، لەرەخنەی رووخێنەر، لەخولقاندنی کەشی نائومێدی.. تاد چاودێر تێدەکۆشێ :

پەیرەوی لەئامانجە جوانەکانی جیهانی رۆژنامەگەری هاوچەرخ بکـاتو راستگۆ بێت لەپەیامی دیموکراسی، سوور بێت لەسەر عەلمانیـەتو ئازادی بیرو ئازادی ویـژدان، رێبـازەکـەی، رێبازی رۆژنـامـەی نەتەوەیەکی رزگاری خوازی دیموکراسی راستەقینە بێ، گۆرانکاری جیهانگیـری لەبەر چاو بگرێو هاوسەنگی بیرو فەلسەفەو میتۆدە جیاوازەکـان رابگرێ، تێبکۆشی، دیموکراسی بەچەمکە فراوانەکەی، جیاواز لەدەسەڵاتی دیموکراسی، باشتر لەناو کۆمەڵ دا بەرجەستە بکاو چاکتر رای گشتی بخولقێنێو ئازادی تاك .. بەهەموو رەهەندەکانیەوە، شارستانیتر دەستەبەر بکا. لەپێشەوەدا، مافی ژنانوئامانجی یەکسانیان لەگەڵ پیاودا.

ئەو ئامانجانەو هەموو ئامانجێکی دیکەی مرۆڤایەتی، دورنمـای (چاودێر) دەبن. بالە ئێستاشەوە بیلێین: دڵنیاین ئەم پرۆژەیە بێ کەموکـوری نابێ. چـاوەڕێن خوێنەری وشیار بە چاوی رەخنە بـروانێتە چـاودێـرو هـەمـوو هاوڵاتیەکیش پـەژارەو سکاڵای خۆیمان بۆ بنێرێ.

دەمێنێتەوە رابیـگـەیـەنین کەوا: هـەمـوو ئـەو گـوتـارانەی بڵاودەکرێتەوە، چ هی رۆژنامەکەو چ هـی نوسەرانی ئازیزی دەرەوەو خێزانـی رۆژنامەکەش، (چاودێر) لێیان بەرپرسیارە. هەر گوتارێکیش خاوەنەکـەی داوای بکاتەوە، بۆی دەنێرینەوە. ئەگەر نووسەر، یان هاوڵاتیەکی ئاساییش بیەوێ بیروڕاکەی بکرێتە سـەرووتاری (چاودێر)، رۆژنامەکـە بەپەسەندی زانی، دەیکاتە سەرووتاری خۆی.

هەولدەدین چاودێر، سەکۆیەکی نوێی رۆژنامەگەری کوردستانی بێ، باهەنگاویش هەڵبنێین ئینجا باوەڕ بەم قسەیە بکەن.

بۆ.. ئیسلامگەراکان بەشداری هەڵبژاردن ناکەن؟

لێکدانەوەی هەواڵ (ل: ٢)

جیاوازی رێبازی یەکێتی و کۆمۆنیست و ئیسلامگەراکان لەسەر دیموکراسی و سۆشیالیزم

بەختەو دیالۆگ (ل: ٨-٩)

غەیبانیەت تەنها قسە لەرابردوو دەکات و قسەی لەسەر ئێستا پێنیە.. بۆ؟

جیهانبینی روناکبیریی (ل: ١٠)

ئایا ئەنفال بەشێکی دانەبڕاوی تەعریبە لەمێژوودا؟

هەڵوەشاندنەوەی تەعریب (ل: ١٢)

وەفدی خانەقین و (سەنەدی خاقانی)و سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ

لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە زانیومانە کـەوا: وەفـدێکی هاوبەشی شارەکانی خـانەقین، جـەلەولا، مـەندەلی و سـەعدیەو نوێنەری سـەرجـەم حیزبەکانیش سەرقاڵی خـۆئـامـادەکـردن و ئـامـادەکردنی داخوازیەکانیانن بۆ سەردانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵو جێگری سەرەك وەزیران و هەروەها وەزیری پەروەردە، پیشەسازی، ناوخۆ، کشتوکاڵو ئاوئاودێری.

وابریارە وەفدە هاوبەشـەکەی خانەقین، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی (سەنەدی خاقانی) بەنرخ سـەبارەت بەوەی کە خانەقین سەد سـاڵ لەمەوبەر پارێزگـا بووە، هەروەها پرۆژەو پێشنیاری ئەو شـارانە سەبارەت بەدروست کردنی پارێزگـای خانەقین پێشکەش بکەن، لەمەمانکاتدا گەلێـك داخوازی شارەکان هەیە، کەپارێزگـاری (دیالە) فەراموشی کردون، بخەنەروو

هەیئەتی زانایانی سوننیش، هەڵبژاردن رەتدەکەنەوە

٣ دوای دوو رۆژ لەبریاری رەوتی شیعەکەی (موقـتـەدا صـەدر) بۆ رەتکردنەوەی پرۆسـەی هەڵبژاردن لەعێراقدا، هـەیئـەتـی زانایـانی ئیسلامی سوننیش ـ هەمان سیاسەتیان هەڵبژاردو هەڵبژاردنیان رەتکردەوە.

لەکاتێکدا (عەبدول سـەلام کوبەیسی) سـەرۆکی پـەیـوەندیە گشتییەکانی هەیئەتیزانایانی سـوننە، ئەو بریارەی راگەیاند، لەهەمـان کاتدا، باسی ئەوەشی کرد کە پەیوەندیەکی بـاش لەنێوان زانایانی شیعەو سوننەدا هەیەو بەردەوام لەراوێژدان.

رەتکردنەوەی هەڵبژاردن بۆچی؟

لەکاتێکدا هـەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی نزیك دەبێتەوەو هەموو لایەك سەرقاڵی سـەرخستنی پرۆسـەی هەڵبژاردنەکەن لەعێراقدا، هەتا ئێستا دوو رەوتی توندرەوی شیعەو سوننە، رەوتی سەدرو رەوتی هەیئەتی زانایانی سـوننە، بـەك لـەدوای یەك، لەدوو رۆژدا هەڵبژاردنەکـەیان رەتکردۆتەوە.

ئـەم رەتکردنەوەیە بێگومان هۆی سیاسیو هاندەری ئیقلیمی هەیـە، جێی خۆیەتی باسبکرێت.

پێشەکی با ئەو راستیە بیربخرێتەوە کـە شیعەکـانی عێراق، بەرەوتی سەدریشەوە، دەسـتو بـرد، دوای روخـاندنی رژێمی عێـراق داوای هەڵبژاردنیـان دەکـردو جگە لەهەڵبژاردن، هیچ بریـارێکی سیاسیو یاسایی دیکـەیـان پـێ رەوا نەبوو. ئێستاشش، دوای سـەدان رووداوی ناخۆش و هەزاران قوربانی، کـە بەشی زۆری دەسـتی شیعەو سـوننیە توندرەوەکـانی تێدایـە، کاتێك دەویسترێت هەڵبژاردنی ئـازاد دەستپێبکرێتو فێتۆیەکیـش بۆ بەشداری نەکردنی رەوتی سـەدرو هەیئەتی زانایانی سوننە ئەڕاداردا نییە، کەچی ئەو دوو رەوتە دوژمنایەتی هەڵبژاردنەکـە رادەگـەپـێنن.

هـەروەکو گوتمان، ئەم هەڵوێستە، هـۆی سیاسیو هۆکاری ئیقلیمییان لەپشتەوەیە.

بۆ لێکدانەوەی هەواڵی ١و ٢و ٣ بروانە لاپەرە ٢ و ٣

جاك شيراك:
دەرگای دۆزەخ بۆ عێراق كراوەتەوە

ئازاد عەلی

لە (٢٠٠٤/٩/١٤)دا, جاك شيراكی سەرۆك كۆماری فەرەنسا, لەكۆنگرەی رۆژنامەنوسییە هاوبەشەكەیدا لەتەك سەرەك وەزیرانی ئیسپانیا (ڤاباتیرۆ)و راوێژكاری ئەڵمانی (شرویدەر) گوتی: پێموایە ئێمە بەشێوەیەك لەشێوەكان دەرگای دۆزەخمان لەسەر عێراق كردەوەو توانای داخستنیشمان نییە.

ئەم گوتەیە, گوتەی یەكێكە لە سەرۆكە هەرە بەئەزمونەكانی جیهانی سیاسەت" سەرۆكی وڵاتی فەرەنساشە كە لەسەدەی هەژدەهەمەوە پەیوەندیەكی باشی بەرۆژهەڵاتەوە هەیەو ئێستاش گرنگیەكی زۆر دەداتە رۆژهەڵات. گوتەكە, گوتەیەكی ئاسایی نییە, چونكە شیراك گوتویەتی. دڵنیاین سەرۆكێكی وەكو شیراك بەبێ زانیاری ورد قسەی وا ناكا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگوتەكەدا, كردنەوەی دەرگای دۆزەخەكە نییە. بەڵكو دانەخستنی دەرگاكەیە.قسەی زۆر لەسەر كردنەوەی دەرگای دۆزەخەكە ناكەین. چونكە لەسەر ئەم بەشەی گوتەكە قسەمان زۆرە تەنانەت لەسەر سیاسەتی خودی فەرەنساش بەرامبەر سەدامو عێراق بیكەین. تەنها هێندە دەڵێین: راستە عێراق لەناو دۆزەخدایە. بەڵام دۆزەخەكە پێش روخاندنی سەدام بۆی داخراوە, نەك دوای ئەوە. فەرەنساش, لەداخستنی دۆزەخەكەی عێراقدا, ئاگرەكەی خۆش كردووە. لەم باسە دەگەڕێینو دێینە سەر بەشی دوەمی گوتەكە, كە دانەخستنی دەرگای دۆزەخەكەیە.

هەمیش لەدونیای سیاسەتدا, كردنەوەی دەرگای رووداوی گەورەو خوێناوی ئاسانە. بەڵام داخستنی, ئەگەر ستەم نەبێ, بێگومان زۆر گرانە.

عێراق.. وڵاتێكە, هەر لەدامەزراندنیەوە, لەوكاتەوە بریتانیاو فەرەنسا لەسەر دەستكەوتی سەرچاوەكانی جەنگی یەكەمی جیهان, رۆژهەڵاتیان لەسەر خۆیان دابەش كرد, دوو وڵات لەو وڵاتانەی رۆژهەڵات كە بەر بریتانیاو فەرەنسا كەوتن, عێراق بۆ بریتانیاو سوریاش بۆ فەرەنسا, دوو بەشی كوردستانیان بەزۆرەملێ پێوە لكێندران. هەر لەوكاتەوە, كە دوور لەئیرادەی میللەتانی ناوچەكە قەوارەی داتاشراوی ئەم دوو وڵاتە لەقاڵب دران, لەوساوە, ئەم وڵاتانەو دەوڵەتانی دیكەش لەرۆژهەڵاتو دونیادا خرانە سەر رۆخی دۆزەخ. عێراقیش زیاتر. چونكە عێراق لەناوخۆیدا كێشەی تایفەگەریو عەشرەتگەری زۆر بوو. بەزۆری زۆرداریش, كوردستانی عێراقیشی پێوەلكێندرا. ئەمە سەرەتای هەڵەیەكی گەورەی مێژوویی بوو كە نەخشەی وڵاتانی رۆژهەڵات بەخواروخێچی كێشرا, كوردو ئەرمەنو چەركەسو چەندین رەگەزی میللی دیكە, كرانە قوربانی سیاسەتی ئیمپریالیستی كلاسیكیو شۆڤێنیەتی عەرەبی. لەوساوە كە بۆ سەدەیەك دەچێ, عێراق بۆتە شانۆی زنجیرەیەك تراژیدیا. كە كێشەكانی ئێستاش, لەسەر رەگی ئەقڵیەتی ناسیۆنالیستیو تایفەگەری كۆن, بوژاونەتەوە. ئەزمونی سەدەیەك لەكێشمەكێشی سیاسی كە رووداوكانی رەنگی لەناوچەكەدا دابێتەوە, بێگومان راستیگەلێكی سیاسی, كۆمەڵایەتی, مەزهەبیو كولتوری زۆر ساغ دەكەنەوە, ئەگەر بویسترێ دەرس و پەندیان لێوەربگیرێ. گرنگترینی ئەو دەرسانە, كێشەی چارەسەرنەكراوی نەتەوایەتیو تەنگوچەڵەمەی ئابوریو دواكەوتوییە.

ئەگەر عێراق لەمێژ بێ لەرۆخی دۆزەخ دانرابێو زۆرجاریش خزابێتە ناو ئاگری رووداوكانی ناوچەكە, بەڵكو دەسەڵاتدارانی بوبنە مایەی كەتنی سیاسیو عەسكەری گەورەش لەناوچەكەدا, ئەدی هەتا كەی بیر لەوە دەكرێتەوە بەپێی بەرژەوەندی زلهێزەكان ناوبەناو دەرگای دۆزەخەكەی لێدابخرێ. بەڵام فشاری رووداوی تر, بەشێوەی خراپتر, دەرگاكەی لەسەر بخاتەوە سەر گازی پشتی تراژیدیایەكی نوێ؟ ئایە, كاتی نەهاتووە بەقوڵی كێشەو گرفتەكانی عێراقو دەوڵەتانی مانەندی عێراق بخێنرێتەوەو رێگەچارەی هاوچەرخیان بۆ بدۆزرێتەوە.

دەركەوت, عێراق, لەوساوە مەلیكیان بۆ قەرزكردو حكومەتی مەلیكیان بۆ دامەزراند, هەتا دەگاتە سەردەمی حكومەتە كۆمارییەكانی عێراق (بەبەعسیشوە) ئەم وڵاتە نابێتە وڵاتێكی مەركەزی یەك نیشمانو یەك قەوارەو یەك ژیانی كۆمەڵایەتی. سەلما كە پێكهاتەی عێراق, لەباری ئەتنیكیو ئایینیو مەزهەبیەوە, هەرگیز لەقاڵبی یەك دەوڵەتی مەركەزی نیشتمانی نادرێ. بەتایبەتی, بەدیلەكانی حوكمڕانی عێراق, هەتا ئێستاش یان ناسیۆنالیزمی عەرەبین, یاوەكو دەسەڵاتی مەزهەبی شیعەو سونین. كە ئەمانە هەمویان دوژمنی دیموكراسین.

فەرەنسا.. تاقیكردنەوەی جەنگی یەكەمی هەیە كە بەهاوپەیمانی بریتانیا, ئەمریكایان لەرۆژهەلات دەرپەڕاند" هەروا, تاقیكردنەوەی جەنگی دوەمی جیهانیشی هەیە, كە فەرەنسا داگیركراو ئەمریكاو بریتانیا رۆڵی هەرە گەورەیان لەرزگاركردنیا سونگول جابوك" ژنە سیاسەتمەداری تازەی توركمان, دوای ئەوەی بلیتی ئەندامی مەجلیسی حوكمی بۆ دەرچوو, پەیتا پەیتا خەریكی چاوپێكەوتنی جۆراوجۆرە, لەمووچاوپێكەوتنێكیشدا, مەخابن, رەچاوی ئەوە ناكات كە چیكە ژنێكی ئاسایی نیەو ناشزانێ لەدونیای مەسئولیەتی سیاسەتدا, قسەكردن ماڵە لەسەر قسەكەر" ئەمەش لایەنی كەمی تێگەیشتنی مەسئولە لەمەسئولیەت.

ئەم خانمە, كە لەبەر هەستیاری پێكهاتەی نەتەوەییو مەزهەبی, هەروەها لەبەرخاتری رازیكردنی توركیاو بەرەی توركمانی, بۆ مەجلیسی حوكم بەرزكرایەوە " لەو دەورانەدا قسەكانی بەشێوەیەكی گشتی پێچەوانەی سیاسەتی مەجلیسی حوكم دەكرد. سەرجەم بۆچوونەكانیشی بۆ رازیكردنی جەماوەری بەرەی توركمان بوو. بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی قسەكانی لەلایەن دژەكانی دیموكراسیو پێكەوەژیانی ئازادانەی عێراقو كەركوك, دەقۆزرێتەوە.

دوای ئەوەی بەهەڵە بڕیاردراوە (١٩) ئەندامەكەی مەجلیسی حوكم, ئۆتۆماتیك ببنە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق. خاتوو سون, بەهەمان بلیتی مەجلیسی حوكم كرایە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیش. وا دیارە ئەم خانمە نە كاتی خۆی لەگرنگی مەجلیسی حوكم تێگەیشتبوو, نەئێستاش لەگرنگی ئەنجومەنی نیشتمانی وردبۆتەوە, بۆیە بەهەمان ئەقڵیەتی جاران, لەدەرگایەكی یاسا رێژیشدا, وەلامی رۆژنامەنوسەكان دەداتەوە.

لەژمارە (٩٤٢٧/ رۆژی یەك شەممە _ ٢٠٠٤/٩/١٩)ی رۆژنامەی (الشرق الاوسگ)دا, چاوپێكەوتنی لەگەڵدا كراوە, وەلامی (١٤) پرسیاری (معد فیاچ)ی رۆژنامەنوس دەداتەوە. سەرجەم پرسیارەكان لەسەر كوردو توركمانو تیرۆریستەكانو دۆخی شاری تەلەعفەرە, كە بەداخەوە لەدوو هەفتەی رابردوودا , ئەم شارە كرایە شانۆی ئاژاوەیەكی گەورە.

خاتوو سون, لەم چاوپێكەوتنەیدا تەواو پێی وایە: كورد لەكەركوك پەیڕەوی سیاسەتی بەعسی روخاوو دەكەن بۆ كوردانەوە, هەموویان حەبی مەنعیان خواردووە !

ئەگەر ئەم خانمە ئاماری باوەڕپێكراوی لایە, كە تەنها (٥٠٠) خێزانی كورد لەكەركوك دەركراون, بابفەرموێ ئامارەكە بخاتەروو, هەتا باوەڕی پێبكرێت, ئەگەر لاشی نییە, باچیتر ئامارو ژمارە لەقسەكانیدا بەكارنەهێنێت. چونكە كورد لەنیو سەدەی رابردوودا, بەپێی پیلان تەهجیرو تەعریب دەكرێت, رێكخراوی (هومان رایتس ووچ)یش لەدوا راپۆرتی خۆیدا مانگی رابوردوو بڵاویكردەوە, كە لە سیەكانەوە كورد سیاسەتی رەگەزپەرستی تەعریبی بەرامبەر بەكاردێت. ئەم خانمە ئاماری (٥٠٠) خێزانی نازانین لەكوێوە هێناوە, ئەگەر هەر بە ئەقڵو تخمین پرۆسەی رەگەزپەرستی تەعریب لێكبدەینەوە, لەسێ چارەكە سەدەی رابوردوودا, هەر ساڵێك (٤٠٠) خێزانی كورد لەكەركوك تەهجیركرابن, دەكا (٣٠,٠٠٠) خێزان. تێكرای ئەندامانی خێزانەكانیش (٥) كەس بن, سەرجەم دەگاتە (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار كوردی كلۆڵی دەربەدەركراو, كە زۆر ئاساییە لای سون گول خانم, ژمارەی ئەم (١٥٠,٠٠٠) كوردە, كەم بكاتەوەو پێشی ناخۆش بێت بگەڕێنەوە شارەكەیان. ئاخر بۆ, بەچ حەقێك ئەم ژنە نەتەوەكەی خۆی خۆش دەوێتو رقی لەنەتەوەی كوردە؟!

كەركوك هەر توركمانی بووە !!

لەبەشێكی تری وەڵامەكانیدا دەفەرموێت: كەركوك بەدرێژایی مێژوو هەر تورك نشین بووە, ئەمەش تەزویركردنێكی ئاشكرای راستیەكانی مێژووە.

نازانین... خانم سون گول, چەند لەمێژوو شارەزایە؟ چەندیش شارەزایە لەمێژووی ناوچەكەو چۆنیش دەڕوانێتە مێژووی كوردو توركمان؟ بەڵام دەزانین ئەم خانمە بەرامبەر كوردو كوردستان هێندە رقاویە, رقە ئەستورەكەی وای لێكردووە باسێكی هەر بارێكی كورد, چ ئاوارەی كوردو چ شارەكانی كوردستانو چ مێژووی كوردەواریو چ مافی سیاسی نەتەوەی كورد, بكا, لە باسكردنی خێزانانەی لە نیو سەدەی رابردوودا, دەریشكراون زاوزێیان كردووە, هەموویان حەبی مەنعیان خواردووە !

ئەگەر ئەم خانمە ئاماری باوەڕپێكراوی لایە, كە تەنها (٥٠٠) خێزانی كورد لەكەركوك دەركراون, بابفەرموێ ئاماركە بخاتەروو, هەتا باوەڕی پێبكرێت, ئەگەر لاشی نییە, باچیتر ئامارو ژمارە لەقسەكانیدا بەكارنەهێنێت. چونكە كورد لەنیو سەدەی رابردوودا, بەپێی پیلان تەهجیرو تەعریب دەكرێت, رێكخراوی (هومان رایتس ووچ)یش لەدوا راپۆرتی خۆیدا مانگی رابوردوو بڵاویكردەوە, كە لە سیەكانەوە كورد سیاسەتی رەگەزپەرستی تەعریبی بەرامبەر بەكاردێت. ئەم خانمە ئاماری (٥٠٠) خێزانی نازانین لەكوێوە هێناوە, ئەگەر هەر بە ئەقڵو تخمین پرۆسەی رەگەزپەرستی تەعریب لێكبدەینەوە, لەسێ چارەكە سەدەی رابوردوودا, هەر ساڵێك (٤٠٠) خێزانی كورد لەكەركوك تەهجیركرابن, دەكا (٣٠,٠٠٠) خێزان. تێكرای ئەندامانی خێزانەكانیش (٥) كەس بن, سەرجەم دەگاتە (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار كوردی كلۆڵی دەربەدەركراو, كە زۆر ئاساییە لای سون گول خانم, ژمارەی ئەم (١٥٠,٠٠٠) كوردە, كەم بكاتەوەو پێشی ناخۆش بێت بگەڕێنەوە شارەكەیان. ئاخر بۆ, بەچ حەقێك ئەم ژنە نەتەوەكەی خۆی خۆش دەوێتو رقی لەنەتەوەی كوردە؟!

كەركوك هەر توركمانی بووە !!

لەبەشێكی تری وەڵامەكانیدا دەفەرموێت: كەركوك بەدرێژایی مێژوو هەر تورك نشین بووە, ئەمەش تەزویركردنێكی ئاشكرای راستیەكانی مێژووە.

نازانین... خانم سون گول, چەند لەمێژوو شارەزایە؟ چەندیش شارەزایە لەمێژووی ناوچەكەو چۆنیش دەڕوانێتە مێژووی كوردو توركمان؟ بەڵام دەزانین ئەم خانمە بەرامبەر كوردو كوردستان هێندە رقاویە, رقە ئەستورەكەی وای لێكردووە باسێكی هەر بارێكی كورد, چ ئاوارەی كوردو چ شارەكانی كوردستانو چ مێژووی كوردەواریو چ مافی سیاسی نەتەوەی كورد, بكا, لە باسكردنی

دوو بۆچونی ناكۆكی سونگول لەسێ رۆژدا

- یەك كورد لەتەلەعفەردا نیە"

- یەك تیرۆریست لەتەلەعفەردا نییە"

- پۆلیسو ئەفسەر لەتەلەعفەردا هەموو كوردن"

- حزبە كوردیەكان ویستیان بارەگا بكەنەوە لەتەلەعفەردا , خەڵك نەیهێشت,

سونگول چاپوك

(الشرق الأوسط / العدد ٩٤٢٧ / الأحد – ٢٠٠٤/٩/١٩)

سەركەوت عەبدوڵڵا

سەدان كورد لەبەسرەو سەدان هەزار كورد لەناوەراستو خواروی عێراقدا هەبێ, بەڵام تاقە كوردێك, لەناو زیاتر لە (٢٠٠) هەزار هاووڵاتی لەتەلەعفەردا نەژی, كە تەلەعفەر دەكەوێتە لیوای موسڵو كێشەی كوردستانیش لەجەنگی یەكەمی جیهانیدا, بەكێشەی لیوای موسڵ ناوبانگی دەركردبوو.

مەعقولە ناحیەكانی تەلەعفەر زۆرینەی كوردبن, بەڵام شارەكە یەك كوردی تیا نەبێت! ناحیەی ئاڤەنگی (كە ناوە تەعریبەكەی عیاچیە)ە, دوای تەعریبیش, بەپێی ئامارێكی گشتی لە (٥٥٪) كوردن. ناحیەی زمار لە(٦٠٪)یان كوردن, ناحیەی (الحگنە) كە بەشی زۆریان هۆزی گەرگەرین لە (٧٠٪)یان كوردن. ئاخۆ ئیتر چۆن باوەڕ بكرێت, لەتەلەعفەردا یەك كورد نەبێت؟! تۆبڵێی هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان ئەم ناحیانەو دێهاتەكانو قەزای تەلەعفەردا نەبێت, هەتا تاقە كوردێك لەم شارەدا نەژیابێ؟

بۆ سەلماندنی ناڕاستیەو هەڵبەستنی ئەم قسانەش, با بگەڕێینەوە بۆ نوسەری بەناوبانگی توركیا (جەنگیز چاندار) كە هەم لەبەرپەرچدانەوەی ئاخاوتنەكانی وەزیری پاشان هاوپەیمانەكان چۆن عەمەلیاتێكی گەورەی عەسكەری لەگەورەترین قەزای عێراقدا ئەنجام دەدەن, ئەگەر زانیارییان لەسەر تیرۆریستەكان نەبێت؟ ئەم قسانەش هەر بەڵگەی ئەوەیە كە ئەم خانمە سەر لەكارەكە دەرناكاتو بەرقوكینە وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە. بۆئەوەی باشتر ئەم قسانەی بەتاڵ بكەینەوە, با بگەڕێینەوە بۆ قسەیەكی (جەنگیز چاندار, نوسەرو رۆژنامەنوسی بەناوبانگی توركیە لەسەر ئاستی جیهان) كە لەسەر رووداوكانی تەلەعفەر دەڵێ: (سەبارەت بەمەسەلەی تەلەعفەر لەرۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا هاتووە سەرچاوە سەربازییەكانی ئەمریكا دەڵێن ژمارەیەكی زۆر لەچەكدارە توندڕەوە سوننەكانو پاشماوەكانی بەعس خۆیان لەشارەكەدا مۆڵداوەو هەوڵدەدەن كۆنترۆڵی بكەن, ئامانجیش لەم كردەوەیە سەرلەنوێ گێڕانەوەی ئیشوكارەكانە بۆ سروشتی خۆی و تەسلیمكردنەوەی دەسەڵاتە بەهێزە شەرعییە حكومیەكان). (هەمان سەرچاوە)

پۆلیسو ئەفسەری كوردی تەلەعفەر !!!

سەبارەت بەخاڵی سێیەمیش كە دەفەرموێ" پۆلیسو ئەفسەر لەتەلەعفەردا هەموو كوردن. ئەم وەڵامە سەراپا ناراستە. چونكە زۆربەی دانیشتوانی تەلەعفەر كورد نین. هاوپەیمانانیش كە پۆلیسیان دامەزراند, هاوسەنگی نەتەوایەتییان لەدامەزراندنی پۆلیس لەشارەكەدا لەبەرچاوگرت, هەروەك چۆن لەكەركوك لەبەرچاویان گرت. ئەمە جگەلەوەی سەیرە, ئەم خانمە وادیارە نازانێ پێشتر چی وتووە, لەلایەكەوە دەڵێت یەك كورد لەتەلەعفەردا نییە, لەملاشەوە دەڵێت پۆلیسو ئەفسەرەكان هەموو كوردن, ئەمەیان چەندی بەچەند؟!!

رەتكردنەوەی كردنەوەی بارەگا

خاڵی چوارەم: دەڵێ" حزبە كوردیەكان ویستیان بارەگا لەتەلەعفەردا بكەنەوە, بۆیە فەرتەنەكە رویدا. ئەمەشیان دوورە لەراستیەوە, جارێ یەكێتیو پارتی هەر لەدوای روخاندنی رژێمەوە بارەگایان لەتەلەعفەردا هەیە. پاشان ئەگەر یەك كورد لەو شارەدا نییە, چۆن ئەم دوو حزبە كوردستانیە بارەگا لەشارەكەدا دادەمەزرێنن؟! ئەمە جگە لەوەی سەدان توركمانو عەرەبیش ئەندامی هەردوو حزبەكەن.

كوردانەدنی كەركوكی توركمان !!!

پێنجەمین خاڵیش" سەبارەت بەسیاسەتی كورد لەكەركوك دەدوێو ناخی خۆی ئاوا هەڵدەرێژێت, تەلەعفەر كورد نین. هاوپەیمانانیش كە پۆلیسیان دامەزراند, هاوسەنگی نەتەوایەتییان لەدامەزراندنی پۆلیس لەشارەكەدا لەبەرچاوگرت, هەروەك چۆن لەكەركوك لەبەرچاویان گرت. ئەمە جگەلەوەی سەیرە, ئەم خانمە وادیارە نازانێ پێشتر چی وتووە, لەلایەكەوە دەڵێت یەك كورد لەتەلەعفەردا نییە, لەملاشەوە دەڵێت پۆلیسو ئەفسەرەكان هەموو كوردن, ئەمەیان چەندی بەچەند؟!!

رەتكردنەوەی كردنەوەی بارەگا

خاڵی چوارەم: دەڵێ" حزبە كوردیەكان ویستیان بارەگا لەتەلەعفەردا بكەنەوە, بۆیە فەرتەنەكە رویدا. ئەمەشیان دوورە لەراستیەوە, جارێ یەكێتیو پارتی هەر لەدوای روخاندنی رژێمەوە بارەگایان لەتەلەعفەردا هەیە. پاشان ئەگەر یەك كورد لەو شارەدا نییە, چۆن ئەم دوو حزبە كوردستانیە بارەگا لەشارەكەدا دادەمەزرێنن؟! ئەمە جگە لەوەی سەدان توركمانو عەرەبیش ئەندامی هەردوو حزبەكەن.

كوردانەدنی كەركوكی توركمان !!!

پێنجەمین خاڵیش" سەبارەت بەسیاسەتی كورد لەكەركوك دەدوێو ناخی خۆی ئاوا هەڵدەرێژێت, گوایە: كورد لەكەركوك پەیڕەوی سیاسەتی بەعسی روخاوو دەكەن بۆ كوردانەدنی شارەكە. ئەم وەڵامە" حەقیقەتی ئەقڵیەتی خاتوو سون گول جابوك دەردەخات. ئیتر گومان نامێنێت كە ئەم خاتوونە بەمەرامو بەپێی نەخشەیەكی درایژراو قسەدەكاتو هەڵدەسورێت.

جارێ لەنێو رای گشتی كوردستاندا گەورەترین رەخنە كە لەمەسئولە كوردەكان دەگیرێ ئەوەیە, كە لەگەرماو گەرمی بێسەروبەری رۆژانی دوای رووخانی رژێم, بەشێكی باشی تەعریبیان دەرنەكردو ئەو هەلەیان لەكیس دا (هەندێكیشیان سەرقاڵی دەستكەوتە تایبەتیەكانیان بوون). ئەمە یەك, دووش" دەسەڵاتی هاوپەیمانان خۆیان لەكەركوكدا بالادەستنو خۆشیان دانیان پێدانا كە لەتێگەیشتنیان بۆ پێكهاتەی نەتەوەكانی كەركوكو تەعریب, هەڵەیان كردووەو رێگەیان نەداوە هاوردەكان دەربكرێن.

پاشان ئەم خانمە بۆچی گەرانەوەی كوردە ئاوارەكانی كەركوك بە(تەكرید) دەزانێت, بەڵام گەرانەوەی توركە ئاوارەكانی ئەو شارە بە (تەتریك) نازانێت؟! ئاخر بۆ كورد لەسەردەمی بەعسدا هەر دەربكرێتو بەقسەی خاتوو سون گوایش" دوای روخاندنی رژێمیش كورد نابێ بگەڕێتەوە زێدی باوو باپیری؟ بۆچی قەدەری كورد سەرەڕای سەدان هەزار شەهیدو قوربانی هەر دەربەدەركردنو ئاوارەیی بێ؟ بەڵام سون گولو هەڤاڵەكانی بەبێ ماندوبوونو قوربانی, بلیتی مەجلیسی حوكمو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكیان بۆ دەربچێت؟

ئەمەیە پاداشتی ئەوانەی قوربانییان داوەو ئاوارە بوون" هەر ئەمەشە پاداشتی ئەوانەی ماندوو نەبوونو لەبەرامبەر سیاسەتی فاشیستی رژێمدا, متەقیان لەخۆیان بڕیوەو دڵۆپێ ئارەقیان نەڕشتووە, یان بەعسی بوونو پەیوەندی تایبەتییان لەگەڵ مەسئولە درندەكانی رژێمدا هەبووە.

تەنها (٥٠٠) خێزانی دەركراوی كوردی كەركوك ! بۆ ئەوەی قسەكانیشی بۆ (كوردانەدنی) كەركوك بچێتە سەر, لەشەشەمین خاڵدا دەڵێ: رژێم تەنها (٥٠٠) خێزانی كوردی دەركردووە لەكەركوك.

لەم خانمە وایە نە سجلاتی تاپۆ هەیە" نە بەڵگەنامە دەستكەوتووە, نەخێزانە ئاوارەكان ماوون, نە ئەو هەموویاندا, ناتوانێ رقی كوێرانەی بەرامبەر كورد بشارێتەوە. تەنانەت كە رووداوكانی تەلەعفەریش دەگێڕێتەوە, دەیەوێ تیرۆریستەكان بێبەری بكاو كورد تاوانبار بكا. دەشپرسین:

ئەم خانمە كە باسی مێژوو دەكات, مەبەستی كام مێژووە, مێژووی پێش زایین, یان مێژووی دوای زایین, یان مێژووی نوێ؟!

ئەگەر باسی پێش زایین دەكات, بوونی نەژادی كورد لەزنجیرە چیای زاگرۆسەوە بۆ زنجیرە شاخی حەمرین, مێژونووسانی بێگانەو عەرەبو تەنانەت تاك تاك, هی توركیش نكۆڵی لێ ناكەن. ئاشكراشە كە نەژادی تورك ئەوكاتە, بەڵكو هەتا سەدەی حەوتو هەشتیش, لەهەموو ناوچەكەدا بونێكی شارستانیو سەنگی سیاسی ئەونێویان نەبووە, بەتایبەت لەكوردستاندا. كێشە لەناو ئیمپراتۆریەتی مادو ئاشووریو بابلیو ساسانیو حاخامانشینو فیرعەونیو فینیقیو ئارامیەكاندا هەبووە, بەڵام نەمانبیستووە لەو سەردەمە دێرینەدا كێشە لەنێوان ئیمپراتۆریەتێكی نەژادی توركو ئەو ئیمپراتۆرانەدا لەگۆشەیەكی مێژوودا هەبووبێ.

بۆ لاپەڕە١٥

كورد لەكەركوك پەیڕەوی سیاسەتی بەعسی روخاوو دەكەن بۆ كوردانەدنی شارەكە.

رۆژنامەی (الشرق الأوسط) ژمارە (٩٤٢٧) رۆژی (٩/١٩)

توركمانچێتی لێ هەڵبڕیوەو وەكو ژنەتوركمانێكی سەرسەخت, راستیەكانی شێواندووە. ناوەخنی چاوپێكەوتنەكەی قسەی زۆر هەڵدەگرێت هەتا ئەقڵیەتی ئەم خانمەو ئەوانەی وەكو ئەم بیردەكەنەوە, باش بخوێندرێتەوە" لێرەدا پوختەی وەڵامەكانی لێك دەدەینەوە, كە ئەمانەی خوارەوەن:

یەكەم: یەك كورد لەتەلەعفەردا نیە"

دووەم: یەك تیرۆریست لەتەلەعفەردا نییە"

سێیەم: پۆلیسو ئەفسەر لەتەلەعفەردا هەموو كوردن"

چوارەم: حزبە كوردیەكان ویستیان بارەگا بكەنەوە لەتەلەعفەردا, خەڵك نەیهێشت,

پێنجەم: كوردەكان لەكەركوك دا هەمان سیاسەتی بەعس پەیڕەو دەكەن, بۆ كوردانەدنی شارەكە"

شەشەم: رژێم تەنها (٥٠٠) پێنج سەد خێزانی كوردی لەكەركوك دەركردووە"

حەوتم: كەركوك" وەكو مێژوو توركمانی بووە"

تەلەعفەری بێكورد !

سەبارەت بەوەی كە سون گوتویەتی یەك كورد لەتەلەعفەردا نییە, مایەی سەرسوڕمانە. مەعقولە دەرەوەی توركیا سەبارەت بەرووداوەكەی تەلەعفەرو سیاسەتی دژە تیرۆری ئەمریكا لەشارەكەداو هەم بۆ بەدرۆخستنەوەی هەندێ لەرۆژنامە توركیەكانو بەرپرسانی بەرەی توركمانی لەئەنقەرە, ئەم نوسەرە بەویژدانەوە دەڵێ: (ئەوەی رویدا وانەبوو وەك هەندێ لەرۆژنامە توركییەكانو بەرپرسەكانی بەرەی توركمانی لەئەنقەرە باسیان لێوەدەكرد كە گوایە "ئامانج لەم كردەوە سەربازیە دەركردنی توركمانەكانە لەناوچەو شارەكەو نیشتەجێكردنی خەڵكی ترە لەجێگەیان" ئەم قسەوباسو پروپاگەندانە لەناواخنەكەیدا سیاسەتی دژ بەئەمریكایی هەڵگرتووە). (كوردستانی نوێ _ ژ ٣٤٧٩ /ی رۆژی چوار شەممە _ ٢٠٠٤/٩/٢٢)

تەلەعفەری بێ تیرۆریست !!

سەبارەت بەخاڵی دووەم" كە دەڵێت یەك تیرۆریست لەتەلەعفەردا نییە, دەپرسین" خاتوو سون چوزانێ كە یەك تیرۆریستی تیا نییە؟ وەزیری ناوخۆیە؟ بەرێوەبەری ئیستیخباراتو موخابەراتە؟ یان.. پەیوەندی هەیە بەتیرۆریستەكانەوە, تاكو بزانێت تیرۆریستەكان لەكوێنو لەكوێ نین؟!

هەمووان عێراقین, عەرەب بن یان كورد یان توركمان, دەوڵەتانی دراوسێیشی وریاكردۆتەوە, هیچ كێشەیەكی ئاساییش نەقۆزنەوە بۆ درزتێخستنی یەكێتی نیشتمانی عێراقو بەكارهێنانی دژی گەلی عێراق.

رۆژنامەی (الشرق الأوسط) ژمارە (٩٤٣٠) رۆژی (٩/٢٢)

بۆچی لەرۆژهەڵاتەوە؟ لەم دونیا گەورەیەی کە بەهۆی پەیوەندیە تونوتۆڵو خێراو ئاسانەکانی تەکنەلۆژیاوە بەدێ ناوزەد دەکرێتو تێیدا گلۆبالیزەیشن توانیویەتی زۆرترین بڕی خەونەکانی مرۆڤ بکاتە واقیعو حاڵ، لەم نێوەندەشدا بێگومان کورد پێویستی بەوە دەبێت لەمپەڕی رۆژهەڵاتەوە تاکو ئەوپەڕی رۆژئاوا ئاگاداری هەلومەرجو گۆڕانکاریەکانی ئەم دێیە بێت. لەهەموو ژمارەیەکی (چاودێر)دا ستونێك بەناوی (لەرۆژهەڵاتەوە) دەبێتە دەربڕی بیرو بۆچوونە جیاوازە کان لەنێو روناکبیرو نوسەرانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەرەوتی گۆڕانکاریو کاروباری بزاوتو دەستە جیاوازەکانی رۆژهەڵات.

گرنگە وەلامی ئەو پرسیارەی سەرەوە پێشوەخت بدرێتەوە بەخوێنەران، ئاشکرایە ئەو گۆڕانکاریە مێژوویو سیاسیە گەورانەی کە لەکوردستانی باشوردا رووياندا، کاریگەری گەورەی لەسەر بزاوتی روناکبیریو سیاسی رۆژهەڵاتیش دانا، بۆ ئەم مەبەستەو بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەبواری راوبۆچونە سیاسیەکاندا دەتوانرێت ئاماژە بەئەو گۆڕانکاریە بنەرەتیانە بدرێت کە لەنێو روانینی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتداو رەنگدانەوەی لەبۆچوونەکانیاندا دەردەکەوێت، هەر لەشێوەی تێروانین بۆ هەلومەرجەکانی کوردستانو ناوچەکەو شێوەکانی خەباتکردنیان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیو کۆمەلایەتیو سیاسیەکانی خۆیان، تادەگاتە ئەو گۆڕانکاریە ریشەییانەی کە لەنێو بزاوتە روناکبیریە جیاوازەکانی کوردستانی رۆژهەڵات چ لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامیداو چ لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا بەرچاودەکەون، بۆ نمونە هێنانەکایەی کۆمەلێك دامەزراوەی ناحکومی (NGO) وەك ریکخراوە خوێندکاریو ریکخراوەکانی ژنانو ئینستیتیۆی کولتووریو فەرهەنگی بۆ لێکۆڵینەوەی کولتووری کوردی لەسنوری شارە کوردنشینەکانی ئێرانو دەرچواندنی بڕێکی زۆرو بەرچاو لەگۆڤارو بڵاوکراوەی وەرزیو هەفتەنامەو گاهنامەو نامیلکەی مێژوویی و سیاسی تایبەت بەکوردستان، هەروەها هەوڵدانی جدی لاوانو خوێندکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترینو باشترین بڕی بڕوانامەی ئەکادیمی لەزانکۆکانی ئێران، لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو مومارەسەکردنو بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر بەسەر کولتووری ئێراندا زاڵبووە، خۆشبەختانە گەنجی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵاتدا توانیویەتی بەباشیو بەئاگاییەکی تەواوەوە مامەڵە لەتەك ئەم کێشە گەورەیەی کۆمەڵگاکەیاندا بکەنو لەبەرامبەردا لەهەوڵی سەرخستنی پرۆسەی کرانەوەو جێگیرکردنی چەمکەکانی کۆمەڵی مەدەنیو دیموکراسیدا بن، سەرەڕای بالادەستبوونی کولتووری ئایەتووڵا لەئێراندا.

لێرەوە دەکرێت بوترێت گۆشەی (لەرۆژهەڵاتەوە) میمبەرێکی تەواو ئازاد دەبێت بۆ سەرجەم چینو توێژە جیاجیاکانی کورستانی رۆژهەڵات، بۆ گەیاندنی راوبۆچوونە جیاوازەکانو دروستکردنی کۆدەنگیەکی هاوبەشو تارادەیەك یەکانگیر لەسەر مەسەلە بنەرەتیەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان.

هەتوانن بابەتەکانتان لەرێگەی ئیمەیلەکانی (چاودێر)ەوە رەوانە بکەن.

کوردو وەرنەگرتنی تورکیا لەبازاڕی ئۆروپای هاوبەش

ئازاد عەلی

توركيا، دەمێكە لەهەوڵدايە لە ئۆروپای هاوبەشدا، وەربگیرێ. بەڵام هەتا ئێستا، هەموو هەوڵەکانی بێهودە بوون. لەساڵی (١٩٥٩)وە، تورکیا بورنامەی وەرگرتنی لە ئۆروپای یەکگرتوودا هەیە. (١٩٦٣) سووکە رێکەوتنامەیەك لەنێوان ئۆروپاو تورکیا مۆرکرا. بەڵام دوای (٤١) ساڵ تورکیا نەبۆتە ئەندامێکی خێزانی ئۆروپای یەکگرتوو. ئەمە لەکاتێکدا، لەمانگی (٥)ی ئەمساڵدا، (١٠) وڵاتی ئۆروپای رۆژهەڵات، ئەو وڵاتانەی جاران تورکیا لەگەڵ رۆژئاوادا، دژایەتی ئەکردن، ئێستا ئۆروپای یەکگرتوو قبوڵیان دەکا، بەڵام تورکیا وەرناگرن. بەتایبەتی، ئەم ساڵ، قوبرسی یۆنانی نشینیش لەیەکێتی ئۆروپا وەرگیرا، تورکیاو تورکە قوبرس نشینەکانیش، هەر داخوازی پێشکەش دەکەنو قبوڵ ناکرێن. هۆی ئەمە چیيە؟ لەکاتێکدا تورکیا، ئەوەتەی عوسمانیەکان روخاوون، هەمیشە لەگەڵ رۆژئاوادا بووە. بەردەوامیش پایەگایەکی گرنگی پەیمانی ناتۆ لەبەرامبەر پەیمانی وارشۆی جاراندا، راوەستابوو. هەتائێستاش، ئەم دەوڵەتە، سەرەڕای ئەوەی حیزبێکی میانەڕەوی ئیسلامی حوکمڕانێتی، هەر خۆی بەهاوپێناوی رۆژئاواو ئەمریکای دیموکراسیو عەلمانی دەزانێ. ئەگەر بەرێسای جیهانی سیاسەتی رۆژگاریش، سەیری سیاسەتەکانی تورکیا بەرامبەر رۆژئاوا بکەین، لەرۆژهەڵاتدا، لەم دەوڵەتە دڵسۆزتر بۆ رۆژئاوا، مەگەر تەنها ئیسرائیل بێ. کەواتە: بۆچی رۆژئاوا بۆ وەرگرتنی تورکیا، لەئۆروپای هاوبەشدا، نەرمی نانوێنن؟ چ نهێنیەك لەدوای ئەم رەقیەی رۆژئاوایەو چ هاندەرێکیش وا لەتورکیا دکا دەست لەداخوازی وەرگرتنی لەئۆروپای هاوبەشدا، هەڵنەگرێ. پێمان وایە، ئەم خاڵانە بەشێکن لەهۆیەکان.

یەکەم: تورکیا، هاوپەیمانی ئەمریکایە. ئەمڕۆش ئەمریکا، لەبەرامبەر ئۆروپادا، جیاوازی بەرژەوەندی فراوان کەوتۆتە نێوانیان. هەڵبەتە ئەم خاڵە، لەهاوکێشەی سیاسی رۆژئاواو ئەمریکا بۆ باشتر دابینکردنی بەرژەوەندیەکانیان، بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتدا، کاریگەری هەیە.

دووەم: تورکیا، بەوەرگرتنی لەبازاڕی هاوبەشی ئۆروپادا، قازانجێکی ستراتیژی گەورە ناگەیەنێتە وڵاتانی رۆژئاوا، بەڵکو قازانجیان لێدەکا. بەڵام ئەم قازانج کردنەی تورکیا لەرۆژئاوا، کێشەکەی لەوەدایە کە زیانی بۆ رۆژئاوا هەیە. زیانەکەش، هەم لەسەر ئاستی نزیكو هەم لەسەر ئاستی دوورە.

لەسەر ئاستی نزیك" هەندێك لەوڵاتانی عەرەبیو هەندێکیش لەوڵاتانی ئیسلامی دەڕەنجێنێ. چونکە تورکیا، وەنەبێ تەنها دۆستی ئەمریکا بێ، لەوەش زیاترو هەستیارتر، دۆستایەتی تورکیاو ئیسرائیلە. ئەم دۆستایەتیە سەبارەت بەعەرەبو دەوڵتانی ئیسلامی، مایەی نیگەرانیەکی قوڵە. بەتایبەتی لەناو رای گشتی عەرەبو هێزە ئیسلامگەراکاندا.

لەسەر ئاستی دووریش" بێگومان رۆژئاوا، بەوردی بارودۆخی رۆژهەڵاتو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەوڵاتانو لەناو میللەتانی رۆژهەڵاتدا جۆش دەخۆن، دەرك پێکردووە. ئایندەکەشی خوێندۆتەوە. دەشزانێ، رۆژهەڵاتیش وەکو رۆژهەڵاتی رۆژئاوا، پەنەماوە بە وەرچەرخانی گەورە. ئەگەر ئەم وەرچەرخانە دوور یان نزیکیش رووبدا، بێگومان چەندین دەوڵەتی رۆژهەڵات، کە لەسەر حسابی چەندین میللەتی گەورە، کراونەتە دەوڵەتی مەرکەزی (سەنترالی) ئەم دەوڵەتانە، هەندێکیان وەکو چیکۆسلۆفاکیا بەئارامی لەبەریەك دەترازێنو هەشیانە، وەکو یوگوسلافیا، بەشەروشۆڕ هەڵدەوەشێن. هەنگینێ، مەیدانەکانی بەرژەوەندی لەرۆژهەڵاتدا، کەنالو لۆکاڵی زۆری لێدەکەوێتەوە. ئۆروپای رۆژئاواش، خۆی بۆ ئەو ئەگەرە ئامادە دەکا. دەشیەوێ بۆ ئەو ئەگەرە سیاسیيە، پایەی سیاسی خۆی، خۆشناوتر بکا.

سێیەم: لەم هاوکێشە سیاسییەو لەناو ئەم ئەگەرانەی گۆڕانکاریەکاندا، ئۆروپا، باش باش دەزانێ کوردستان لەرۆژهەڵاتدا، چ هەڵگەوتەیەکی ژیوپۆلیتیکی کاریگەری لەسەر رووداوەکان هەیە. دەشزانێ لەئایندەدا، کوردستانو سامانەکەی، کوردستانو داهاتەکەی، کوردستانو نەتەوەکەی، کوردستانو ئامادەییيە کۆمەلایەتیکەی، چ رۆڵێکیان لەدیاریکردنی چارەنوسی ریزبەندیە سیاسیەکاندا دەبێ. بۆیە، رۆژئاوا، دڵیان بەوە ئاوناخواتەوە تورکیا خاتوو لەیلازاناو هاوەڵەکانی ئازاد بکەن" یاوەکو نیوسەعات بواری رەسمی زمانی کوردی لەتەلەفزیۆندا بدەن، بەڵکو، زۆر لەوەزیاتریان بۆ تورکیاو کوردستانی تورکیا مەبەستە. بۆیە، جارێ، ئۆروپای رۆژئاوا، نەرمی بۆ وەرگرتنی تورکیا، لەریزی خۆیاندا، نانوێنن.

سونگول جابوك" ژنە سیاسەتمەداری تازەی تورکمان، دوای ئەوەی بلیتی ئەندامی مەجلیسی حوکمی بۆ دەرچوو، پەیتا پەیتا خەریکی چاوپێکەوتنی جۆراوجۆرە، لەهەموو چاوپێکەوتنێکیشدا، مەخابن، رەچاوی ئەوە ناکات کە چیکە ژنێکی ئاسایی نیەو ناشزانێ لەدونیای مەسئولیەتی سیاسەتدا، قسەکردن ماڵە لەسەر قسەکەر" ئەمەش لایەنی کەمی تێگەیشتنی مەسئولە لەمەسئولیەت.

ئەم خانمە، کە لەبەر هەستیاری پێکهاتەی نەتەوەیيو مەزهەبی، هەروەها لەبەرخاتری رازیکردنی تورکیاو بەرەی تورکمانی، بۆ مەجلیسی حوکم بەرزکرایەوە " لەو دەورانەدا قسەکانی بەشێوەیەکی گشتی پێچەوانەی سیاسەتی مەجلیسی حوکم دەکرد. سەرجەم بۆچوونەکانیشی بۆ رازیکردنی جەماوەری بەرەی تورکمان بوو. بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی قسەکانی لەلایەن دژەکانی دیموکراسیو پێکەوەژیانی ئازادانەی عێراقو کەرکوك، دەقۆزرێتەوە.

دوای ئەوەی بەهەڵە بڕیاردراوە (١٩) ئەندامەکەی مەجلیسی حوکم، ئۆتۆماتیك ببنە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق. خاتوو سون، بەهەمان بلیتی مەجلیسی حوکم کرایە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیش. وا دیارە ئەم خانمە نە کاتی خۆی لەگرنگی مەجلیسی حوکم تێگەیشتبوو، نەئێستاش لەگرنگی ئەنجومەنی نیشتمانی وردبۆتەوە، بۆیە بەهەمان ئەقڵیەتی جاران، لەدەزگایەکی یاسا رێژیشدا، وەڵامی رۆژنامەنوسەکان دەداتەوە.

لەژمارە (٩٤٢٧/ رۆژی یەك شەممە _ ٢٠٠٤/٩/١٩)ی رۆژنامەی (الشرق الاوسگ)دا، چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، وەڵامی (١٤) پرسیاری (معد فیاچ)ی رۆژنامەنوس دەداتەوە. سەرجەم پرسیارەکان لەسەر کوردو تورکمانو تیرۆریستەکانو دۆخی شاری تەلەعفەرە، کە بەداخەوە لەدوو هەفتەی رابردوودا ، ئەم شارە کرایە شانۆی ئاژاوەیەکی گەورە.

خاتوو سون، لەم چاوپێکەوتنەیدا تەواو پێی

- یەك کورد لەتەلەعفەردا نیە"

- یەك تیرۆریست لەتەلەعفەردا نییە"

- پۆلیسو ئەفسەر لەتەلەعفەردا هەموو کوردن"

- حزبە کوردیەکان ویستیان بارەگا بکەنەوە لەتەلەعفەردا، خەڵك نەیهێشت،

سونگول چاپوك

(الشرق الأوسط / العدد ٩٤٢٧ / الأحد – ٢٠٠٤/٩/١٩)

سەرکەوت عەبدوڵڵا

دوو بۆچونی ناکۆکی سونگول لەسێ رۆژدا

کورد لەکەرکوك پەیڕەوی سیاسەتی بەعسی روخاوو دەکەن بۆ کوردراندنی شارەکە

رۆژنامەی (الشرق الأوسط) ژمارە (٩٤٢٧) رۆژی (٩/١٩)

تورکمانچێتی لێ هەڵبڕیوەو وەکو ژنەتورکمانێکی سەرسەخت، راستیەکانی شێواندووە. ناوەخنی چاوپێکەوتنەکەی قسەی زۆر هەڵدەگرێت هەتا ئەقڵیەتی ئەم خانمەو ئەوانەی وەکو ئەم بیردەکەنەوە، باش بخوێندرێتەوە" لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی لێك دەدەینەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: یەك کورد لەتەلەعفەردا نیە"

دووەم: یەك تیرۆریست لەتەلەعفەردا نییە"

سێیەم: پۆلیسو ئەفسەر لەتەلەعفەردا هەموو کوردن"

چوارەم: حزبە کوردیەکان ویستیان بارەگا بکەنەوە لەتەلەعفەردا، خەڵك نەیهێشت،

پێنجەم: کوردەکان لەکەرکوك دا هەمان سیاسەتی بەعس پەیڕەو دەکەن، بۆ کوردراندنی شارەکە"

شەشەم: رژێم تەنها (٥٠٠) پێنج سەد خێزانی کوردی لەکەرکوك دەرکردووە"

حەوتم: کەرکوك" وەکو مێژوو تورکمانی بووە"

تەلەعفەری بێ کورد !

سەبارەت بەوەی کە سون گوتویەتی یەك کورد لەتەلەعفەردا نییە، مایەی سەرسوڕمانە. مەعقولە سەدان کورد لەبەسرەو سەدان هەزار کورد لەناوەراستو خواروی عێراقدا هەبێ، بەڵام تاقە کوردێك، لەناو زیاتر لە (٢٠٠) هەزار هاووڵاتی لەتەلەعفەردا نەژی، کە تەلەعفەر دەکەوێتە لیوای موسڵو کێشەی کوردستانیش لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەکێشەی لیوای موسڵ ناوبانگی دەرکردبوو.

مەعقولە ناحیەکانی تەلەعفەر زۆرینەی کوردبن، بەڵام شارەکە یەك کوردی تیا نەبێت! ناحیەی ئا ڤەنگی (کە ناوە تەعریبەکەی عیاچیە)ە، دوای تەعریبیش، بەپێی ئامارێکی گشتی لە (٥٥٪) کوردن. ناحیەی زمار لە(٦٠٪)یان کوردن، ناحیەی (الحگنە) کە بەشی زۆریان هۆزی گەرگەرین لە (٧٠٪)یان کوردن. ئاخۆ ئیتر چۆن باوەڕ بکرێت، لەتەلەعفەردا یەك کورد نەبێت؟! تۆبڵێی هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان ئەم ناحیانەو دێهاتەکانو قەزای تەلەعفەردا نەبێت، هەتا تاقە کوردێك لەم شارەدا نەژیابێ؟

بۆ سەلماندنی ناڕاستیيو هەڵبەستنی ئەم قسانەش، با بگەڕێینەوە بۆ نوسەری بەناوبانگی تورکیا (جەنگیز چاندار) کە هەم لەبەرپەرچدانەوەی ئاخاوتنەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا سەبارەت بەرودواوەکەی تەلەعفەرو سیاسەتی دژە تیرۆری ئەمریکا لەشارەکەداو هەم بۆ بەدرۆخستنەوەی هەندێ لەرۆژنامە تورکیەکانو بەرپرسانی بەرەی تورکمانی لەئەنقەرە، ئەم نوسەرە بەویژدانەوە دەڵێ: (ئەوەی رووید وانەبوو وەك هەندێ لەرۆژنامە تورکییەکانو بەرپرسەکانی بەرەی تورکمانی لەئەنقەرە باسیان لێوەدەکرد کە گوایە "ئامانج لەم کردەوە سەربازیە دەکرکردنی تورکمانەکانە لەناوچەو شارەکەو نیشتەجێکردنی خەڵکی ترە لەجێگەیان" ئەم قسەوباسو پروپاگەندانە لەناواخنەکەیدا سیاسەتی دژ بەئەمریکایی هەڵگرتووە). (کوردستانی نوێ _ ژ ٣٤٧٩ /ی رۆژی چوار شەممە _ ٢٠٠٤/٩/٢٢)

تەلەعفەری بێ تیرۆریست !!

سەبارەت بەخاڵی دووەم" کە دەڵێت یەك تیرۆریست لەتەلەعفەردا نییە، دەپرسین" خاتوو سون چوزانێ کە یەك تیرۆریستی تیا نییە؟ وەزیری ناوخۆیە؟ بەرێوەبەری ئیستیخباراتو موخابەراتە؟ یان.. پەیوەندی هەیە بەتیرۆریستەکانەوە، تاکو بزانێت تیرۆریستەکان لەکوێنو لەکوێ نین؟!

پاشان هاوپەیمانەکان چۆن عەمەلیاتێکی گەورەی عەسکەری لەگەورەترین قەزای عێراقدا ئەنجام دەدەن، ئەگەر زانیارییان لەسەر تیرۆریستەکان نەبێت؟ ئەم قسانەش هەر بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم خانمە سەر لەکارەکە دەرناکاتو بەرقوکینە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. بۆئەوەی باشتر ئەم قسانەی بەتاڵ بکەینەوە، با بگەڕێینەوە بۆ قسەیەکی (جەنگیز چاندار، نوسەرو رۆژنامەنوسی بەناوبانگی تورکیە لەسەر ئاستی جیهان) کە لەسەر روداوەکانی تەلەعفەر دەڵێ: (سەبارەت بەمەسەلەی تەلەعفەر لەرۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا هاتووە سەرچاوە سەربازییەکانی ئەمریکا دەڵێن ژمارەیەکی زۆر لەچەکدارە توندڕەوە سوننەکانو پاشماوەکانی بەعس خۆیان لەشارەکەدا مۆڵداوەو هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی بکەن، ئامانجیش لەم کردەوەیە سەرلەنوێ گێڕانەوەی ئیشوکارەکانە بۆ سروشتی خۆی و تەسلیمکردنەوەی دەسەڵاتە بەهێزە شەرعییە حکومیەکان). (هەمان سەرچاوە)

پۆلیسو ئەفسەری کوردی تەلەعفەر !!!

سەبارەت بەخاڵی سێیەمیش کە دەفەرموێ" پۆلیسو ئەفسەر لەتەلەعفەردا هەموو کوردن. ئەم وەڵامە سەراپا ناراستە. چونکە زۆربەی دانیشتوانی تەلەعفەر کورد نین. هاوپەیمانانیش کە پۆلیسیان دامەزراند، هاوسەنگی نەتەوایەتییان لەدامەزراندنی پۆلیس لەشارەکەدا لەبەرچاوگرت، هەروەك چۆن لەکەرکوك لەبەرچاویان گرت. ئەمە جگەلەوەی سەیرە، ئەم خانمە وادیارە نازانێ پێشتر چی وتووە، لەلایەکەوە دەڵێت یەك کورد لەتەلەعفەردا نییە، لەملاشەوە دەڵێت پۆلیسو ئەفسەرەکان هەموو کوردن، ئەمەیان چەندی بەچەند؟!!

رەتکردنەوەی کردنەوەی بارەگا

خاڵی چوارەم: دەڵێ" حزبە کوردیەکان ویستیان بارەگا لەتەلەعفەردا بکەنەوە، بۆیە فەرتەنەکە رویید. ئەمەشیان دوورە لەراستیەوە، جارێ یەکێتیو پارتی هەر لەدوای روخاندنی رژێمەوە بارەگایان لەتەلەعفەردا هەیە. پاشان ئەگەر یەك کورد لەو شارەدا نییە، چۆن ئەم دوو حزبە کوردستانیە بارەگا لەشارەکەدا دادەمەزرێنن؟! ئەمە جگە لەوەی سەدان تورکمانو عەرەبیش ئەندامی هەردوو حزبەکەن.

کوردراندنی کەرکوکی تورکمان !!!

پێنجەمین خاڵیش" سەبارەت بەسیاسەتی کورد لەکەرکوك دەدوێو ناخی خۆی ئاوا هەڵدەرێژێت، گوایە: کورد لەکەرکوك پەیڕەوی سیاسەتی بەعسی روخاوو دەکەن بۆ کوردراندنی شارەکە. ئەم وەڵامە" حەقیقەتی ئەقڵیەتی خاتوو سون گول جابوك دەردەخات. ئیتر گومان نامێنێت کە ئەم خاتوونە بەمەرامو بەپێی نەخشەیەکی درایژراو قسەدەکاتو هەڵدەسورێت.

جارێ لەنێو رای گشتی کوردستاندا گەورەترین رەخنە کە لەمەسئولە کوردەکان دەگیرێ ئەوەیە، کە لەگەرماو گەرمی بێسەروبەری رۆژانی دوای رووخانی رژێم، بەشێکی باشی تەعریبیان دەرنەکردو ئەو هەلەیان لەکیس دا (هەندێکیشیان سەرقاڵی دەستکەوتە تایبەتیەکانیان بوون). ئەمە یەك، دووش" دەسەلاتی هاوپەیمانان خۆیان لەکەرکوکدا بالادەستنو خۆشیان دانیان پێدانا کە لەتێگەیشتنیان بۆ پێکهاتەی نەتەوەکانی کەرکوکو تەعریب، هەڵەیان کردووەو رێگەیان نەداوە هاوردەکان دەربکرێن.

پاشان ئەم خانمە بۆچی گەرانەوەی کوردە ئاوارەکانی کەرکوك بە(تەکرید) دەزانێت، بەڵام گەرانەوەی تورکە ئاوارەکانی ئەو شارە بە (تەتریك) نازانێت؟! ئاخر بۆ کورد لەسەردەمی بەعسدا هەر دەربکرێتو بەقسەی خاتوو سون گوليش" دوای روخاندنی رژێمیش کورد نابێ بگەڕێتەوە زێدی باوو باپیری؟ بۆچی قەدەری کورد سەرەڕای سەدان هەزار شەهیدو قوربانی هەر دەربەدەرکردنو ئاوارەیی بێ؟ بەڵام سون گولو هەڤاڵەکانی بەبێ ماندوبوونو قوربانی، بلیتی مەجلیسی حوکمو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیان بۆ دەربچێت؟

ئەمەیە پاداشتی ئەوانەی قوربانییان داوەو ئاوارە بوون" هەر ئەمەشە پاداشتی ئەوانەی ماندوو نەبوونو لەبەرامبەر سیاسەتی فاشیستی رژێمدا، متەقیان لەخۆیان بڕیوەو دڵۆپێ ئارەقیان نەڕشتووە، یان بەعسی بوونو پەیوەندی تایبەتییان لەگەڵ مەسئولە درندەکانی رژێمدا هەبووە.

تەنها (٥٠٠) خێزانی دەرکراوی کوردی کەرکوك ! بۆ ئەوەی قسەکانیشی بۆ (کوردراندنی) کەرکوك بچێتە سەر، لەشەشەمین خاڵدا دەڵێ: رژێم تەنها (٥٠٠) خێزانی کوردی دەرکردووە لەکەرکوك. لەم خانمە وایە نە سجلاتی تاپۆ هەیە" نە بەڵگەنامە دەستکەوتووە، نەخێزانە ئاوارەکان ماوون، نە ئەو خێزانانەی لە نیو سەدەی رابردوودا، دەریشکراون زاوزێیان کردووە، هەموویان حەبی مەنعیان خواردووە !

ئەگەر ئەم خانمە ئاماری باوەڕپێکراوی لایە، کە تەنها (٥٠٠) خێزانی کورد لەکەرکوك دەرکراون، بابفەرموێ ئامارەکە بخاتەروو، هەتا باوەڕی پێبکرێت، ئەگەر لاشی نییە، باچیتر ئامارو ژمارە لەقسەکانیدا بەکارنەهێنێت. چونکە کورد لەنیو سەدەی رابردوودا، بەپێی پیلان تەهجیرو تەعریب دەکرێت، رێکخراوی (هومان رایتس ووچ)یش لەدوا راپۆرتی خۆیدا مانگی رابوردوو بڵاویکردەوە، کە لە سیەکانەوە کورد سیاسەتی رەگەزپەرستی تەعریبی بەرامبەر بەکاردێت. ئەم خانمە ئاماری (٥٠٠) خێزانی نازانین لەکوێوە هێناوە، ئەگەر هەر بە ئەقڵو تخمین پرۆسەی رەگەزپەرستی تەعریب لێکبدەینەوە، لەسێ چارەکە سەدەی رابوردوودا، هەر ساڵێك (٤٠٠) خێزانی کورد لەکەرکوك تەهجیرکرابن، دەکا (٣٠,٠٠٠) خێزان. تێکرای ئەندامانی خێزانەکانیش (٥) کەس بن، سەرجەم دەگاتە (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار کوردی کلۆڵی دەربەدەرکراو، کە زۆر ئاساییە لای سون گول خانم، ژمارەی ئەم (١٥٠,٠٠٠) کوردە، کەم بکاتەوەو پێشی ناخۆش بێت بگەڕێنەوە شارەکەیان. ئاخر بۆ، بەچ حەقێك ئەم ژنە نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێتو رقی لەنەتەوەی کوردە؟!

کەرکوك هەر تورکمانی بووە !!

لەبەشێکی تری وەڵامەکانیدا دەفەرموێت: کەرکوك بەدرێژایی مێژوو هەر تورك نشین بووە، ئەمەش تەزویرکردنێکی ئاشکرای راستیەکانی مێژووە.

نازانین... خانم سون گول، چەند لەمێژوو شارەزایە؟ چەندیش شارەزایە لەمێژووی ناوچەکەو چۆنیش دەڕوانێتە مێژووی کوردو تورکمان؟ بەڵام دەزانین ئەم خانمە بەرامبەر کوردو کوردستان هێندە رقاویە، رقە ئەستورەکەی وای لێکردووە باسێکی هەر بارێکی کورد، چ ئاوارەی کوردو چ شارەکانی کوردستانو چ مێژووی کوردەواریو چ مافی سیاسی نەتەوەی کورد، بکا، لە باسکردنی هەموویاندا، ناتوانێ رقی کوێرانەی بەرامبەر کورد بشارێتەوە. تەنانەت کە رووداوەکانی تەلەعفەریش دەگێڕێتەوە، دەیەوێ تیرۆریستەکان بێبەری بکاو کورد تاوانبار بکا. دەشپرسین:

ئەم خانمە کە باسی مێژوو دەکات، مەبەستی کام مێژووە، مێژووی پێش زایین، یان مێژووی دوای زایین، یان مێژووی نوێ؟!

ئەگەر باسی پێش زایین دەکات، بوونی نەژادی کورد لەزنجیرە چیای زاگرۆسەوە بۆ زنجیرە شاخی حەمرین، مێژونووسانی بێگانەو عەرەبو تەنانەت تاك تاك، هی تورکیش نکۆڵی لێ ناکەن. ئاشکراشە کە نەژادی تورك ئەوکاتە، بەڵکو هەتا سەدەی حەوتو هەشتیش، لەهەموو ناوچەکەدا بونێکی شارستانیو سەنگی سیاسی ئەونۆیان نەبووە، بەتایبەت لەکوردستاندا. کێشە لەناو ئیمپراتۆریەتی مادو ئاشوورییو بابلیو ساسانیو حاخامانشینیو فیرعەونیو فینیقیو ئارامیەکاندا هەبووە، بەڵام نەمانبیستووە لەو سەردەمە دێرینەدا کێشە لەنێوان ئیمپراتۆریەتێکی نەژادی تورکو ئەو ئیمپراتۆرانەدا لەگۆشەیەکی مێژوودا هەبووبێ.

بۆ لاپەڕە (١٥)

رۆتین بۆ بەردەوامە؟

بەدواداچوونی رەنج قەرەداغی

دیارە پرۆسەی چاکسازیو پاکسازی لەکارە گرنگو پڕ بایەخەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی مەڤاڵ مام جەلالو تاڕادەیەك کاروباری دەزگاو دامەزراوەکانی بەئاراستەیەکی باشدا بردووە، بەڵام هەندێك گەندەڵیو مانەوەی رۆتین وەك خۆی لەمامەڵەی هاوڵاتیاندا بەتایبەت لە دامو دەزگا حکومییەکان ئالیەتی دیکەو بەرنامەڕێژی وردتری گەرەکە، ئێمە هۆکارێکی بەردەوامی رۆتین دەخەینە ڕوو ڕێگەچارەش بەلایەنی بەرپرس دەسپێرین.

هەر رۆژەی بەبیانوی شتێك دوام دەخەن

من هیچ هەست بەکەم کردنەوەی رۆتین ناکەم چونکە ماوەیەکی زۆرە لەکارو کاسپی بووموو سەرقاڵی بەڕێکردنی مامەڵەیەکم رۆژێك نازانم بۆ کارەکەم دەخەنە رۆژی دواتر بەهاتوچۆی ئەم ژورو ئەو ژور بێزارم دەکەنو رۆژێك بۆ کەشف دوام دەخەنو رۆژێکی کەو رۆژێکی کەو رۆژێکی کە هەر رۆژەی بەبیانوی شتێك. ئەمە قسەی هاوڵاتیەکە کە بەمامەڵەیەکەوە سەرقاڵ بوو لەوەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار.

فەرمانبەر هەروەك جاران مامەڵە دەکاتو ئەگەر ئارەزووی نەبێت هەر وەڵامیش ناداتەوە..

هاوڵاتیەکی دیکە کەلەسەرۆکایەتی شارەوانی سکاڵای خۆی کرد وتی: لەوانەیە گەندەڵی ئیداری تاڕادەیەك چارەسەر کرابێت، بەڵام پێم وانییە هیچ کارێکی لەکەم کردنەوەی رۆتین کردبێت، فەرمانبەر هەروەك جاران مامەڵە دەکاتو ئەگەر ئارەزووی نەبێت هەر وەڵامیش ناداتەوە، خۆ ئەگەر ئەڵێن رۆتین کەم کراوەتەوە من دیسان دەڵێم وانیە من ئەوساو ئێستاش مامەڵەکەم چەند رۆژێکی زیاد لە پێویستی پێچووە.

لەبەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتو مانەوە، بەچەند سەعاتێك کارەکەم تەواو بوو..

من زیاتر لەیەك مانگە پێویستم بەدەرهێنانی ڕەگەزنامەی عێراقیە بەڕاستی نەموێراوە دەستی پێ بکەمو مامەڵەکەم دواکەوتووە لەبەرئەوەی چەند رۆژێك چووم بۆ بەرێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانیو چەند کەسی نزیکیش لەخۆم کارەساتی زەحمەتی ئەو کارەیان بۆ باس کردووم، ئەمە لەکاتێکدا بۆ دەرهێنانی بەڵگەنامەی سەفەر(پاسپۆرت)ڕووم کردە ئەو بەرێوەبەرایەتیە(پاسپۆرتو مانەوە)و لەماوەی چەند سەعاتێکدا کارەکەم تەواو بوو؛

رۆتین لەفەرمانگەکاندا بدوێت ئەو دەڵێت: لەڕاستیدا ئەو رۆتینەی کەهەیە لەمامەڵەی کەلەگەڵیدا سەرسام بووم بەو هەموو ڕێزو خۆشەویستییەی بەرێوەبەرو کارمەندانەی بەرێوەبەرایەتیەکە لەبەرامبەر هاوڵاتیانداو هەستم کرد چەندیش بەپەرۆشەوە لەهەوڵی هەرچی زووتر. ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانیاندان. ئەمە قسەی لاوێکی لەسەرخۆ بوو.

بەشێك لەفەرمانبەران هاوڵاتی وا لێدەکەن، هەم بێزاربێتو هەم خۆی بەکەم ببینێت..

کەسێکی دیکە کەباسی ئەم کارەم بۆ کردو زانی سەرگەرمی ئەنجامدانی کارەکەم داوای کرد سەبارەت بەفەرمانبەرانو هۆکاری زیادبوونی رۆتین لەفەرمانگەکاندا بدوێت ئەو دەڵێت: لەڕاستیدا ئەو رۆتینەی کەهەیە لەمامەڵەی هاوڵاتیان لەدەزگاکانی حکومەتدا لایەنی زۆر بێزارکەری بەشێك فەرمانبەرانن‌و هاوڵاتی وا لێدەکەن کەهەم بێزاربێتو هەم خۆی بەکەم ببینێت.(مەبەستت چییە؟) مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی فەرمانبەرێك وەڵامی پیویستت بداتەوەو کارەکەت بۆ ڕاپەڕێنێت تۆ دەبێت سەد جار بەقوربانی بیتو بڕێك ماستاویشی بۆ بکەیت.

خەم ساردی، هەندێ لەفەرمانبەرانو ناهۆشیاری، بەشێك لەهاوڵاتیان رۆتین بەرهەم دەهێنێت..

لەڕاستیدا مانەوەو زەق بونەوەی رۆتین لەدامو دەزگاکانی حکومەتدا جگە لەوەی کەهەیەو رۆتینی مامەڵەکانن بەپێی تەعلیماتەکان لایەنێکی دیکە خەم ساردی هەندێ فەرمانبەرانو لەگەڵیشیدا ناهۆشیاری بەشێك لەهاوڵاتیانی خاوەنی مامەڵەکەیە ئەم دوو دیاردە خراپو دژە ئاشکرایە لەیەکتر نەگەیشتنو سەرەنجام رۆتین بەرهەم دێنێت. هاوڵاتیەك ئەمەی وت کە ئێمە ویستمان سەرنجی وەربگرین سەبارەت بەو دیاردەیە.

سەرنج

دیارە هەموو ئەو قسانەی هاوڵاتیان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە تا ئێستا رۆتین بەشێوەیەکی دیارو بەزەقی لەنێو فەرمانگەکاندا ماوەتەوە هۆکارەکانیشی بەو جۆرەی سەرەوە هاوڵاتیان لێیدوانو لەبەر ڕۆشنایی ئەم کارەش ئێمە پێمان وایە بەشێکی زۆری دیاردەی رۆتین دەکرێت لەناو ببرێتو دیاردەکە بەتەواوی کەم بکرێتەوە بەوەی هەم هاوڵاتیان بەگیانی هاریکاریو ڕێزەوە ڕوو لەفەرمانگەو دامو دەزگاکان بنێنو هەمیش فەرمانبەران بەلەبەرچاوگرتنی مافی هاوڵاتیو ڕێزو خۆشەویستیان بۆ ئەرکەکانی سەرشانیان بەهەست کردن بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بکەن، خۆ ئەوەی هاوڵاتیەك لەسەرەوە باسی لێدەکردو جیاوازی نێوان دوو بەرێوەبەرایەتی خستەڕوو لەبەرپێکردنی مامەڵەی هاوڵاتیاندا دوو بەرێوەبەرایەتی سەر بەدوو وەزارەتی یەك حکومەتنو هەر لەشاری سلێمانیشدانو دەشکرێت چاو لەبەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتو مانەوە بکرێت لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری هاوڵاتیانو کەم کردنەوەی دیاردەی رۆتیندا.

ڕەوشی هێزی کار لە هەرێمی کوردستاندا

بەدواداچوونی/ عەبدول محەمەد ئەحمەد

لەبەرامبەر فراوانبوونی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی لەهەرێمی کوردستانو دەنگۆی ئەوراپۆرتانە کە ئاماژە بەوە دەکەن هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەی بنیاتنانەوەی عێراق.

واقیعی هێزی کاری ناوخۆی هەرێم لە چ ئاستێکدایە، ئایا ئەوەندە کرێکاری کارامەو شارەزامان هەیە کە بتوانێ ئەو هەموو پرۆژانە کاریان تێدا بەرێوە بچێت، دامەزراندنی دەیان هەزار فەرمانبەر لەفەرمانگەکانی حکومەتدا چ زیانێکی لە هێزی کاردا لەکوردستاندا، بەتایبەت کە هەندێ فەرمانگەدا بەتاڵەی ڕوپۆشکراو دروست بووە. ئایا کێشەکە بەهێنانی کرێکاری بیانی چارەسەر دەکرێت؟

ڕای سەندیکای کرێکاران‌و بەڵێندااران چییە؟ ئەی خودی کرێکار چیدەوێت؟

بەرزبوونەوەی نرخی کەرەسەی بیناسازی، ئەو کەسانەی نائومید کرد کە زەویان وەرگرتوو ئێستا ناتوانن بیکەن بەخانوو تا لەکرێچێتی رزگاریان ببێت؟

بۆ تاوتوێکردنی ئەو کێشەو قەیرانە کە ئێستا ڕوبەڕوی بازاڕی کار بۆتەوە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان دواند.

بیناسازی زۆرەو کەلو پەل کەمە

* (جوتیار نوری) بەرپرسی لیژنەی بالای سەندیکای کرێکارانی کوردستان وتی ئەوەی قەیرانی لەبازاڕی کاردا دروست کردووەو بەجارێك ٥-٦ هەزار کەس داوای مۆڵەتی خانوو دروستکردنیان کردوە، جگە لەوەش لەماوەی ئەم ساڵەدا بەقەد ١٥ -١٠ ساڵی رابردوو پرۆسەی بیناسازی کراوەو لەگەشەی بەردەوامیشدایە.بەبڕوای ئەو قەیرانەکە پەیوەندی بەخواستو خستنە ڕوی کارەوە هەیە لەبازاردا، بیناسازی زۆرەو کەلو پەل کەمە، جگە لەوەش بازاڕی کار لای ئێمە وەرزییە، کەلە لادێ کار نامێنێ خەڵکەکەی بۆ دوومانگ سێ مانگ ڕوو لەشار دەکەن بۆ کرێکاریو بەمەش ئێمە ناتوانین کرێکاری کاراو پسپۆڕ دروست بکەین.بەبڕوای یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان قەیرانەکە چەند ئاراستەیەکی تر دەیجوڵێنی، لەوبارەیەوە (نەوروز خەفاف) سەرۆکی یەکیەتیەکە دەڵێ"دوای گەڕانەوەی بودجە بۆ ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بەڵێندەری ڕاگەیەنراو بڕێکی زۆر پرۆژە دەرگای کار کردنیان لەسەر کرایەوەو ڕۆژانە حکومەت دەیان تەندەری ڕاگەیاند.

بەبڕوای ئەو تەندرەکان ناتەندروست بوونو هیچ نەخشەو پیلانێك لەپشتیانەوە نەبووە چونکە لەبەرامبەر ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژە زۆرانە توێژینەوەو سەرژمێری هێزی کاری ناوخۆ نەکرابوو کە ئاخۆ دەتوانێت ئەو کارە زۆرو فراوانە جێ بە جێ بکات؟ بەتایبەت کە ئێمە هێزی کارمان دیاری کراوە، جگە لەمەش ئێمە لەدوای بێ بازاریو کەم دەرامەتیو پوکانەوەی پرۆژەکاندا کەوتین بەسەر ئەو بوژانەوە بەرفراوانەدا، بەپێی ئەو لیستو سەرژمێریانەی کە یەکێتی بەڵێندەران پێی داین ئاماژە بەوە دەکەن کە حاڵی حازر تەنها ئەو پرۆژانەی حکومەتی هەرێم سەرپەرشتیان دەکاتو تەندەری بۆ ڕاگەیاندونو کاری بەردەوامیان تێدا بەرێوە دەچێت گەیشتونەتە(٤٠٣)ملیۆن دۆلار. ئەو پرۆژانەی کەڕەوانەی تەنەدەرکراون بودجەکەیان گەیشتوەتە(٢٠)ملیۆن دۆلار، ئەوانەش کە بڕیارە ڕابگەیەنرێتو لەژێر توێژینەوەدان بە(٤٢)ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. دیارە ئەوە جگە لە پرۆژە

تایبەتەکان و شەخسیەکانی خەڵکو پێناسەی لەبەرامبەر ئەم لێشاوە کارو فرمانە زۆرانەدا مەحاڵە هێزی کاری ناوخۆ بتوانێت بەتێرو تەسەلی جێبەجێیان بکات بۆیە چەند بۆچونو ڕایەك لەئارادایە.

ڕاگرتنی تەندەر پێویستە

هەرچی بەڵێندەرانە داوای ڕاگرتنی تەندەرەکان دەکەنو داوای پیاچوونەوە دەکەن کەپێویستە حکومەت پێی هەستێ، بەتایبەت کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخی کرێکارو هەق دەستی ئیشو کارەکان ڕوو لەبەرزبوونەوەی خێرا دەکات. بەپێی ئەو لیستەی کە دەست ڕۆژنامەکەمان کەوتوەو نرخی هەق دەستی ساڵی ٢٠٠٣ تا مانگی ٦ی ٢٠٠٤ی تێدا دەستنیشان کراوە بەشێوەیەکی زۆر سەرسورهێنەر نرخەکان بەرز بوونەتەوە.

بۆ نمونە ئیشی بەردکاری بناغەی خانوو لەساڵی٢٠٠٣دا ٤دۆلار بووە/م٣ تا مانگی شەشی ئەمساڵ بەرز بوەتەوە بۆ ١٢دۆلار بۆ هەر مەترسێجایەك.نرخی یەك تەن شیش لەساڵی ٢٠٠٣دا تەنها ١١٠دۆلار بووەو لەمانگی ٦ی ٢٠٠٤بەرزبوەتەوە بۆ٤٥٠ دۆلارو ئێستا ٨٠٠دۆلارە یەك تەن چیمەنتۆ حکومەت بە٢٥دۆلار فرۆشتوویەتی ئێستا کردویەتی بە ٥٠دۆلارو لەبازاڕی ڕەشدا بە١٠٠دۆلارەوەو دەستیشی ناکەوێ. بەو هۆیەوە یەکێتی بەڵێندەران داوای دیاری کردنی ئاستێکی کریێ کرێکارو وەستا دەکەن کە ئەوان بەئیستیغلال کردنی ناودەبەن لەم کاتەی ئێستادا بەڵام سەندیکای کرێکاران دەڵێن ئێمە دژی دیاری کردنی نرخی کرێکارو وەستاین، چونکە ئەڵێن ئێمە چەندین ساڵ بێکارو کاسبی بووین کەسێ قەرەبووی نەکردینەوە، بەڵێندەران تەنها چاویان لە قازانجی خۆیانەو هیچیتر، ئەوان بۆیان نیە نرخی کار بۆ ئێمە دیاری بکەن، هەروەکو چۆن ئێمەش ناتوانین ڕێژەیەکی دیاری کراو لە قازانج بۆ ئەوان دیار بکەین.

لەم بارەیەوە ڕای وەستاو کرێکار جیاوازترە،

*ئیبراهیم حسن وەستای شیش بەستنە دەڵێ : ڕۆژانەی وەستا (٣٠٠٠٠دینار)ەو هیکرێکار (٢٢٥٠٠دینارە)، ئەو نرخانە کەمەو گران نییە، هێنانی کرێکاری بیانی زیانی زۆر بەئێمە دەگەیەنێت، هەق دەستمان کەم دەکاتەوەو پارەکەشمان دەرواتە دەرەوە.

* محەمەد عومەر کرێکارێکی کاری شیش بەستنە دەڵێ کرێکاری بیانی بەپشتیوانی حکومەتی هەرێم دێنو ئەوان مۆڵەتیان پێداون، کەرەسەکانی کارکردنی ئەوان باشترە لەهی ئێمە، بۆیە ئێمە کەمێك بێ بازار بووین، ئەوان بەیەکجاری هاتون تا کارەکە تەواو نەکەن نارۆنەوە.لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا خۆناکرێت پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لەکوردستان ڕابگیری تا هەندێك لەکارەکان تەواو دەبن.

یەکێتی بەڵێندەران پێیان وایە کە پێویستە حکومەتو سەندیکای کرێکاران دابەشکردنی جوگرافی بۆ هێزی کاری ئەم وڵاتە بکەنو سەرژمێری بکەن، تائێمەش بەپێی ئەوهێزە پرۆژەو تەندەرەکان وەربگرین.ئەوانیش پێیان باشە لەم کاتەدا کرێکاری بیانی بهێنرێت. سەندیکای کرێکاران دەڵێن ئێمە زیاتر لە ساڵێکە داوامان لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کردووە کەپەیمانگای پێگەیاندنی پیشەیی بکەنەوە(معهدالتاهیل المهنی) تا کرێکاری شارەزا پێبگەیەنین ئەوان ستافو پرۆژەشیان پێشکەش بەوەزارەت کردووە پێشیان قبوڵە بەڵام سستی هەیە لەجێ بەجێ کردندا.

شارەوانی سستن

* (جوتیار نوری) بەرپرسی سەندیکای کرێکاران وتی ئێمە داوامان لەشارەوانی کردوە کەئامادەین باوەستاکانی سلێمانی تاقی بکەینەوەو بڕوانامەی کارکردنیان پێبدەین بۆئەوەی وەك مۆڵەتی بینا داوای مۆڵەتی کارکردن لەوەستاش بکرێ، بەڵام ئەوان بەداخەوە سست بوون لەجێبەجێ کردنیدا، دیارە ئەوەی ئێمەداوای دەکەین کە لەبەرژەوەندیی خۆیانە چونکەئەو وەستایە ناتوانێ لە شوێنی تەجاوز کاربکات.

* سەندیکای کرێکاران دەڵێ کۆمەڵێك کۆمپانیای بیانی هاتوون. هەندێکیان تائێستا کرێکارو وەستای ئەوتۆیان دەست نەکوتووە کەئەوان پێویستیانە، بۆیە هەندێکیان کرێکاری عەرەبو ئێرانیان هێناوەو بەنیازی هی ئەفغانیشن. ئێستا هیچ بوارێك نەماوەتەوە لەبەرامبەر چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە جگە لەکردنەوەی خولی ڕاهێنانو پێگەیاندن بۆکرێکارو وەستای کورد، لەم بارەیەوە (موحسین عبدالرحمن) بەڕێوبەری گشتی کارو دابین کردنی کۆمەڵایەتی پێی ڕاگەیاندین کە بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستنو ڕاهێنانی پیشەییان کردۆتەوە بەمەبەستی ڕاهێنانی کرێکاری خۆماڵیو پسپۆر کردنیان لەو بوارە جیاجیاکانی کاردا.

ئاگامان لەخولەکان نییە

کاری سەرەکی ئەوان دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی هێزی کارە لەکوردستاندا لەبەرنامەیاندایە کە خولی فێرکردنیان بۆ بکەنەوە کە لەچەند هەفتەی داهاتوودا دەست پێدەکات.ناوبراو گلەیی لەحکومەتی هەیە کە زۆربەی ئەو خولانەی کەکراونەتەوە ئەوانی لێ ئاگادارنییە، بەتایبەت خولەکانی دەرەوەی وڵات، کە دەبوایە پێشتر ئەوانیان ئاگادار بکردایەتەوە، دەڵێی ڕەوشەوکە بەو شێوەیەکە دوای چەندین تەلەفون کردنو سەردانی زۆر نەفەرێك دوانمان بۆ دەنێرن دەڵێ تائێستا پێنج کەس بەشداریان کردووە کە زۆر خولی سەرەتایی بوون.

(تاهیر حەمە ساڵح) جێگری بەڕێوەبەری گشتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پێی ڕاگەیاندین کە لەهەموو قەزاوناحیەکان سەرژمێری خەڵکی بێکارمان کردووە، تائێستا ١٠٠هەزار کەس بەبێکار ناوی خۆی نووسیوە، بەڵام ئێمە بڕوامان بەو ژمارەیە نییە چونکە جوتیارو خوێندکاریش ناوی خۆیان نووسیوە.

ئەو دەڵێ هیچ قاعەو شوێنێك نییە بۆ کردنەوەی خولی باش جگە لەپەیمانگاو دواناوەندیە پیشەییەکان نەبێت.

* (تاهیر حەمە ساڵح) وتی ئێمە ئامادەین گرەنتی کرێکار بکەین لەپرۆژەو کارگەکاندا بەڵام خۆیان، نایەن بەڵێندەرانیش ئامانجیان هەر قازانجەو ئامادەنین ڕوو لەئێمەبنێن بۆکرێکار.

دابین کردنی کۆمەڵایەتی پێویستە

* ئیبراهیم محەمەد بەڕێوەبەری کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی وتی دوای ئەوەی ڕژێم لەساڵی١٩٨٧ کرێکاری کرد بەفەرمانبەر زیانێکی گەورە لەوتوێژەی کۆمەڵ کەوت، بێ بەش کرا لەهەموبیمەو قەرەبووکردنەوەو دابینکردنێك، فەرمانگەکەمان بۆ ئەوە دامەزراوە کەدابینکردنی کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعی) بۆ کرێکار دابین بکات، هەر کرێکارێ لای ئێمە خۆی بنوسێت کەلەفڵان شوێن کاردەکات مانگانە بڕی ٥٪ لەمووچەی ئەو ١٢٪ لەخاوەن کارەکە وەردەگرین بۆ خانەنشین کردنو داهاتووی، یان قەرەبووکردنەوەی لەکاتی زیانو ڕووداودا.کاك

*(سیروان عومەر) بەڕێوەبەری بەکارخستنو ڕاهێنانی پیشەیی دەڵی، کاری ئێمە دابین کردنی کرێکارە بۆ کەرتی تایبەتو کردنەوەی خولی ڕاهێنانە. بۆ زیاتر ڕایکردنی کارەکانمان سەنتەری کار پێ کردن لەبەغدا ١٥ کۆمپیتەرو پاسێك‌و هێڵێکی ئینتەرنێتی بۆ دابین کردوون، بەڵام هێشتا وەك پێویست هاوکاریمان ناکەن لەبەرەو پێشچوونی کارەکانماندا.

لێرەشەوە ڕوونەبێتەوە کە کێشەکە هەر ڕووی خۆمان دەگرێتەوە، چارەسەرکردنی پێویستی بەهەماهەنگیو هاوکاری ئەو دەزگا بەرپرسانە هەیە، پێویستە نەخشەی هاوبەشو ڕاوێژی بەردەوام هەبێت، شتەکان لەسەر نەخشەو پلان بەڕێوەبچێت، چیتر باوی ئەوە نەماوە هەرکەس بەتەنها بۆ خۆی کار بکات هەموو لایەك پێویستی بەیەکترە، گەر سەندیکای کرێکاران‌و بەڵێندەران هاوکاری یەکتری نەکەنو چاوێك بەکارەکانیاندا نەخشێننەوە، بێگومان وەزارەتی کاریش لەپشت کورسیو مێزەوە بەتەنها هیچی پێناکرێ، بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئێستادا کەبڕیارە گەندەڵیو ڕۆتینو بەتاڵەی ڕوپۆشکراو سنوورێکی بۆ دابنرێو بنەبەڕ بکرێت، چونکە هەموو دنیا چاوی لێمانەو لەمەودواش زیاتر تێکەڵاوی خەڵك دەبینو بێگانەمان زۆرتر لێ نزیك دەبێتەوەو هەموومان پێویستمان بەیەکتری دەبێت.

بەرێوەبردن، رۆتین، گەندەڵی، بیرۆکراسی لەبەردەم پرسیارەکانی چاودێر دا

دیداری/ هەڤاڵ ئەبوبەکر

بەرێوەبردن، رۆتین، گەندەڵیی، بیرۆکراسی ئەو چەمکە دووسەرانەن کەلەهەندێ شوێندا دەبنە پردی بەیەکگەیشتنی کرێکارو خاوەنکار، یان هاوڵاتیو دەزگاکان، لەهەندێ شوێنی دیشدا هەر رایەڵەیەکی متمانە پێکردن لەنێوان خەڵکو دەسەڵاتو دامەزراوەکاندا دەپچڕێنن تائەوەی نەهاووڵاتیان بەدەسەڵاتەکەیاندا دەناسرێنەوەو نەدەسەڵاتیش سیماکانی هاووڵاتیان لەخۆدەگرێت، تائەوەی خەڵك لەدۆڵێكو دەسەڵات لەدۆڵێکیترِدا دەگیرسێننەوەو ئاوێتەبوونی سروشتیی نێوان ئەم دووانەیە دەبێت جیاوازییەکی وەها کەیەکێکیان ناچاردەکات ئەوی تریان بگۆڕێت..کوردستان وەك ناوچەیەکی گرنگو هەرێمێکی حوکمرانی بەدەرنییەلە دەردەکانی پەتای بەد بەکارهێنانی بەرێوەبردنو رۆتینو بێرۆکراسی دەکەونەوەو، بێبەش نییە لەو گەندەڵیانەی دەبنە قورانەی دەسەڵاتدارێتیو لەدواجاردا عەیبباری بەردەم خوداو خەڵکو مێژووشیان دەکەن..

بۆگەران بەدوای پرسەکانی بۆو بۆچیو چەندو چۆنو کێو لەکوێو کەیو کام، بەدوای ماکی ئەو چەمکانەو ساتەکانی گەندەڵبوونیاندا، گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیمان لەگەڵ مامۆستا رەفیق سالح دا لەشەوێکی روونا‌کی سلێمانیدا دەست پێکرد...

***بەرێوەبردن بۆ؟**

بەرێوەبردن وەك چالاکیەکی مرۆیی لەناو هەر دامودەزگایەکی حکومیی یان ناحوکومیدا بۆ هێنانەدیئامانجێك یان چەند ئامانجێك ولاّت لەبۆشاییدا دروست نابێت، ئەزموونو توێژینەوە زانستیەکان ئەمرۆکە سەلماندوویانە ئاستی پێشکەوتنی هەر وولاّتێك بەندەبە ئاستی دەزگاکانی بەرێوەبردنی ئەو وولاّتەوە، ئەمرۆکە بەرێوەبردن ئامرازێکی گرنگە هەم بۆهێنانەدی خەونو ئاواتو پێداویستییەکانی مرۆڤو داکۆکیکردن لەبەرژەوەندییەکانی، وەهەم کاریگەرترین ئامرازە بۆ گەشەسەندنو پێشخستنی کۆمەڵ لەهەموو بوارێکی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ... هتد، بەدڵنیاییەوە زۆربەی ئەو گرفتانەی کەئەمرۆکە رووبەرووی بەتایبەتی وولاّتانی تازەپێگەیشتوو بوونەتەوە، ناگەرێتەوە بۆکەمی داهاتی ئەو وولاّتانە کەبەپێچەوانەوە هەندێکیان لەو رووەوە زۆر دەوڵەمەندن بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ سستیو لاوازی دەزگاکانی ئەو بەرێوەبردنە، بۆیە ئەمرۆکە سەرجەم وولاّتانی دنیا بەتایبەتی وولاّتە پێشەوتووەکان زۆر بایەخ بەبەرێوەبردن دەدەنو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان کەئاستو تواناکانی دەزگاکانی بەرێوەبردنیان بەرزبکەنەوە بۆیە دەبینین ئەمرۆکە بەرێوەبردن لەو وولاّتانەدا بۆتە پیشەیەك وەك هەر پیشەیەکیتر یاساو رێساو رێو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانەی کەکادیری بەرێوەبردنی سەرکەوتوون بەسامانێکی نیشتمانیو نەتەوەیی تەماشادەکرێن.

*** بەرێوەبردن لەکوردستاندا پاش ئەزموونێکی ١٣ساڵە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– کوردستان وەك هەر وولاّتێکی تازە پێگەیشتوو دەزگاکانی بەرێوەبردنی رووبەرووی کۆمەڵێك کۆسپو گرفت بوونەتەوە کەئەمەش وایکردووە ئەو دەزگایانەی بەرێوەبردن نەتوانن وەکو پێویست ئامانجو پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان بهێننەدی، بۆیە ئێمە هەست دەکەین دەزگاکانی بەرێوەبردنمان لەئاستی پێویستدا نین بەنیشانەی ئەوەی جۆرە بێزاریو نارەحەتیەك دەبینین لەناو هاووڵاتیاندا، بەڵام کەکورد بەدرێژایی مێژوو لەلایەن داگیرکەرانەوە حکوم کراوەو ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبووە لەبواری فەرمانڕەواییو بەرێوەبردندا لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی کوردی توانیویەتی بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردوودا دەستکەوتی باش بەدەست بهێنێت، ئەگەر ئاستی ئەو دەزگا بەرێوەبردنانە چاکترو باشتر بکرێت، بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت دەستکەوتی گەورەترو باشتر بەدەست بهێنرێت.

*** ئایا بەهانەی داگیرکەرانی کوردستانو کاریان لەسەر رووداوەکانی کوردستان وەك هەمان بەهانەی ئیسرائیلییەکان نییە کەعەرەبەکان دەیهێننەوە بۆ پەکخستنی دیموکراسیوگەشەکردن؟**

– نەخێر لەوانەیە من وەك پسپۆرێکی کارگێری زیاتر لەهەر کەسێکیتر هەست بەکەموکوریو خاڵە لاوازەکانی بەرێوەبردنی کوردی بم، بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی بابەتیانەو بەرەچاوکردنی ئەو هەلومەرجو بارودۆخەی کەمیللەتەکەمان تیایدا دەژی تەماشای مەسەلەکە بکەین.

***کۆسپەکانی بەردەم بەرێوەبردن چین، چەند لەمانە لەئیدارەی کوردیدا بەدیدەکرێن؟**

– ئەو کۆسپانەی ئەمرۆکە رووبەرووی ئیدارەی کوردی بوونەتەوە لەراستیدا هەمان ئەو کۆسپانەن کەرووبەرووی وولاّتانی تری تازەپێگەیشتووتری دنیا بوونەتەوە، کەبریتین لە:

٠١ هەڵاوسانی دامودەزگاکانی دەوڵەت، واتەبوونی زۆر دامودەزگا لەحکومەتدا کەزیادەنو هیچ پێویست بەبوونیان ناکات. دەوڵەت دەبێت خۆی بچوك بکاتەوە بیداتە دەست کەرتی تایبەت.

٠٢ هەڵاوسانی وەزیفی، واتە بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆرکارمەندی پێویست لەدامودەزگاکانی حکومەتدا. یەکێك لەو هۆیانەی کەئەم پاشاگەردانییە ئیدارییەی دروستکردووە، دامەزراندنی ئەو لێشاوە زۆرەی فەرمانبەرە بەپێی ئەوەی من ئاگاداریم لەئیدارەی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك)دا پتر لە (١٧٠ هەزار)فەرمانبەر لەووڵاتێکی وەك سوید دا ژمارەی فەرمانبەران (٢٥٠ هەزار)کەسن بۆ (٩ ملیۆن) هاوڵاتیی، لای ئێمە هەر (٨ هاوڵاتی فەرمانبەرێکی بەردەکەوێت).

٠٣ ئاڵۆزی رۆتین.

٠٤ یاساو خۆبەستنەوەی وشك بەدەقە یاساییەکانەوە، زۆر لەو یاسایانەی کەئێستا جێبەجێ دەکرێن کۆنن‌و لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنەکانی ئەمرۆماندا ناگونجێن بۆیە بوونەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم گەشەکردنی دامودەزگا ئیداریەکاندا، بەداخەوە لایەنە جێبەجێکەرەکانی ئەم یاسایانەزۆربەووشکیو بێرەچاوکردنی هەلومەرجو بارودۆخ ئەو دەقەیاساییانە جێبەجێدەکەن.

٠٥ دامەزراندنو دابەشکردنی پلەوپایەو پۆستی بەرێوەبردن لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی‌و توانای پسپۆری نییە، بەڵکو زۆرجار لەسەربنەمای خزمایەتیو ناوچەگەریو خێڵایەتیو ئیعتباراتی سیاسیە.

٠٦ کەمتەرخەمیوسستی لەلایەن فەرمانبەرانەوە، خۆدزینەوەو هەست نەکردنیان وەکو پێویست بەبەرپرسیارێتی، ئەویش بەهۆی نەبوونی لێپرسینەوە (سانسۆر)و کەمیی ئەو حەوافیزەی کەدەدرێت کەهەندێجار بەشی دابینکردنی کەمترین پێداویستیە بنەرەتییەکانی ژیان ناکات.

٠٧ بڵاوبوونەوەی هەندێ دیاردەی دزێوو‌ناشرین لەناو دامودەزگا ئیداریەکاندا وەکو بەرتیلو زەمینە خۆشکردن بۆدیاردە دزێوەکانی بەرتیل، واستە، رەشوە.

هەروەها بەرهەڵستی گۆرانکاری لەبەرپرسیارێتیدا. لەلایەن بەرێوەبەرو بەرپرسانەوە بەهۆی سودمەندبوونیان لەو



مامۆستا رەفیق سالح ئەحمەد، مامۆستای کارگێریو رێکخستنە لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی. دەرچووی زانکۆی موسڵ، کۆلیژی کارگێری، سێ توێژینەوەی باڵاوکردۆتەوە، لەتەك پتر لە بیستو پێنج وتاری زانستی جیاجیا لەبواری بەرێوەبردندا.

چەندین کتێبی سەبارەت بەمێژووی رۆژنامەنووسی کوردی چاپکردووە، ئێستا سەرۆکی بەشی رۆژنامەنووسیو کتێبخانەو زانیاریەکانە، لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی.

دەستکەوتانەی وەریدەگرن زیادەرۆییان لەجێبەجێکردنی بێرۆکراسیەتدا.

*** رۆتین وەك چەمکێکی ترسناکی تری دووڵایەنە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

– رۆتین بەرنامەیەکی پێشوەختە لەلایەن بەرێوەبردنەوە دیاریدەکرێت بۆئەو ئیشوکارانەی کەرۆژانە چەندان جار دووبارە دەبنەوە، بوونی رۆتینێکی پوختو کورت لەهەر دامودەزگایەکدا بەتایبەتی ئەگەر خزمەتگوزاری بێت دەبێتە جێبەجێکردنی ئیشوکارەکان بەخێرایی وەچاکردنی خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان، کەمی خەرجیو دروست نەبوونی فەوزاو بەرزکردنەوەی رێکخستنی کاروبارەکان هەروەها رۆتینی دیاریکراو چوارچێوەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیشوکارەکانو دیاریکردنی لەرێ لادان.

بەداخەوە یەکێك لەگرفتەکانی بەرێوەبردنی لای خۆمان ئاڵۆزیو دوورو درێژی رۆتین پەیرەوکراوە کەبەچەند نیشانەیەك دەردەکەون وەك: زۆری قۆناغو هەنگاوەکانو بوونی پێچوپەناو زۆری ئیمزاو تدقیقو ووردبوونەوەو حاڵەتی گواستنەوەو بەکارهێنانی سجلاتو دۆسیە، ئەم ئاڵۆزی رۆتینە بۆتە هۆیدروستبوونی بێزاریەکی زۆر لەلای هاووڵاتیان بەهۆی دواخستنی ئیشوکارەکانیان سەرباری بەفیڕۆچوونی توانایەکی مرۆییو دارایی زۆری وولاّتو تەشەنەکردنی دیاردەی بەرتیلو رەشوەو واستە.

*** چیبکرێت لە پێناوی چاککردنی بەرێوەبردندا؟**

١– چاوخشاندنەوە بەپەیکەری رێکخستنی دەوڵەت ئەویش بەهەڵوەشاندنەوەو لابردنی ئەو دامودەزگا زیادانەو یەکخستنی ئەو دامودەزگایانەی پسپۆریوئیشو کاریان لەیەك ئەچێت، هەروەها دانانی چارەسەر بۆ هەڵاوسانی وەزیفی. ئەویشیان بەخانەنشین کردنی بەتەمەنو خزمەت زۆرەکانو هەوڵبدرێ ئەوانەی زیادەن لەسەر میلاك مانگانە موچەی خۆیان وەربگرنو دەوام نەکەن تاشوێنیان بۆدەدۆزنەوەو باشکردنی ژیانی ئەوانەی دەمێننەوە.

٢– بەرزکردنەوەی ئاستو توانای کارگێریو بەرێوەبەرانو فەرمانبەرانی دەوڵەت بەباڵاوکردنەوەی هۆشیاری کارگێری لەناویاندا، کردنەوەی خولی راهێنانو کارگێری کەبەداخەوە لەم لایەنەوەوەکو پێویست ئاوری لێنەدراوەتەوە، لەوولاّتاندا فەرمانبەر هەر لەیەکەم رۆژی دامەزراندنیەوە تاخانەنشین کردنی دەیان خولی راهێنانو فێرکردنی بۆ دەکرێتەوە بۆ وەرگرتنیزانیاری تازە،تواناو ئەزموونی نوێ.

٣– کورتکردنەوەی رۆتینی ناو دامودەزگاکان لەلایەن کەسانی پسپۆرو شارەزای ئەو بوارەوە.

٤– چاوخشاندنەوە بەیاساو رێنماییەکاندا وە گونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجو بارودۆخی تازە.

رەشوەو واستە، کەهەندێك جار بێپەنابردنە هەر یەکێك لەمانە مەحاڵە ئیشوکارەکان جێبەجێ بکرێت.

٠٨ کۆنیی هەندێ لەدامودەزگا ئیداریەکانو ئەنجامنەدانی هیچ گۆرانکاریەك بەسەریاندا بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنیان. سەرباری لاوازبوونی هاوئاهەنگی لەنێوان دامودەزگا ئیداریەکانی حکومەت لەلایەك‌و دەزگاکانی دەرەوەی حکومەت لەلایەکی ترەوە.

*** ئایا ئەگەر سیستمی سۆسیال جێبەجێ بکرێت گرفتی زۆری فەرمانبەرو کەمیکار چارەسەر ناکات؟**

– ئەو کارەی فەرمانبەری حکومی ئەنجامی دەدات پەی دەوترێت (وظیفة عامة)، کەدەبێت کارمەند بۆخزمەتی گشتیو هاووڵاتی کار بکات، گرفت لەم وولاّتانەی وەك ئێمەدا ئەوەیە کەئەم (وظیفة عامە)یە هەموو هاووڵاتیەك بەمافی خۆی دەزانێت کەدەبێت دەوڵەت دایبمەزرێنێت، نەریتی باویش ئەوەیە کەئەو کەسە بۆخزمەتی کەسی خۆی بەکاربهێنێت نەك بۆخزمەتی گشتی بۆیە هەندێك جار دەبینین کارمەندێك کەبەوپەری دڵسۆزیوکارامەیی کاردەکات بێئەوەی تەنها بۆقازانجی کەسی خۆی بەکاربهێنێت تانەی ئەوەی لێدەگیرێت کەنەیزانیوە بیخواتو ساویلکەبووە.

*** لێرەوە دەپەرینەوە بۆ پانتاییە مەترسیدارەکانی گەندەڵی، گەندەڵیی چییە؟ چۆن دێتە کایەوە؟**

– هەر ئیدارەیەك وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئامانجێکی بۆدیاریکراوە، ئەگەر نەتوانێت ئەو ئامانجە وەکو خۆی یان پێویست بێنێتەدی ئەوا بەئیدارەیەکی دواکەوتوو ناوزەند دەکرێت، ئەم دواکەتووی ئیدارییەش یەکێکە لەگرفتە گەورەکانی وولاّتانی تازەپێگەیشتوو، بەلای ئێمەوە گەندەڵیی ئیداری بریتییەلە: خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن بەرپرسانەوەو نەبوونی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەك، واتە:

گەندەڵیی ئیداری = خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات + نەبوونی لێپرسینەوە

لەهەموو شوێنێکی دیکەی دنیادا تەنانەت لەوولاّتە پێشکەوتووەکانیشدا لای هەندێك بەرپرس دەسەڵات خراپ بەکاردەهێنرێ بەڵام لەوولاّتە تازەپێشکەوتووەکان ئەوەیە کەئەو بەرپرسە بەدواچوونو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێتو سزادەدرێت، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە بەهۆی کامڵنەبوونو دروستنەبوونەوەی تەواوی دەسەڵاتەکانی یاساییو راپەراندنو دادوەریەوە بەرپرسەکانمان دوورن لەلێپرسینەوە، لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا چەندان جار لەناو خەڵکدا باس لەگەندەڵیو تەجاوزاتی هەندێك بەرپرس دەکرێت تەنانەت لەکەناڵەکانی راگەیاندنیشدا باسیان دەکرێت بەڵام نەمان دیوە وەزیرێك، وەکیلێك بدرێت بەدادگاو سزا بدرێت لەسەرئەو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە. ئەمەش بۆتە تەشەنەکردنێکی زیاتری ئەو گەندەڵییەو پەراوێزکردنی کەسانی بەهیمەتودڵسۆز.

*** ئیدارەو سیاسەت چۆن پێکەوە دەبەستیتەوە، لەکۆنیشدا لەیەکیان جوێ دەکەیتەوە، بۆچی؟**

– گەرچی بەرێوەبردنو سیاسەت دوو چەمکی زۆر جیاوازن، بەڵام پەیوەندییەکی توندو تۆڵ هەدووکیان پێکەوە دەبەستێتەوە لەم رووانەوە:

١– هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی دەیەوێت دەزگاکانی بەرێوەبردن بەو شێوەیە لێبکات کەلەگەڵ فەلسەفەو دیدو بۆچوونی خۆی دەگونجێت. بۆیە دەبینین لەدەسەڵاتی سیاسی کاریزمیدا کەبڕوای بەتوانستەکانی ئەو سەرکردە کاریزمیە هەیە دەزگاکانی بەرێوەبردن لەلایەن ئەو کەسانەوە دادەنرێت کەبروایەکی تەواو کوێرانەیان بەو سەرکردە کاریزمیە هەیە، بۆیە دەبینین دەزگاکانی بەرێوەبردن لەم بارەدا ناجێگیرنو هەمیشە لەگۆڕاندان، بەڵام لەدەسەڵاتی سیاسی یاساییدا دامودەزگا ئیداریەکان بەسەربەخۆیی کاردەکەن، دەسەڵاتی سیاسی دەست ناخاتە ئیشوکاریان تەنها ئەگەر بەرژەوەندی گشتی پێویست بکات. دەرگای دامەزراندن لەدەزگا تایبەتییەکاندا ئاواڵایە بۆهەموو هاووڵاتیەك بێ جیاوازی.

٢– بەرێوەبردن ئامرازی دەسەڵاتی سیاسیە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەتو پاراستنی سەروەریو یەکپارچەیی وڵات ئەگەر هاتوو دەسەڵاتێکی سیاسی بڕوای بەیەکسانیو مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت هەبێت.

٣– بەرێوەبردن ئامرازی دەسەڵاتی سیاسیە بۆهێنانەدی ئامانجەکانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە. بادەسەڵاتی سیاسی بەرنامەی پێشکەوتوو و باشی هەبێت بۆگەشەسەندنو پێشخستنی کۆمەڵ لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەڵام ئەگەر هاتوو ئامرازی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە کەبەرێوەبردن، لەئاستی پێویستدا نەبێت واتە لاوازو ئیفلیجو گەندەڵ بێت، ئەوا ئەو دەسەڵاتە سیاسیە ڕوبەڕوی قەیرانو بێزاریەکی زۆر دەبێتەوە لەلایەن هاووڵاتیانەوە، باشترین نمونە بۆ ئەمە وولاّتانی تازەپێگەیشتووە وەك لای خۆمان. ئێمە حاڵی حازر لەکوردستاندا دەسەڵاتی سیاسیمان بەرنامەی باشی پێیە بۆخزمەتی میللەتەکەمان بەڵام بەداخەوە دەزگاکانی بەرێوەبردنمان لەئاستی ئەو بەرنامانەدا نین، بۆیە ئەمە بۆتە دروستکردنی رەخنەو بێزاری لەناو هاووڵاتیاندا، بۆیە خۆی دەبێت بەجدی هەوڵی پاکردنەوەو چاکسازیی ئیداری بدات بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕوبەڕوی گرفتی گەورە دەبێتەوە، وەك چۆن لەجەزائیرو تورکیاو وولاّتانی دی ئەو دەسەڵاتانە تێکشکان.

*** ئایا ئیدارەو سیاسەت دووروویی یەك دراو نین؟**

– ئێمە بەحوکمی نەبوونی دامەزراوەی تەواو دوای دەرکردنی بەعس لەکوردستاندا دەزگاکانی بەرێوەبردن کەلێنو بۆشایی گەورەیان تێدا دروست بوو کەلەحاڵەتیوادا دەسەڵاتی سیاسی ئەو کەلێنەی پرکردەوە بۆیە دەبینین سیاسیو ئیداری هەردووکیان یەك شت بوون. ئەمە بووە هۆی دروستکردنی قەیران هەم لەسیاسەتو هەم لەبەرێوەبردنیشدا، چونکە بەداخەوە هەندێ کەس سیاسەتیان بۆ سیاسەت نەدەکرد بەڵکو بۆمەبەستی دامەزراندنو وەرگرتنی پۆست لەدەزگاکانی بەرێوەبردندا کەئەمەش هەم سیاسەتی قێزەون کردو هەم ئیدارەشی سووك کرد.

وەنەبێت ئەمە هەر ئێمەی کوردی گرتبێتەوە بەڵکو لەسەرەتای دروست بوونی وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەمان ئەو کێشەیە لەوێ دروست بوو بەوەی ئەو حیزبەی لەهەڵبژاردن بیباتەوە هەموو پۆستە ئیداریەکانی دەوڵەت دەدرێ بەو حیزبە، بۆیە حیزبەکان لەپێناو سەرکەوتن لەهەڵبژاردندا هەوڵیان دەدا زۆرترین لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو تەماعی ئەوەشیان خەستەبەردەم کەلەپۆستە ئیداریەکانی دەوڵەت دادەمەزرێن، هەر سیاسەت تووشی قەیرانو گەندەڵیی بوو بەوەی زۆرکەس لەدەوری حیزبەکان کۆدەبووەوە نەك لەبەخاتری سیاسەتو بەرژەوەندی گشتی بەڵکو بۆئەوەی لەپێیەوە بتوانێت قازانج بکاتو ئیمتیازات وەربگرێت ئەمەش بووە گەندەڵییو لاوازی دەزگاکانی بەرێوەبردن چونکە دەزگاکان پربوون لەو کەسانە، بۆیە حیزبەکان لەباتی ململانێیەکی شەریفانە کەوتنە مزایەدەو بایەخدان بەژمارە نەك بەنەوعیەتی خەڵك.

*** پسپۆرەکان بیرۆکراسیەت بەباش دەنرخێنن، هاووڵاتیانیش دادو بێدادیانە لەدەست بیرۆکراسیەت، ئێوە دەڵێن چی؟**

– بیرۆکراسیەت دیاردەیەکی رێکخستنی کۆمەڵگا پیشەسازیەکانە، بەشێوەی جۆراوجۆر بەرەوپێشەوە چووەو پێشکەوتووە، مشتومڕوگفتوگۆی زۆر سەبارەت بەتوانای بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دامودەزگاو رێکخراوکراون، خاوەنی ئەم تیۆرە زانای ئەڵمانی ماکس ڤیبەرە کەپێیوایە بیرۆکراسیەت ئەو رێکخستنە قەبەو زەبەلاحەی کۆمەڵگا سیاسیو ئاڵۆزو شارستانیەیە کەبۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت لە گۆڕپندایە سیاسەتی گشتی دەخاتە مەیدانی واقیعیو شوێنی جێبەجێکردنی خۆیەوە. لەخەسڵەتە گرنگەکانی ئەم شێوازی رێکخستنوبەرێوەبردنە:

١– دابەشکردنی ئیشوکاریناو دەزگاکان بەپێی پسپۆریو دامەزراندن بەپێی لێوەشاوەییوتوانای جیاکردنەوەی کاروبارە رەسمیو تایبەتی (شەخصی) هەرکارمەندێکە، پەیرەوکردنی رۆتین لەجێبەجێکردنی ئیشوکاردا بەکارهێنانی دۆکیومێنتو بەڵگەنامەو نووسین لەراپەراندنی ئیشوکاردا، جێبەجێکردنی رێساو رێنماییو یاسایە بەوردی... هتد.

بەداخەوە ئەم شێوازی رێکخستنە بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ لایەن بەشێوەیەکی خراپ بۆتە دیاردەیەکی دزێو کەهەندێجار داوا دەکرێت بۆبنبڕکردنیولابردنی.کە ئەمانەن:

١– ئامرازو هۆکارەکان دەبنە ئامانج. سیستەمو رێنوێنیو رێساو یاساکان ئەو هۆکارانەن بەرێوەبردن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان رێکخراو دایان دەنێت، بەڵام پەیوەست بوونی تەواوەتیو خۆبەستنەوە بەدەقی یاساکانەوە، پێمەڵبوونی توندو تۆکمە بەرێساو سیستەمەوە وادەکات هەروەك ئامانجی رێکخراویش.

٢– خۆبەستنەوەی ووشکی بەرپرسان بەیاساو رێنماییەکانەوە لەکاتی جێبەجێکردنو هەلومەرجو بارودۆخ.

٣– رۆتین، پێویستە بۆجێبەجێکردنی هەرمامەڵەو ئیشوکارێکی دیاریکراو رۆتینێکی کورتو پوخت پەیرەو بکرێت، وەك کارێکی پێویست بەڵام بەداخەوە ئەم رۆتینەی لای ئێمە پەیرەو دەکرێت ئاڵۆزو بێزاری لای هاووڵاتیان،

پەژارەی هاوولاتی

- دەبێت لەبازاڕدا کتێب بکڕین (سازان)
- خەڵکانێك ئیهانەمان دەکەن و لەروی دەروونییەوە ئازارمان دەدەن (شادیە)
- کێ پە پولەکانی باخچە پەروەردە دەکات؟ (شنروێ)
- تکایە چارەسەرێك بۆ ئاستەنگەکانی خوێندنی ئێواران (م.دڵشاد)
- نان پەیداکردنی ڕێگای مەرگ.! (جەمال)

پواز

یانسیبی پۆست

لەهەموو یانسیبەکانی تر گرنگترە، کاتێك بانگت دەکەن و پۆستێکی زۆر گەورەت دەدەنێ، زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانم باسمان لەوە کردووە کەهەندێ پۆست لەم وڵاتەدا زۆر سەیرو سەمەرەبووە، بەدەم پێکەنینەوە بەهەندێك کەسمان دەوت بەس بچۆ بۆ پۆستی (٠٠٠) ناو بنووسە، سەرەت دێت، بەڵام رەنگە پاش چەند مانگ یان چەند ساڵێك بێت. ئەوە لەوێ، لەهەندێ شوێنی تر بەصوتفە پۆست بۆ خەڵك دەردەچی کە لەتەصەوریدا نەبووە، ڕێنماییش بۆ ئەم جۆرە ئەوە بوو کەپێویستە لەگەڵ وەرگرتنی ئەو پۆستەدا دووقات چاکەتو پانتۆڵ لەگەڵ دووسێ کراسو بۆینباخی باقوبریقی تازە، بەمەرجێ هەفتەی جارێ سەری چاکبکاتو بەیانیان ددانی بشواتو بۆنێکی باشیش بکڕێت، ئەگەر هات بەدەستەوە قژیشی ناوبەناو رەشبکاتەوە، ئیتر تیبقەلئەسڵ ئەبێت بەشەخسی موناسب لەمەکانی موناسیبدا، پاشکۆی ئەمانەش جانتایەکو سورەبیایەکەو لەدوای پەترۆلێکەوە سەردەکەوێت. کە دەگاتە ژوورەکەی خۆشی چەند ئیشێکی شەخسیو بینینی چەند کەسێك لەبرادەرانی قەدیمو ڕۆژنامەنووسێك.. ئەمانە هەموو لەبەرچاوی جەماوەر هەیبەتی دەداتێو ئیللەڵاو برایەوە. لەوەش زیاتر هاووڵاتی داماو رەنگە بەو سەرقاڵییە بیبینێت بڵێت:سەیرە چ غەدرێك لەم ماندونەناسە کراوە.

ئێستاو لەم حاڵی حازرییەدا ئیخباری ئەوە هەیە کەپۆستی بەتاڵو شاغیر نییە، بەڵام گەر بەخەیاڵماندا بێت نەك پۆستێ بەڵکو دەیانی شاغیر هەیە کەچاوەڕوانی ئەم خەڵکانەن..

دواجار بەینی خۆمان بێ، ئەم باسەم لەخۆمەوە بۆ چاودێر نوسی نەك بەبەرنامە، با کەس نەڵێ لەگەڵ منیەتی.

پێشڕەو ئەحمەد

سازان عوسمان- خوێندکار

من خوێندکارم لەخوێندنگەی ناوەندی سلێمانی ئێوارانی کچانو سکاڵای خۆمو هاوڕێکانم دەخەمەڕوو کە گرفتی بێکتێبی بۆ خوێندکارانی ئێواران کێشەیەکی دیاری ئێمەیەو دەبێت لەبازاڕدا کتێبەکانمان بکڕین، ئەمە جگەلەکێشەی قەرەباڵغی هۆبەکانی خوێندن کە زۆرجار ڕێژەکە زیاد لەپێویستەو لەهەندێ لەپۆلەکاندا ژمارەی خوێندکاران دەگەنە (٥٠) خوێندکار چوارچوار لەسەریەك تەختە دادەنیشن، من دەپرسم بەو حاڵە خوێندکار چۆن لەمامۆستا تێبگاتو چۆن تاقیکردنەوە ئەنجامبداتو چۆنیش سودمەند بێت، ئەمە سەرەڕای گرفتی هاتووچۆ.

هەروەها یەکێکی تر لەگرفتە سەرەکیەکانمان کەمیو نەبونی مامۆستای وانەکانە بەتایبەت بۆ قۆناغەکانی سێو شەش، بۆ نمونە ئێمە خوێندکاری سێی ناوەندینو تائێستا مامۆستای هەندێك لەوانەکانمان نییە، سەرەڕای هەوڵی ئیدارەی خوێندنگەکەو بەڕێوەبەریش، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئێمە گرفتی کەمی هۆکاری هاتووچۆو گرانیی ئەو هۆکارەمان هەیە، دیارە گرانی بەبەراورد لەگەڵ توانای ئابوری خوێندکاردا.

بەپێی قسەی زۆر لەزانایانو پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسو دەروونناسی، منداڵ لەپێنج ساڵی یەکەمیدا، بەشێکی گرنگی کەسێتی خۆی دادەڕێژێو لەتەمەنی لاوێتیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمە لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەهەند وەرگیراوەو بایەخی پێدەدرێ. بەشێوەیەکی ئاسایی منداڵ لەوڵاتی ئێمەدا، بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە، دەکرێ لەباخچەی ساوایاندا چەندین زانیاری پێویستو پێشەنگ وەربگرێ، کەیارمەتی بدات بەسەرکەوتوویی قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت.

ئەمانە هەمووی کەسی پسپۆرو شارەزای دەوێت، تاپرۆسەی پەروەردەکردن بەئاراستەیەکی ڕاستدا بڕوات، لەهەندێك وڵاتدا، مامۆستای دەرچووی ماجستێر لەباخچەی ساوایانو قوتابخانەی سەرەتایدا دادەمەزرێنن. لەبەر ئەوەی پەروەردەکردنی منداڵ زۆر قورسەو، لەوانە: میسر، بەحرێن، قەتەر، ڕۆژئاوا..تاد. بەڵام بەداخەوە هەندێك لەباخچەکانی ساوایان لای ئێمە بووەتە جێگایەك بۆ حەوانەوەی هەندێك کەپێیان وایە کارکردن لەباخچە ئاسانە، بۆ کەسانێك بڕوانامەیان نییە، یا ئاستی خوێندنیان بەرز نییە، کێ هەیە دڵنیابێت لەپەروەردەکردنی منداڵەکەی لەباخچەیەکدا کە ئەوانەی بەناونیشانی نوسەر (کاتب) دامەزراون، بەبڕوانامەی سەرەتایی، یاخود ناوەندی، ئەو ئەرکەیان بکەوێتە ئەستۆ. کێشە لەدامەزراندنی ئەوانەدا نییە، کێشە لەدیاریکردنیانە بۆ ئەرکێك کە هی ئەوان نییە. مامۆستایەك پاش خوێندنی چەندین وانەی دەروونناسی هێشتا پێویستی بەبەداداچوونو دانانی پلانی نوێیەو گەڕانە بەدوای تازەترین ڕێگا بۆ گەیشتن بەئامانجو پەروەردەیەکی ڕاست.

خۆزگە دەخوازم لایەنە بەرپرسەکانی پەروەردەی منداڵ، بڵێن: ئەمە وانییەو بەبەڵگە بیسەلمێنن. هەندێ باخچەی ساوایان هەیە کەژمارەی نووسەرەکانی دووهێندەی مامۆستاو دادەکانە !.

گەر ویستی دامەزراندنو پاشان فێرکردن لەباخچەی ساواياندا جگە لەو مەبەستانەی پێشتر، بۆ گەڕانەوەی مامۆستاکان بێ بۆ ناو شارو ڕزگاربوون لەلادێ دوورەکان، دەبێ نەوەکانمان چ دواڕۆژێکیان هەبێت.

لێکۆڵینەوە لە چاودێری باخچەکانو لەو کەسانەش لێی دادەمەزرێن، ئەرکی وەزارەتو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو سەرپەرشتیاری پەروەردەییە، کەهیوادارین بخرێتە نێو چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەدرێن لەهەرێمی کوردستاندا.

شنروێ

باخچەی پەپوولە

شادیە مەحمود - خوێندکار

بێپێشەکیو بەکورتی مەبەستمە وەك خوێندکارێکی خوێندنی ئێواران لەگرفتێکی بەرچاو و دیاردەیەکی درێژی پەیوەندیدار بەکچانی خوێندکاری ئێواران بدوێم کە دیاردەی ئازاردانو ئیهانەکردنی دەرونیی ئێمەیەو سەرەڕای نەبونی ڕێگریی خێزانەکانمان لەگەڕانەوەمان بۆ خوێندن، خەڵکانێك بەتەعلیقو تانە باس لەدەوامکردنمان دەکەنو وای لێکدەدەنەوە کە سەیروسەمەرە بێت خێزانەکانمان ڕێمان پێدەدەن گەڕاوینەتەوە بۆ خوێندن، من لەو کەسانە شك دەبەم کە دەڵێن: ئەگەر ئێمە خوشکمان لەو جۆرە کەسانە بێت هەرگیز ڕێگەیان پێنادەین بخوێنن.

ئامادەیی سلێمانی ئێوارانی کچان

سەبارەت بەگرفتی خوێندنیش بەگشتی مامۆستاکان باشن، بەڵام هەندێك مامۆستا جیاوازی دەکەن لەنێوان خوێندکاراندا. هەروەها لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەشەوە هەندێك جیاوازی لەنێوان خوێندنی ڕۆژو شەو دەکەن بەرای من، بۆیە داوا دەکەم بەیەك چاو سەیر بکرێین، چونکە هیچ جیاوازیەکمان نیەو ئێمەش ئەگەر گرفتی ناو خێزانو خراپی باری گوزەران نەبوایە بەوجۆرە دوانەدەکەوتین.

م. دڵشاد بەڕێوەبەر ی ئامادەیی هەرێمی ئێواران

یەکێك لەو گرفتانە کە لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی بواری پەروەردە دەبێتەوە، گەڕانەوەی ژمارەیەکی لەرادەبەدەری ئەو کەسانەیە کە لە سالانی ڕابردوودا بەهۆکاری جیاجیا لەخوێندن دابڕاون، دیارە ئەمەش زیاتر لە خوێندنگەکانی ئێواراندا ڕەنگ دەداتەوە، قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵیش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە هەر قۆناغەو داواکاریو پێداویستیو گرفتی خۆی هەیە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند دەتوانرێت داواکارییەکان جێبەجێبکرێن بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی؟ دیارە خوێندنگاکانی ئێواران بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو کەسانە دەکەن کەرێگەی خوێندن دەگرنەوە بەر، بەڵام ئەوەی ئەم ساڵو لەخوێندنگاکانی ئێواراندا بەدیدەکرێت ئەو ڕێژە زۆرەی خوێندکارانە کەکاریگەری خراپ لەسەر شێوازی فێرکردن دادەنێتو ڕەنگە بەکردنەوەی چەند خوێندنگەیەك بەشی زۆری گرفتەکانی خوێندکاری ئێواران چارەسەر بکرێت.

ئێمە خۆشحاڵین بەوەی نەوەکانمان ڕووەو زانست هەنگاو دەنێن، دڵگرانیشین کەهەندێك جار نەمان توانیوە وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکەینو گەر لەهۆکارەکانیش بدوێین، دەکرێت ئاماژە بۆ چەند گرفتێك بکەین وەك زۆری ژمارەی خوێندکار لەپۆلەکانی خوێندندا بەجۆرێك کەلەڕووی زانستیو پەروەردەییەوە، پەسەند نین، هەروەها بینای خوێندنگاکانی ئێواران زۆریان بینای قوتابخانە سەرەتاییەکانن، کە ئەمەش لەچەند ڕوویەکەوە هەڵگری گرفتەو کێشەی کارەباکە لەکێشە هەرە سەرەکییەکانی خوێندنگاکانی ئێوارانە کە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، ئەمەو بونی جیاوازی بەرچاوی تەمەن لەنێوان خوێندکارانی ئێواراندا کەدیارە ئەویش کاریگەری ناحەز دادەنێت، هەموو ئەمانەو چارەسەرکردنیانو حساب کردن بۆ باری کۆمەڵایەتیو باری دەروونیو هەموو کاریگەرییەکانی سەر ژیانی خوێندکاری ئێوارانو هاوکارییان لەدەوامەکانی فەرمانگەش، بۆ هەندێکیان لەو ئەرکانەن لەئەستۆی لایەنەکانی بەرپرس کەدەچنە خانەی خزمەت کردنی کۆمەڵو وڵاتەوە بەبەخشینی شێوازی زانستیو هاوچەرخی پەروەردەو فێرکردن.

داوا لە مام جەلال و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی شارەوانی دەکەین چارەیەکمان بکەن

سازدانی جەمال پێپنجوێنی

تا ئێستاش کۆمەڵێك مرۆڤ هەن کە بۆ پەیداکردنی نان، ژیانیان دەخەنە بەر مەترسی سنورەکانو بەکاری قاچاغو کۆڵبەری بژێوی ڕۆژانە پەیدادەکەن بۆ زانینی گوزەرانی ئەو مرۆڤانەو شێوازی کارکردنو ئەو مەترسیانەی ڕۆژانە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە کۆڵبەرێکمان دواندو هەستمان کرد تەنها قسەکانی ئەو وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانە بوون کەلای ئێمە سەبارەت بەو دیاردەیە دروست بوبوون ئەو وتی: من ناوم فەرید–ەو خەڵکی شاری مەریوانم، ماوەی چوارساڵە خەریکی ئەم کارەم، ژمارەیەکی زۆریش لەژنومنداڵو گەنجو پیر بەگەرمای هاوینو بەستەڵەکی زستان ئەم کارە دەکەنو ڕۆژی سێ تا چوار جار ئەمبەرو ئەوبەر دەکەین.

ئێمە هەموو جۆرە کەلو پەلو کالایەك دەهێنینو دەبەینو دەبێت بەرپرسیارێتی گواستنەوەی کەلو پەلی خاوەنەکانیشیان لەئەستۆ بگرینو لەکاتی گیران یان هەر بارێکی تردا دەبێت پول بدەینە خاوەن بارەکە.

ئێستا نرخی یەك کارتۆن چا کە ئێمە دەیبەینە ئەودیو (١٢٠٠) تمەنە کە دەکاتە (٣٠٠٠) دیناری نوێی عێراقیو لەدیارترین گرفتەکانمان ئەوەیە کە کاتێك سوپای ئێرانی دێنە سەر ڕێمان دەبێت پارە بدەین تا نەمان گرن، بەڵام زۆر جاریش کۆڵەکانمان هەر دەگرنو سوکایەتی زۆریشمان پێدەکەن. ئەمە جگە لەوە کەچەندین کەس لەم ڕێگەیەدا مین لاقی پەڕاندووە بەهۆی تەقەلێکردنیشەوە چەندین کەس کوژراون کەچواریان کەسو ناسیاوی خۆم بوون.

خەڵکی گوندی کاژاوم ناوم (محمد ئەحمەد کاکل)ە، لەکاژاو لەدایك بووموو لەمەڵکەندی دادەنیشم، لەساڵی١٩٧٤ەوە لەسلێمانیم، لەساڵی ١٩٩١ەوە لەژێر جەمەلۆنەکانی مەحکەمەدا کاردەکەم ، کابرایەکی هەژارو بێ دەسەڵاتمو توانای کاسبیم نیە، ڕووم کردۆتە قاپی خوا نەختێك کەوەرو کەرەوزو سەوزەم هەیە لەسەر عەرەبانە ئەیفرۆشم ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵە ئەوە ئیشی منە، حکومەت ئەم جەمەلۆنانەی دابەئێمە، ئێمەش چینی هەژارین لێرەدا، کەسمان کابرایەکی دەوڵەمەند نین، ئەگەر خاوەنی سێسەد یان چوارسەد هەزار دینار بین ئەچین لەبازاری شوشە یان بازاری عەبەی قیروان یان لەبازارێك یان لەشوێنێکیتر دوکانێك دەگرین یان دەکڕینو هیچ مەجبور نین دانیشین لەژێر ئەو جەمەلۆنانەو لەژێر تەپوتۆزو ساردیوگەرمی زستانو هاویندا هەموومان لەسەر ئەوە ئەژین نزیکەی چوار پێنج هەزار کەسین، خوا قبوڵ ناکات بۆتاکە کەسێك چوار پێنج هەزار کەس بێ کارو کاسبی بێت، دیفاعمان لێبکەنو یارمەتیمان بدەن بەگوێرەی تواناو دەسەڵات زۆرمەمنونی حکومەتی هەرێمی کوردستانو مام جلال دەبینو داواکارم حاکم قادر یارمەتیمان بداتو خواش پایەداری بکات، لایەکمان لێبکاتەوە. ئێستا دەوڵەمەند هەیە ئەیەوێ ئەو ئەرزەیە بکرێو لەدەست فەقیرو هەژاری بکات، من بیست ساڵە هەموو بەیانییەك زوو دەچمە عەلوە تا هەشتی ئێوارە کاسبی دەکەم، بیست تا چل دینارم دەست دەکەوێ، داوا لەحکومەتو مام جەلال دەکەین وەکو سەرۆکی گەورە دیفاعمان لێبکاتو چارەیەکمان بکات، ئێمەش سوپاسی دەکەین.

ئاوێنە

خوێندکاران.. لەنوێبوونەوەی ساڵی خوێندندا، باپەرێزی پاکنەکردنی فەلسەفەی خوێندن پاك بکەنەوە

ئەمساڵیش وەك هەموو ساڵەکانی تر، دەرگای خوێندنگەکان کرایەوە. لەم ساڵی رزگاری کوردستانو عێراقدا، پۆل پۆل دەنگو رەنگە جیاوازەکانی خوێندکاران، رووەو خوێندنو پۆلەکانی فێربوونی زانستو زانیاری بەرێدەکەون. بەڵام دوای ئەو هەموو گۆرانکاریانەش، دیسان میتۆدی زاڵو کۆنی خوێندن ئامێز بۆخوێندکارە ئازیزەکان باڵادەستە. کەئەمەش ماوەی چەند ساڵێکە، گفتوگۆو بەرنامەی، چ خوێندکاران، یاخود یەکێتی مامۆستایانو بەوەزارەتی پەروەردەیشەوە بووە، قسە لەسەر گۆڕینی میتۆدی خوێندن کراوە، ئێمە لێرەدا ئەم ئەرکە وەك بەشێك، لەئەرکە بنچینەییەکانی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان سەیر دەکەین، کە ئاخۆ چەند هەنگاوی جدیان بۆ ئەم کارە هەڵهێناوە, مەبەستیشمان لەهەنگاوی جدی، تەنها پێشنیازو دەرکردنی بەیاننامە نیە، کەئەمەشیان سەرەتای هەنگاوە بۆ گۆڕینی ئەم کارە. بەداخەوە، لەژۆرینەی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەکاندا، هەست دەکەین، لەپەراوێزی بزوتنەوەی خوێندکاراندا، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ئەرکە شارستانیەدا کردووە. کەئەمەیان یەکێکە لەئەرکە بنچینەییەکانی کاری ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان.

لەساڵی خوێندنی نوێشدا، بەپێی ئاگاداری چاودێر، کەدەبوو، بەر لەکردنەوەی دەرگاکانی خوێندن، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەبەرنامەیەکی چڕوپڕتر، ڕوبەڕووی ئەم سەرەتایەی خوێندن ببایەتەوە. بەبەستنی چەندین سیمینارو کۆبوونەوەو مێژگرد، ئەمیش بەبانگهێشت کردنی، ئەو کەسایەتیە پسپۆرانەی بواری زانستو زانیاری، بۆئەوەی بەبەرنامەیەکی هەمەلایەنەی خوێندکاریەی ڕوبەڕووی ئەو دەزگاو لایەنو وەزارەتانە ببێتەوە، کەوەك هێزێکی دیموکراسیو مەدەنی خواز فشار بخاتە سەریان بۆ بەپراکتیك کردنی گۆڕینی فەلسەفەی خوێندن. کەئەمە بەئەرکێکی بنچینەیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەزانین لەم قۆناغەدا، هەروەها ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی دیکەش.

بەڵام بەداخەوە، ئەم خەمە شارستانیە، ئەگەر پێش رووخانی رژێم پاساوی جێبەجێ نەکردنی هەبووبێت، دوای ئەوە ئەم پاساوە نەماوە، ئەوەی ئێستا دەیبینین، هەندێجار لەچوارچێوەی کاری بچوك و کاری زۆر بێ کاریگەر، ڕێکخراوەکان سەرقاڵ دەبن، لەولایشەوە، خەمو خەونەکان دەکەونە پەرێزەوە. لەروانگەی دوور بینی، ڕێکخراوێك. کەهەزاران هەزار دەنگ چاوەروانی هەنگاوی بوێرانەیان لێدەکات، بۆئەو ئامانجانەی بەرنامەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)ی لەسەر بنیات نراوە. ئێمە پێمان وایە ئەو سەرەتایانە لەدوو خاڵی سەرەکیدا کۆدەبنەوە:

١- هەمەلایەنە درك نەکردنو تێنەگەیشتن لەکاری پیشەیی و ڕێکخراوەیی. کەزۆرجار تێکەڵییەکان دەگاتە ئاستێك. تەنیا بەزیانی ڕێکخراوەکە کۆتایی دێت.

٢- کەم ئەزموونیو قووڵ نەبوون لەهۆشیاری گشتی، ئەرکە خوێندکاریەکان، بۆ هەموو ڕەوتە دیموکراسیەکانی نێو ڕێکخراوی مەدەنی.(ئەم بارە لەکاری سەرجەم ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراسیەکاندا بەدی دەکرێت).

سەرەرای ئەمانەش، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان چ لەمێژووی دووری و چ لەمێژووی ئێستایدا، خاوەنی چەندین دەستکەوتی گەورەی ڕێکخراوەییە، کەساڵانە پێشکەشی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی کردووەو دەکات، بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەی دوایدا، ئەو دەستکەوتە خوێندکاریانەی لەڕێگەی ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵەی خوێندکارانەوە بەدەست هاتوون. بەهۆی ئەو پێشینەیەوە، کۆمەڵەی خوێندکاران زیاتر لەڕێکخراوەکانی تر ئەرکی سەنگینی گۆڕینی ئاراستەکانی خوێندنی دەکەوێتە سەرشانو پرسیاری یەکەم لەناوەندەکانی خوێندنەوە، لەمان دەکرێت.

بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندنیشەوە، جارێکی دیکە، ڕووی پرسیارمان دەکەینە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان:

* دەبا ئەمساڵ، ساڵی گۆڕینی دیموکراسیانەی سەرجەم فەلسەفەی خوێندن بێت.
* دەبا ئەمساڵ، ساڵی ئەو وەرچەرخانە گەورەیە بێت، بۆ هێنانەدی باشتری ئامانجە خوێندکاریەکان.
* دەبا ئەمساڵ، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، بەرنامەیەکی فراوانی چاکسازی پێ بێت بۆئەوەی ببێتە هەوێنی هەڵوێستی گۆڕینی فەلسەفەی خوێندنی هاوچەرخ، هاوشانی ڕێکخراوە دیموکراسیەکانی دیکە لەکوردستاندا.

بەدڵنیایشەوە، ئەم هەنگاوانە، بەکاری جدی، بەتێگەیشتنی دیموکراسیانە، بەدیالۆگی ئازادانە، بەقبوڵکردنی سەرنجو رای جیاواز، بەباشتر ڕێکخستنی، سەرجەم ئۆرگانە خوێندکاریەکان بەدی دێت. دەنا، چاوەڕێ مەبن خوێندکارانی هوشیار، لێتان رازی بن.

چاودێر

لاوان و گۆڕانکارییەکان

فەرەیدون سدیق

پرۆسەی ئازادی عێراقو کۆتایی هێنان بەرژێمێکی دیکتاتۆری تەمەن زیاتر لەسی ساڵە، تەنها رووداوێکی سیاسیو گۆرانکاریەکی رواڵەتی نەبوو، بەڵکو هاوکات ئەم گۆرانکاریە، وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی، ئابووریو بگرە کەلتووریش دەبێت. هەموو گۆرانێکیش ئەگەر بەزمانێکی جوگرافی قسەبکەین تەنها لەیەك ناوچەو لەیەك بۆتەدا کورت نابێتەوە، هەمیشە لێکەوتەکانی ئەم وەرچەخانە، لەو سنورانە تێدەپەڕێو قوڵتر کاریگەری دادەنێ. ئێمە لانی کەم لە (دۆکهایم)ەوە فێربووین، کەلەسیاقی گۆرانکاریداو لەو فەزایەدا، تەنها ئەو هێزانە ناکەونو ناپوکێنەوە، کە گۆرانکاریەکە لەبنچینەدا بریتییە لەهەڵتەکاندنیان، بەڵکو هێزە هەوادارو لایەنگرەکانی خودی ئەو گۆرانکاریەش ئەگەر چاو بخشێننەوە بەپێکهاتەو بوونیادیان، بەناچاری دەکەونەوە ناو بازنەو قەدەری خودی ئەم گۆرانە. لێرەوە ئەگەر لەگۆشەنیگای لاوانو ڕێکخراوەکانی لاوانەوە، ئاور لەگۆرانەکانی ئەم دواییەی عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی بدەینەوە، ئەوا لەیەکەم هەنگاودا، چەندین پرسیار خۆیان دەسەپێنن. کەهەر هەمووی لەخولگەی پرسیاری لاوانو ڕێکخراوەکانیان دوای گۆرانکاریەکان دەسوڕێتەوە.

ئاشکرایە کەلاوان لەناو کۆمەڵدا، دەرکەوتووترین توێژن، و لەنەخشەی کۆمەڵایەتیو سیاسی دنیادا، و لەمێژوودا بەبزاوترینو کاریگەرتر بوون. ئەمە نەك تەنها لەبەر هۆکاری بایۆلۆژیو لەبەر توانای جەستەیی ئەم توێژە، بەڵکو لەبەرئەوەش، کەئەم پێکهاتەیە لەناو کۆمەڵدا، خاوەنی خەیاڵدانو بەهرەو خولیای جیاوازو تازەن بەبەراوورد لەنەوەی پێشووترو رابردوو.

گۆرانکاریەکانی عێراق چەندین دەرگای بەرووی ئەم توێژەدا کردەوە، کەتادوێنێی دیکتاتۆریەت دایخستبوون. زەمینەی بەدیهاتنی چەندین ئاوات و حەزی ڕەخساندووە کەلەدوێنێی نزیکدا خەونو خەیاڵ بوون. هەروەها دەرفەتی بزاوت و جوڵانەوەی نوێی هێنایەکایە. کەپێشتر قەدەغە کرابوو. لەم ڕێرەوەدا، ڕێکخراوەکانی لاوان بەبەرنامەو پێکهاتەو ئەقڵیەتی رابردوو، ئایا دەتوانن هاوتەریبی گۆرانکاریەکان هەنگاوهەڵهێنن، بێ بەریەککەوتنو شۆك؟ بەواتایەکی ڕوونتر.. دەتوانین بڵێین کەگۆرانەکانی عێراق لەکوردستان تەنها بواری کاری زیاترو هەڵسورانی فراوانتری بۆ ڕێکخراوەکانی لاوان نەکردۆتەوە، بەڵکو لەهەمان کاتدا پرسیاریشی لەسەر مۆدێلی پێشووتری کاری خودی ئەم ڕێکخراوانەدا ناوە.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێت گۆرانکاریی دەرەکیەکان ناپەرنەوە ناوخۆو لەسەر هەناوی پرۆژەکانی ڕێکخراوەکان کاریگەرنابن. ئەو هێزانەش کەلەفەزای دیکتاتۆریەتدا، وەك پەرچەکردارو ڕوبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ ئەم جۆرە ڕژێمە لەدایك بوون، مەرج نییە بتوانن لەفەزاو بۆتەی دیموکراسیو کرانەوەشدا درێژە بەهەمان مێژوو بدەن، بگرە پێویستی بەبەخۆدا چوونەوەو گونجان لەگەڵ ئەو کەشە تازەیەدا، بەشێکی دانەبراوە لەپرۆسەی بەدیموکراسیو بەمەدەنیکردنی کۆمەڵ، بەو هیوایەی ڕێکخراوەکانی لاوان، بەبەرنامەی نوێ، عەقڵی نوێ، داهێنانی نوێ، کرداری نوێ، پرۆژەی نوێ، رەخنەی نوێ، بتوانن خزمەت بەلاوانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی بکەن.

یەکریزی کرێکارانی کەرکوك، بە کرێکاری دە هەزاریی تەعریب مەحاڵە

لەپێناو یەکریزی خەباتی دیموکراسی لەکوردستاندا، پاش چوونە پێشەوەی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا، سەبارەت بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستانیش، لەپێش پرۆسەی ئازادی عێراقداو لەسەرتایەکی باشدا، هەوڵی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان درا.

ئەوەبوو لەسلێمانیو لەهەولێریش چەند کۆبوونەوەیەك سازدراو سکرتێرو کارگێرەکانی ڕێکخراوەکان تێیدا بەشداریان کرد، هەر لەوێ بڕۆکەی یەکگرتنەوە، هەڵبژاردنی گشتیو بەستنی کۆنگرەی هاوبەشی ڕێکخراوەکان، گەڵاڵە کرا، جەخت لەسەر یەکریزیو هاو ئامانجی کرایەوە، بەشێوەیەك کەجگەلە خەباتی نیشتمانیو یەکخستنی ماڵی کورد، دەبێ ڕێکخراوەکان پێشەنگی ئەم یەکگرتنەوەیە بن، چونکە خەباتی دیموکراسی پیشەییو ڕێکخراوو سەندیکاکان، ئەم ئەرکە دەخوازێت.

ئەم کۆبونەوەو بڕیارانە، بوونە هەوێنی دروست بوونی پەیوەندییەکی باش لەنێوان سەندیکاو ڕێکخراوە هاوچەشنەکان کە لە سایەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستاندا، بەداخەوە دابەش بوون.

یەکێ لەو ڕێکخراوانەی کەبەجدی دەیویست یەکریزی ئەندامانی خۆی رابگەیەنێت، وەك پێویستییەکی قۆناغەکە، هەموو تواناکان لەڕێکخراوێکی یەکگرتوودا بەرجەستە بکات، یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان بوو.

سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، وەك هەموو ئیدارەو ناوچەو ڕێکخراوەکانی تری کوردستان بەهۆی ئەو گرفتو ئاڵۆزیانەی ساڵانی رابردوو تووشی دووکەرتی بووە، ئەمەش وای کردبوو کەتاکو ئێستا نە لێرەو نەلەوێ، نەتوانراوە کۆنگرەیەکی کرێکاری ئازادانە ببەسترێ تاکو لەو کۆنگرەیەدا پەیڕەوو بەرنامەی سەندیکا بچەسپێو بەشێوەیەکی دیموکراسیانە، لیژنەکانی سەرکردایەتی بۆ رابەرایەتی کردنی کرێکاران هەڵبژێردرێ، بەداخەوە، تاکو ئێستا بۆماوەی زیاد لە (١٠) ساڵە سەرکردایەتیەکانیان بەشێوەی دەست نیشان کردن کاردەکەن، ئەمەش یەکێکە لەکەموکوریەکانی سەندیکاکانی کرێکاران لەکوردستاندا.

دیارە بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتەو دارشتنی بەرنامەیەکی کاری گونجاو، کۆنگرەی سەرتاسەری کرێکاران لای هەمووان بۆتە پێویسیەکی قۆناغەکە. لەو پێناوەدا، هەوڵدرا کەهەردوو لیژنەی باڵای سەندیکاکانی سلێمانیو هەولێر کۆبوونەوەی هاوبەش بکەنو ئەوەبوو لە ٢٠٠٣/٥/٢٧ کۆبوونەوەیەك لەسلێمانی سازدرا، بەئامادەبوونی هەموو ئەندامانی لیژنەی باڵاو لێپرسراوی لقەکانی کوردستان بەگیانێکی برایانەوە بریار درا کەبەزووترین کات بەربەستەکانی یەکنەگرتنەوە ریشەکێش بکرێن، هەوڵی جدی بدرێت بۆ هەڵبژاردنو بەستنی کۆنگرەی سەرتاسەری، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازکرا کە سەرەتا لقی کەرکوك بکەینە یەك لقو هەموو تواناکان یەك بخەین تاکو بەیەکریزیو یەکدەنگی بەرەنگاری نەیارەکانمان ببینەوەو کاربکەین بۆ چاکسازیکردن لەژیانی کرێکارانی شاری کەرکوك بەدەر لەبۆچوونی سیاسی، نەتەوەییو رەگەزیی.

پاشان ئەم بیروبۆچوونانە هەمووی بەو ئاقارەدا ڕۆیشت، کەلەنزیکترین کاتدا لقی کەرکوك کارەکانی بکات. شایەنی باسە سەرەتای دەست بەکاربوونی سەندیکاکان لەکەرکوك، پاش پرۆسەی ئازادی عێراق، دوو سەندیکای سەر بەهەر دوو ئیدارەی کوردستان، کاری دەکردو جگەلەوەی خەڵکانی تریش لەهەوڵی ئەوەدابوون کەکار بکەنو شەرعیەتی یاسایی وەربگرن، بەو بیانووەی کەبۆچی دووان هەیە، دەکرێ زیاتریش بێت.

ئەمانە هەمووی وایکرد لەڕێکەوتنێکدا بەئامادەبوونی نوێنەری هەموو لایەنە بەشداربووەکان لەسەندیکاکانی کرێکاراندا لەسەر چەندین خاڵ ڕێکەوتنەکە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ دا راگەیەندرا ئەو خاڵانەش گرنگترینیان:

١- پێکهێنانی یەك سەندیکا لەکەرکوك.

٢- هەردوو لقەکە یەکبخەین لەنوێنەری هەموو لایەنەکانو نوێنەری تورکمانو عەرەبی رەسەنیشی تێدا بێت.

٣- ئەندامانی لیژنەی راپەراندنی لق (١١) کەس بن.

کەسی غەیبانی دەڵێت مردنی مرۆڤ لەشوێنکاتە جیاجیاکاندا پەیوەستی غەیبەو کەس نایزانێت ئەگەر لەرێگای هەر شتێکەوە بێت، کەس پەی بەزەمەنی مردنی مرۆڤ نابات‌و ناتوانێت چرکە ساتەکانی دیاری بکات، ئەمە تاکە بیرۆکەو تاکە بڕیارو قسەی پێشینەیەتیو لەهەموو شوێنکاتێکو موناسەبەیەکدا دووبارەو چەندبارەی دەکاتەوە.ئەگەر ئێمە پرۆسەی کوشتن وەکو شێوەیەك لەشێوەکان، یا رێگایەك لەرێگاکانی مردنی مرۆڤ وەربگرین، ئایا ئەو حوکمەی کەسی غەیبانی تاچەند راست دەبێتو لەکوێدا لەگەڵ حوکمی نادیاری غەیب یەکدەگرێتەوە؟ ئەمە لەکاتێکدا کە دەڵێت مردنی مرۆڤ غەیبەو کەس پەی پێنابات! .پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە باشتر وایە قسەیەکی کورت لەسەر هەردووانەی (مردنو کوشتن) وەکو دوو پرۆسەی ئامادەیی نێو بوون بۆ نەمانو ڕەشکردنەوەی جەستەی مرۆڤ بکەین، لەگەڵیشیدا جیاوازی نێوانیانو لێکچوونەکانیان دیاری بکەین.مردن کردەیەکی خواکردەو پەیوەستە بەخوداوەند، کوشتن پرۆسەیەکی مرۆڤ کردەو پەیوەستە بەمرۆڤ. مردنی رووتو بێ لێدان مردنێکە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی بەشەریەت لەسەر گۆی زەویدا روودەدات، حالەتێکی سروشتی لەخۆ دەگرێت، کوشتنو لێدان نەهێشتنو لەناوبردنی جەستەیە بۆ ڕەتکردنەوەی بەردەوامبوونی ژیانی بەشەریەت رو دەدات، ئەمەش بارێکی ناسرووشتیە، هەر چەندە کوشتن کردەیەکی مرۆڤکردەو مردنیش کردەیەکی سرووشتی، بەڵام دەرەنجامی هەردووانەیان هەر نەمانو سڕینەوەی مرۆڤە لەنێو بووندا، کەواتە کوشتنو مردن لەویدا یەکدەگرنەوە کە لەپشت هەردووانەیان مرۆڤ لەنێو ئەتواری ژیاریدا وەکو بوێکی زیندووو ئەکتیڤ بوونی خۆی لەدەست دەدات‌و نامێنێت، مردنو کوشتنی مرۆڤ هەر دووانەیان دوو پرۆسەی لێکجیاکردنەوەی رۆحن لەجەستە، بەڵام ئەوەی کوشتن لەمردن جیادەکاتەوە ئەوەیە کوشتن هەندێکجار لێکجیاکردنەوەی پارچەو ئەندامە بەشە جەستەییەکانە لەیەکتری.. مردن لەهەر شوێنکاتێکدا بێت، ئەوا ئەمرەکەی نادیارەو لوغزێکی تێدا هەیە، بەڵام کوشتن ئەمرەکەی دیارەو لەرێگای کەناڵی جیاجیاوە بەئەنجام دەگەیەنرێت، کوشتن پلانێکی رێکخراوو داڕێژراوی هەیە، کەسو چەکو ماددەو شوێنکاتی دیاریکراویشی هەیە.. بەبۆچوونی من لەرێگای مردنەوە ناتوانین لەدەرگای زانینی ماڵی غەیبو بڕیارەکانی بدەین، بەڵام لەرێگای کوشتنەوە دەتوانین ئەمە بکەین.لەبەرئەوەی بڕیاری غەیبو مردنی مرۆڤ نەمانی جەستەیە، کوشتنی مرۆڤیش بەهەمان شێوە نەمانی جەستەیە، کاتێك نەمانی مرۆڤ لەلایەن کەسی غەیبانیەوە دەبێتە حوکمی نادیار ، ئەوا ئێمە لەرێگای کوشتنەوە دەتوانین لەدەرگای ماڵی غەیب بدەینو بڕیارەکانی ئاشکرا بکەین.ئەگەر رووداوی خێڵی حەمە و ساتی کوشتنو سەربڕینی مرۆڤەکان لەوێنانەندێکی هەنووکەیدا بهێنینە بەرچاو لەجیاتی شوێنکاتە جیاجیاکان دەستەواژەی سەرەوە دابنێین، ئایا راستی ئەم قسەیە بەتاڵو پوچ نابێتەوە کاتێك دەڵێت مردنی مرۆڤ غەیبەو کەس نایزانێت، خۆ لەساتە چەند کورتەکەی پێش سەربڕین، کەسی سەربڕاو زانی ئەوە چیدی دواهەمین ساتەکانی ژیانیەتی ئیدی تەواو نامێنێت، ئەوەی چەند کەسێکی لەپێش چاودا سەربڕا و دەزانێت پاش دەمێکیتر سەرەی ئەویش دێت بۆ سەربڕین، ئیدی زانی ساتی هاتنی بڕیارەکانی بەنێو غەیب لەئێستادا روونو لەبەرچاوە، ئەوەی لەم چەند ساتانەدا زانی دەمرێت، ئەوا مرد، ئەوەی زانی پاش کەمێکیتر سەردەبڕێتو بۆ ئەبەد ژیان نابینێتەوە، ئەوا سەربڕاوو ژیانی نەبینیەوە، ئەوەی پێشبینیکرد دوای چەند رۆژێکیتر دەبێتە بابەتی سەر زاری خەڵکو راگەیاندنو پێی دەڵێن شەهید، ئەوا پێشبینیەکەی راست دەرچوو، کەواتە هەندێکجار مرۆڤ پەی بەبڕیارەکانی غەیب دەباتو ساتی مردنی دەزانێت، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ دەستی لەدروستکردنی ئەو پرۆسانە هەبێت کە داوجار لەپشتیانەوە بڕیاری غەیبی دەردەچنو بەچاوێکی غەیبیش نیگای دەکەن.

لەخێڵی حەمەدا ئەگەر پەی بردن بەنهێنیەکانی غەیب لەلایەن کەسی سەربڕاوەوە لەکاتی سەربڕینەکە بێت، ئەوا لەلایەن کەسی سەربڕکارەوە لەزەمەنی پێش ئەوەدایە، واتا ئەوانەی لەم پرۆسەیەدا سیفەتو کارکردەی لێکردنەوەو لێکجیاکردنەوەی کەللەی سەر لەجەستەی سەربڕاوی کەوتۆتە ئەستۆ، زووتر دەزانێت کە ئێستا، یاپاش چەند ساتێکیتر کەسی بەرامبەر بەمەبەستی لەناوبردنو نەهێشتنی سەردەبڕێتو ئەتکی دەکات، کەواتە ئەوەی پێی دەڵێن غەیبو بڕیارەکانی غەیب لەلایەن کەسی سەربڕکاری ئەم رووداوە، زووتر پەی پێدەبرێتو دەزانرێت، چونکە خۆی فیگورێکی چالاك‌و بەرچاوی بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەکەیە.غەیب کاتێك غەیبە کەس لەهاتنیدا ئاگادار نەبێتو کەسیش دەستکاری قەدەرەکانو ستایلەکانی هاتنی نەکات، بەڵام کاتێك مرۆڤ ئامادەیە بۆ بەغەیب کردنی رووداوێك، ئەوا غەیب غەیبوونی خۆی لەدەست دەدات‌و دەچێتە نێو گەمە سیاسیە مرۆڤکردەکان.

مادام لەئێستادا یەکێك هەیە بتوانێت ئەمرو فەرمانی (غەیب) وەکو کردەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو پراکتیزە بکات، کەواتە یەکێك هەیە بتوانێت دەستکاری لەچۆنیەتی هاتنەئاراو رووداوانی ئەو رووداوانە بکات، کەدواجار بەحوکمی موتڵەقی نادیارەوە بەستراوەتەوە.

بەئەنجام گەیاندنو نەگەیاندنی ئەم کردەوەیە لەئێستادا ئەوە روون دەکاتەوە کە حوکمە غەیبیەکەی داهاتوو چی دەبێتو چۆن لەبارەیەوە دەدوێت، کردنو نەکردنی لەلایەن کەسی سەربڕکارەوە دەستکاریکردنی بڕیاری غەیبی داهاتووە، بەکردنی غەیب بەجۆرێك ئامادەیەو بەنەکردنیش جۆرێکیتر، بەڵام کردنو نەکردنی لەئێستادا وەکو وتمان بیرۆکەی غەیب بوونی شتەکان (بەتایبەتی کوشتن)پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە کەسی پراکتیزەکار لەیەك کاتدا هەم دەتوانێت ئەمە بکاتو هەمیش دەتوانێت نەیکات.

بەکورتی قسەکردن لەئێستایی بوونی رووداوەکان هەندێکجار حوکمە نادیارەکانی غەیب رەفزو بەتاڵ دەکاتەوە، باوەڕهێنان بەوەی کوشتنی ئینسانەکان لەئێستادا پەیوەستە بەحوکمی نادیاری غەیب، پەیوەستە بەحوکمی خوداوەند لەئاسماندا.. ئەوە قسەیەکی پوچو بێبناغەیەو لەهەمانکاتیشدا باوەڕهێنانێکی ناڵۆژیکی و ناعەقڵانییە. خێڵی حەمەش دوورو نزیك پەیوەندی بەغەیبو بڕیارەکانی غەیبەوە نییە، پەیوەندی بەخوداوەندو ویستەکانیەوە نییە، جگە لەرووداوێکی سیاسیو سەربازی نەخشە بۆداڕێژراوی مرۆڤ.

رۆشنتر لەخامۆشی

با دوور لەشپرزەیی

کار بۆ ئەنجامدانی جۆر بکەین

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

دووسێ ساڵێك دەبێت تێبینی دیاردەیەکی سەیر دەکەم، ببورن سەیرەو سەیریش نییە، ئەم دیاردەیەش پاش زۆربوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لەکوردستاندا وەدەرکەوتووە، لەلایەکەوە دڵخۆشکەرەو لەلایەکی تریشەوە بەدەرنییە لەکەم وکوڕی و گرفت، چ بۆئاستی رۆشنبیریمان بێت یا بۆ ئاستی نووسەر بێت.

لەلایەکەوە دەزگاو خانەکانی بڵاو کردنەوە لەکوردستاندا کەوتونەتە جموجۆڵێکی لەبەرچاو، ئەمەیان پەرۆشیە بۆخزمەت کردنی رۆشنبیری کوردی و پڕکردنەوەی کەلێنی کتێبخانەی کوردی، شێوازی چاپ کردنی کتێبەکانیان و کتێبی سەرەتای ڕاپەڕین ئەرز و ئاسمانیان بەینە، پێشکەوتنی پێوە دیارە بەڵام نەفەسی پێشبڕکێی بەسەرا زاڵە واتە پێشبڕکێی نێوان خۆیان، هەر یەکە هەوڵی ئەوە ئەدات پێش دەزگای بەرانبەر یا نزیکی خۆی بکەوێت. ئەمەیش بۆ هەموو دەزگاو لایەنێك رەوایە بەمەرجێك بۆ زۆربوونی روت نەبێت، لەسەر حسابی جۆر. لەم رووەوە با ئاوڕ لەکارەکانمان بدەینەوەو تۆزێك لەسەر شپرزەیی بەرنامەو راستگۆیی و ناڕاستگۆیی ئەو پسپۆڕانەی کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی کتێبەکانیان پێدەسپێردرێت یا تێکەڵاوبوونی شوناسی کارەکانی تاکە جێگایەك، بوەستین.

هەمان دیاردە بەکارو جموجوڵی نووسەریشەوە دیارە ئەمە پەیوەندییەکی بە فرەبوونی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەوە هەیە یا شت و کاری تر کە سەروتر دروستیکردووە. هەروا کتێبەو دەزگا فرێی ئەداتە بازاڕەوە، نووسەریش هەروا دەستنووسەو دەیداتە دەزگا و لەماوەی مانگێك دوو مانگدا سێ چوار کتێبی بۆ چاپدەکرێت. سەبارەت بە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ئەمە کارێکی رەوایە بگرە هەر دەبێت وابێت، نەك لە مانگێکدا، بەڵکو لە تێنەگەیشتنەوە یان ڕێز نەگرتنەوە دێت لەبەرامبەر ئەوی تردا، گەر مارتا لای کامۆ لە جان بگەیشتایەو لەنهێنیەکانی‌نێو ڕستەکانی حاڵی بووایە بۆ ئاوا درندانە لەگەڵ دایکیدا دەیان کوشت؟! ئەمە ئەو پرسیارەیە کە رەنگە پێویست بکات ڕۆژانە هەموومان لەبوونی خۆمانی مرۆڤ هەندێك جار وائەزانێ دڵنیایە، بەڵام لەڕاستیدا بەهەڵەدا چووە.

(کامۆ)

بەدحاڵی بوون..

لەبەردەم دڵەراوکێی ئێمەدا

نوسینێکی هاوبەش

گۆران عەلی کەریم — **سەفین ئەنوەر شوکری** — **کامەران سوبحان**

ئەم نوسینە هاوبەشە مادەیەکی چرکە ساتیە، یان دایەلۆگیکی فرە لایەنە لەسەر یەکێك لە شاکارەکانی نوسەری فەرەنسی ئەلبێر کامۆ ، کەپاشتر ئەم دایەلۆگە نمایشێکی لێکەوتەوەو دواتر هەر سێ نوسینەکە بووبە ئەم نوسینە هاوبەشە کە خوێنەر لەپەرەگرافەکاندا جیاوازییەکان دەبینێت، هەر وەك جیاوازیەکانی‌هەر یەکەمان بۆ ژیان‌و دەوروبەر.

ڕەنگە یەکەمین چرکە ساتەکانی دڵەڕاوکێ لەبەرامبەر هەر موفرەدەیەکی هونەری یان ژیانی لەو ساتەوە دەست پێ‌بکات کەهیچ پرۆسیسێکی‌هونەری نیە لەدونیادا بگاتە پلەی کامڵ، هەر ئەمەشە بەردەوام وامان لێ دەکات بەترسەوە لەو شتانەی کامۆ بڕوانین کەهەموومان دەیزانین بەڵام هەموومان ناتوانین بیڵێین!!

زۆرجار مرۆڤ لەبەرامبەر ئەوی تردا هەست بەنامۆیی دەکات ، ئەم نامۆییەش مرۆڤ بەرەو تێنەگەیشتنێکی سەرسەخت دەبات بەرامبەر هاوەڵەکەی، جیاوازییەکان زۆرجار لەئەنجامی بکەین. مرۆڤ لەتێنەگەیشتنەوەیە یەکتر دەکوژن، یان غەریزەیەکی بۆماوەییە؟

لێرەوە سەرەتاکانی کاری هاوبەشی ئێمە (چ وەك نوسین، چ وەك پراکتیك) دەستی پێکرد، پاشان رۆچوون بۆ نێو پرسیارە جەدەلیەکان کە پێویستە ئێمە بەر لەهەموو شتێك لەخۆمانی بکەین.

کامۆ لەدەقی بەد حاڵی بووندا پرسیار لەماهیەتی زۆرشت دەکات بەتایبەتی شتەکانی ناو ناخی مرۆڤ، ئێمە بەدوای ئەو پرسیارانەدا ڕۆشتین بەڵام نەگەیشتینە ئەنجام چونکە هەموو پرسیارێك پرسیارێکی تری بەدوای خۆدا هێنا، دواتر کەوتینە بەردەم کۆمەڵێك پرسیاری بێ‌وەڵام کەرەنگە سەرەتاکانی ئەم پرسیارانە بۆ سەرەتاکانی دروست بوونی مرۆڤ و سەرەتاکانی فەلسەفە بگەڕێتەوە بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی لەنێوان (مرۆڤ و خوداوەند)دا هەیە. ئەو پرسیارانەی کە مرۆڤ هەیەتی بەرامبەر دنیاو بەرامبەر مەرگو ئایندەی خۆی ...

دەقەکەی ئێمەیە کەکاری تێدا دەکەین، لەوەشەوە ئەم ناوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەرتاپای ئیشکردنەکەمان ئەو بەدحاڵی بوونەش لەهەموو شتێکدا بوونی هەیەو لێك نەگەیشتنی مرۆڤ بەرامبەر سیستمی خێزان بەرامبەر وڵات بەرامبەر مەرگ.

بۆیە لێرەوە دەپەڕینەوە بۆ خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانی نێوان ئێمەو کامۆ یان چۆنیەتی بەجێهێشتنی هەندێك لەماناکان لای کامۆ، هەر بۆیە لەئەزموونی سەرەتاییماندا رەنگە بەتەنها بەرجەستەکردن یان نواندنی کارەکتەر بێت، بەڵام ئەوەی لەنمایشدا پێی دەگەین تەمسیل کردنی ئەو ئەکتەرەیە کە بەرجەستەی کارەکتەرەکەی کردووە. واتە ئێمە نەك هەر خۆمان خۆمان ئەبینین بگرە شتەکانی تریش بەتەنها هی خۆمانن‌و بەس. ئەمە وەك پرۆسەی نواندن، واتە نوسین پێش نمایش ئاشکراکردن یان ڕوونکردنەوەی تەواوی کارەکانمان نیە، بەڵکو گەر بتەوێت ئەوا ئەو پلیکانانەیە کە لێوەی کامۆ لەدەقی (حالة الطوارىء) (ساتی فریاکەوتن)دا دەڵێت :– (کەس لە کەس تێناگات سەرەرای بەکارهێنانی یەك زمانیش، کەواتە گومان لەئارادایە نەك دڵنیایی کەواتە هەموومان بەدحاڵین).

بەدحاڵی بوونیش کۆتایی دێرەکەی کامۆ ناوی هەفتەیەکدا هەموو دەزگایەك کتێبێك بخاتەوە، ئەبێت ئەو هەمیشە چاوی لەبەرهەم و ئاستی بالابێت، بەڵام بۆ نووسەرەکە بەلامەوە سەیرە لەمانگێك دوو مانگدا سێ یاخود چوار کتێب چاپبکات، ئەمە ئەگەر کەڵەکەبوونی بەرهەمی چەند ساڵێکی نەبێت، چونکە لەم کاتەدا حسابی تری بۆ دەکرێت، بەڵام مەبەستم لەو هەڵپەو هەناسە برکێیەیە کە بەئیشەکانی ئێستامانەوە دیارە. نووسەری وا هەیە دەڵێ ئەم کتێبەم لەماوەی مانگێکدا وەرگێڕاوە، ئەو کتێبە قەبەیەم لەماوەی مانگونیوێکدا وەرگێڕاوە، ئەوەی تریانم لەماوەی دوو هەفتەدا تەواوکردووە!! تێناگەم ئەو پرۆژە گەورانە، بەرهەمی ئەو نووسەرە بەناوبانگانە چۆنچۆنی لەماوەی مانگێکدا دەکرێن بەکوردی؟ چۆنچۆنی دەتوانن لەماوەی دوو مانگدا سێ چوار بەرهەمی ئەو نووسەرە بەناوبانگانە بکەن بەکوردی، ئەگەر بۆ ناوو زۆرو بۆرکردنی بەرهەم نەبێت؟ دیارە لەم دووساڵەی دواییدا خەڵاتیش زۆرو بۆر بووە. لەلایەکەوە بۆ بەخشینیان گوێ بەزۆری و بۆری بەرهەم دەدرێت ئەمەیش بەشێوەیەکی تایبەتی تۆوی ئەو هەڵپەی بڵاوکردنەوەیە زیاتر دەکات، فلانە نووسەر شەش کتێبی وەرگێڕاوە، فیسار هەشتی وەرگێڕاوە نەخێر خەڵات بدرێ سەرئەکەوی بۆ هۆڵی نمایش، ئاشکراتریش بڵێین ئەم نوسینە دیالۆگی شانۆیی نیە بەڵکو هەوڵێکە بۆ لێك گەیشتن لەبەدحاڵی بوونەکانی نێوانمان. لەوێشەوە وەردەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان‌و لەبەدحاڵی بوونێکی بچووکەوە دەست پێ‌دەکەین بۆنمونە لەماڵێکەوە دەرئەچین بۆ شتەکانی تر تادەگەینە بەدحاڵی بوون بەرامبەر بەهەموو شتەکان.

گەمەی ئێمە لەو ساتەوە دەست پێ‌دەکات کەتۆ دەبیتە میوانی‌ژیان‌و ژیانیش خۆی میوانخانەی مردنە، کامۆ دەڵێت : ژیان‌و مەرگ هەر کامێکیان هەڵبژێریت کارەساتە، لەوانەیە ژیان کەمێك بەبەهاو جوانیەوە پێشوازیت لێبکات. ئێمەش بەو پەری بەدحاڵی بوونەوە لەژیاندا بەزەردەخەنەیەك بەرەو مەرگ دەچین.

لەم سەرەتا شتیەوە دەگەڕێینەوە بۆ پرۆسەی خودی کارکردنی شانۆ کەپرۆسەی گەرانە بەشوێن پرسیاردا، چونکە شانۆ قسەکردنە لەخودی دیاردەیەك کەلەنێو فکردا ئامادەیی هەیە، شانۆ هێندە گەرانە بەشوێن پرسیارە کەنمونەییەکاندا ئەوەندە رویەکی ئیستایکی‌و جەبری نیە، کەواتە لەقۆناغی یەکەمدا دەبێ شوناس جەوهەری کارکردن بێت، هەر بۆیە ئێمە لەم پرۆژەیەدا پەنامان بردۆتە بەر پرسیارە وجودییەکانی دەق کاتێك کەئەم دەقەمان هەڵبژارد بۆ نمایش کردن لەیەکەم ساتە وەختدا دەگەڕێین یان پرسیار لەخۆمان دەکەین بۆ بەدحاڵی بوون دەبێتە جەوهەری کارکردنمان. بێ‌گومان ئەم دەقە چەند رووەیەکی فەلسەفی هەیە کەلەساتە وەختی ئێستادا بە بەرگێکی نوێوە ئامادە دەبێت، چونکە ئێمە ئەوەندەی کار لەسەر هەڵکۆڵینی ماناکانی دەقدا دەکەین ئەوەندە لەنێو دال‌ومەدلولدا کارناکەین، کەرەنگە ئەمە فۆرمێکی نوێی کارکردنمان بێت، لەنێو دەقدا چەمکی (ئوتێل– خانە) ئامادەیە، لای ئێمە بۆتە (ماڵ). ماڵ وەك چەمکێکی کەینونی، کەلە سەرەتادا ئەم چەمکە بچوك دەکەینەوە بۆ نێو هەموو ماڵێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی هەموو مرۆڤێك، بەڵام دواجار ... ئەم حاڵەتە گەورە دەکەین بۆ نیشتمان‌و لەوێ‌وە بۆسەر زەوی بەشێوەیەکی گشتی، لای کامۆ (میوان) وەك چەمکێکی‌ئاشکرا وجودی هەیە لەگەڵ ئەو ئوتێلەی بەردەوام میوانەکان دێنە ناویەوە. لای ئێمە (میوان) بەشێوەیەکی گشتگیرتر ئامادەیی هەیە، بەو شێوەیەی کەهەر کەس بێتە سەر زەوی (میوان)ەو دەبێ پاش ماوەیەك بەجێ‌ی‌بێڵێ. کەئەویش وون بوون‌و فەنا بوونیەی خۆیمان بۆ ئاشکرا بکات، گەر چی لای (کامۆ) چیرۆکێکی تایبەتی‌و دەستنیشان کراو ئامادەیی هەیە، بەڵام لای ئێمە ئەم چیرۆکە وەك دیالۆگ تێك دەشکێنرێت‌و جوڵەو پاشان ئاماژەکان بەتاڵای ئەو چیرۆکە بونیاد ئامێزە پڕ دەکەنەوە، واتا ئاماژە لەلای ئێمە دەبێتە دۆزینەوەی نهێنی چیرۆکە نوێیەکەی نمایش.. چونکە هەرگیز ئێمە چیرۆکەکەی کامۆ بەفۆرمەکەی خۆی دووبارە ناکەینەوە بەڵکو فۆرمێکی نوێ‌تر لەناو (بەدحاڵی‌بوون)دا هەیە، کەدواجار ناوی نمایش لەلای ئێمە (بەدحاڵی بوون) نیە بەڵکو ناوێکی نوێ‌ترە، لەنمایش دا ئاماژە بۆ دوو شوێن دەکرێت کەیەکیان ناوەوەیە، ئەوی تریان دەرەوە... ناوەوە یان ئێرە لای ئێمە ساتەوەختەکانی وجودە... ئەو ساتەی کەمرۆڤ بەرکەوتەی لەگەڵ پانتاییە دیارەکانی حەقیقەتی خۆی‌دا هەیە کە تێیدا دەجوڵێ، بیردەکاتەوە، دەخەوێ، دەگری... هتد.

مانای دووەم (دەرەوە) ئەو شوێنە نادیارەی هەندێ‌جار پرسیارکردن لێی دەمانگەیەنێتە نائومێدی بەڵام (ئێمە بەهیچ جۆرێك نائومێد نین تەنها کەمێك ئەترسین)– دایەلۆگێکی نمایشەکە.

ئێمە دەگەڕێین بەشوێن پێکەنینەدا کەلەگەڵ ئەوەی کارێکی مەحاڵە، چەمکی پێکەنین‌و گریان لە ڕۆحی هەریەك لەئەکتەرەکاندا ئامادەیی هەیە، ئەو کاتانەی کەدەبێ بگرین پێدەکەنن‌و ئەو کاتانەی کە دەبێ پێبکەنن دەگرین... کەواتە لەگۆشە نیگایەکی جیاوازەوە بۆ ناو ئەم دیاردەیەش ئەچین‌و دەمانەوێ قسە لەسەر ئەم حاڵەتە هەتاهەتاییەی مرۆڤ بکەین.

ئەوەی لەنمایشدا دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە کەئێمەی ستافی کارەکە دەمانەوێ بیڵێین ، چونکە پرسیاری نمایش پرسیاری هەریەك لەئێمەیە، جوڵەی هەر ئەکتەرێك هەموومان لێی بەرپرسیارین، ئەو هاوارەی هەریەك لەسەر شانۆ دەیکات ئەو هاواری ناخی هەموو ستافەکەیە، ئێمە هەموومان لەسەر شانۆو لەبەردەم بینەرداین لەبەردەم دەنگو ڕەنگی ڕیتمی کەوندااین، هەوڵ دەدەین پرسیارەکانمان بگاتە بەردەم دوورترین کەس هەموو کەسیش ئازادە کەبڕوای بە هاوارو پرسیارەکانمان هەبێت یان نا بەرەو عەدەمیەت، بۆیە ئێمە کارکردنمان لەسەر قوڵکردن‌و هەڵکۆڵینی ماناکانە تا لەوێوە بتوانین گوتاری نمایش پێك بێنین... دەکرێ بڵێین (کامۆ)ش لەنێو نمایشدا دەبێتە ستافی کارکردن نەك نوسەرێك لەدەرەوەی نمایش، چونکە ئێمە بەردەوام لەگفتوگۆداین لەگەڵ دەقدا تازیاتر

گەلەری ئارام و چالاکی ئەم هەفتەیە

ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ کاتژمێر سێ و نیوی ئێوارە. لە چالاکییەکانی تاقیگەی هونەر – هونەر لە گەلەری ئارام لە شاری سلێمانی نمایشی Work Shope ی دە هونەرمەند دەکرێت، کە تایبەت بە کاری هونەری (Einstalation) .

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٤/١٠/٧ لەدرێژەی چالاکیەکانی گەلەری ئارام لەشاری سلێمانی کاتژمێر سێ و نیوی ئێوارە لەگەلەری ئارام کۆرێك بۆ ئەندازیار تەیب جەبار ساز دەکرێت لەژێر ناوی (هونەرو داهێنان).

گووتاری تەعریب

زمانی موقەدەس

جمال حسین *

تەعریب لەئاستی گوتارو فکردا چییە؟ لەچ کەلتورێکەوە سەرچاوە دەگرێ؟ مێژووی ئەو حیکایەتە تراژیدیە، ئەو کارەساتە مرۆییە بەر لەنەتەوە بوونی لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ بنچینە فەرهەنگییەکەی چییە؟ بۆچی تەعریب؟ بەدیوی ئەو دیویشیاندا، کەی دەتوانین دڵنیا بین لەهەڵوەشاندنەوەو نەمانی، لەدووبارە نەبوونەوەشی؟ بەلای منەوە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرەتا، هەوڵدان بۆ بەدوادا چوونیان بەشێوەیەکی زانستی، دەمانباتە سەر چارەسەریش کەلە بەشی دووەمی پرسیارو خەمەکانی تەعریبدایە.

تەعریب لەئاستی فیزیکیدا و لەواقعدا، بریتیە لەبەعەرەبکردنی ئەوانی تر، بریتییە لەسەندنەوەی شوناسی نەتەوە جیاجیاکانو دارشتنەوەیان لە شوناسێکی تردا، ئەم پرۆسەیەش لەدیارترین بوارەکانیو لەبەرجەستەترین کەرەستەکان، بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێ. بەدەربرینێکی روونتر دەتوانین بڵێین تەعریب هیچ نیە جگەلە سیاسەتی بەعەرەب کردن، لەو پرۆسە قێزەونەی کەئەوانی تری جیاواز بەعەرەب، دەگۆڕدرێ بۆ عەرەب! بەڵام تائێرە ئاستە دیارو سادەکەی ئەم پرۆسەیە، ئەو گوتارە فیکرییەی لەپشت ئەم دیاردەیەوە دەوەستێو بەرهەمی هێناوە، شتێکی تری ئاڵۆزو جیاوازە. لەئاستی فیکریو مەعنەویدا تەعریب بریتییە لەدابەشکردنی نەتەوەکان لەسەر دنیا بۆ دووبەرە، بەرەی نەتەوەی باڵا دەستو خاوەن هەموو تایبەتمەندیو خەسڵەتە جوانو راستەقینەکانو نەتەوەکانی تر، بەرەی باشترین نەتەوەو دایکی هەموو نەتەوەکانو ئەوانی تر. لەم پرنسیپەوە نەتەوەیەك دەبێتە سەر دەست، شایەنی ئەوەیە کەئەو لەهەموو ئاستەکاندا زاڵ بێتو ببێتە رابەر، هەرچی نەتەوەکانی تریشە لەو رێرەوەدا هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگەلە شوێن کەوتنو دواکەوتنی ئەمان، بگرە زۆرجار ئەمەش دەبێتە (فەزیلەو مەکرەمە) لەلایەن نەتەوەی سەردەست. ئەگەر بەزمانی کەلتووری عەرەبی ئیسلامی قسە بکەینو بەتایبەتیش لەو چوارچێوەیەشدا بەپێی کتێبی (اقتضاء صراط المستقیم، مخالفة اصحاب الجحیم)ی (ابن تیمیة) ئەو رایە بخینە رو، ئەوا خۆبە عەرەب زانینو قبوڵبوون لەو ماڵەدا، شانازیو دەستکەوتێکی گەورەیە. لێرەدا باڵا دەستیو گرنگی نەتەوەیەك پەیوەست نیە بەمێژووەوە، نەشوەستان لەسەرداهێنانو شارستانیەتەکەی، یان بەرهەمو بەشداریەکانی لەژیاندا، بەڵکو تەنها پەیوەندی هەیە بەئاسمانەوە، بەدەقە پیرۆزەکانو بەوەی کەئەم نەتەوەیە- بەپێی ئەم خەیاڵدانە- لەبەرئەوەی لەلایەن یەزدانەوە هەڵبژێردراوە تابەزمانەکەی ئەوان ئەو پەیامە بگەیەنرێ، ئەوا ئەمان باشترین نەتەوەن. بەواتایەکیتر، پیرۆزی دەقە دینیەکان تەنها لەچوارچێوەی خۆیاندا نامێننەوە، بەڵکو ئەم پیرۆیە دەگوازرێتەوە بۆ ناو زمانی ئەو نەتەوەیەش کەلێرەدا عەرەبە، لەزمانیشەوە دابەش دەبێتەوە بەسەر نەتەوەدا.

کەواتە قورئان تەنها خۆی پیرۆز نیە، بەڵکو ئەو زمانەش پیرۆزە کە قورئانی پێدابەزیووە،لەویشەوە ئەو نەتەوەیەی خاوەنی ئەو زمانەیە پیرۆزی وەردەگرێ. دواین دەرکەوتنی ئاشکرای ئەم تێگەیشتنە عەرەبیە ئیسلامیە، لەلایەن پارێزگاری تکریتەوەیە، کاتێك بەرواری ٢٠٠٤/٩/٨، لەوەڵامی ئەنجومەنی قەزای خورماتو بۆ رێگادان بۆ نوسینی تابلۆی فەرمانگەکان دا دەنوسێ (ئەم کارە رەت دەکرێتەوە، چونکە زمانی عەرەبی زمانی قورئانەو زمانی خەڵکی بەهەشتە)، بەپێی ئەو لۆژیکە رەتکردنەوەی گەرانەوە بۆزمانی نەتەوەییو رەتکردنەوەی زمانی عەرەبی، رەتکردنەوەی خودی ئیسلامە، وەیەکسان بوونە بەکوفر. ئەگەر لەدوێنێدا ئەم حاڵەتە شعوبیەت بوبێو هەزارانی لەسەر کافر کرابێو کوژرابێو دووبارە کەسێکی پرکاریگەرو دیاری وەك (ابن تیمیة) ناوی نابێبە (نفاق)، ئەوا ئەمرۆ لای ناسیۆنالیستە عەرەبە گۆشکراوەکان بەکەلتووری ئیسلامی، ئەم حاڵەتە کوفرە.بۆیە ئەم بریارو قسەیەی پارێزگاری تکریت، لەراستیدا هیچ نیە جگەلە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی ئەو کەلتوورو مێژووە گەورەیەی عەرەبی ئیسلامی.بێگومان، ئەم ناسیۆنالیستە عروبیانە، گەر بۆیان بچێتەسەر، ئەم بیرورا شۆڤێنییە دەسەپێننەسەر دەسەڵاتو سەر میدیاکانو سەر ئۆرگانە پەروەردەییەکانیش.

بەتێگەیشتنی رابردووی فکری (عەرەب)(عەجەم)و چەمكو پێناسەکانی (موالی) لەو کەلتورەدا، لەفۆرمە تازەکانی ئەو رابردووە تازەیە، باش لەوە دەگەین کەتەعریب شتێك نیە تەنها لەرابردوومانداە بێ، تراژیدیایەکیش نیە نیە تەنها پێویستی بەگێڕانەوەو ئاوڕلێدانەوە بێ، بەڵکو واقیعێکە تێیدا دەژین مەترسیەکی گەورەیەو جەنگێکی ترسناکیشە هێشتا چاوەروانیمان دەکات. کاتێك لاپەرەکانی کتێبی (العرب خیر امة و لماذا؟)ی (محمد شقرة)ی سەلەفی هەڵدەیەوە کەلە کۆنگرەی ئیسلامی لەسالی (١٩٨٩) لەبەغدا بۆیان چاپکردووە، ئەوەشت بیر ناچێت کەئەنفالی ئێمە لەسالی (١٩٨٨)دا ئەنجامدرا، ئەو کات بەئاشکرا لەگوتاری فکری ئەنفال تێدەگەی، لەوەدەگەی کەئەم جۆرە بەرهەمانە درەبری بروای راستەقینەی رەوتی ئەو عەرەبانەیە کەئاوا دەروانننە پیرۆزی نەتەوەو زمانەکەیان، ئەوەتا خەڵکی بەهەشت قسەی پێدەکەنو وەحیشی پێدابەزیوە، نەوتراوو دیوی نادیاری ئەو بڕوایەش ئەوەیە کە زمانەکانی تر زمانی خەڵکی دۆزەخن.

بەبۆچوونی من ئەنفال بەشێکی دانەبراوە لەسیاسەتی تەعریب، بەعس ئەو کاتەی بێهیوا بووە لەوەی بتوانێ لەئاستی زمانەوانیەوە ئەو هەموو ئارمەیەی کورد بتوێنێتەوە لەبۆتەی زمانی عەرەبیدا، پەنای بردۆتەبەر لەناوبردنو نەهێشتنی هەموو نەتەوەکە. کەواتە ئەنفالکراوەکان ئەوانەبوون کەقبوڵیان نەبوو ببنە عەرەب، بەو پێیەش لای ئەم رەوتە عەرەبییە رەتکردنەوەی تەعریب یەکسانە بە رەتکردنەوەی خودی ئیسلام لەفکری عەرەبی ئیسلامیدا، بۆیە ئەمانە کرانە کافرو سەروماڵیان حەڵاڵکرا. ئەم کەلتورە بەدەویە بیابانیو دەشتەکیە، لەرابردوودا بەجۆرێك بەئیسلامی بووەو بۆتە بەشێك لەمیراتی دەسەڵاتی ئیسلامی کەئەستەمە جیابکرێنەوە.بگرە هەر هەوڵێك بۆهێنانی چەقۆیەك بەنێوانیاندا، هەردووکیان دەبڕێ، رەنگە تاکە دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەو بازنە داخراوە، لەو مەتەڵەی کەعەرەب کاریگەری لەسەر ئیسلام داناوە یان ئیسلام لەسەر عەرەب (کەزۆرتر لەمەتەڵی مریشك لەهێلکەیە یان هێلکە لەمریشکە، دەچێ)، تەنها خوێندنەوەی دووبارەی تێکستە ئاینیەکان بێ بەپێی مێژووو گۆرانکاری ژیانی نێستا. تائەو کاتەی تێگەیشتنی عەرەب بۆ ئیسلام بەپێی فلتەرەکانی مەزهەبو قوتابخانەکانی رابردوو بێ، تاکتێبە کۆنینە لاپەرە زەردەکان سەرچاوەی مەعریفەی ئاینی بێ، ئەعەرەب لەخەیاڵپڵاوی (خیر امة) رزگاری دەبێو نەئێمەی کوردیش کەقەدەر چارەنووسی ئێمەی بەوانەوە بەستۆتەوە،خەونەکانمان بەسپێدەیەکی بێ تەعریب دێتەدی.ئەو یرۆسەیەش بەئەندازەیەك قورسە کەمن تێیدا رەشبینم. نەك هەر لەبەرئەوەی ریفۆرمی ئاینی خوێندنەوەی تازەی دەقە پیرۆزەکانو دابران لەکەلتوری ئیسلامیو بەرهەمهێنانی کەلتورێکی ئاینی تازەی لێکبوردو کراوەو نەرم لەجیهانی عەرەبیدا زیاتر لەسەرابی ناو خەونی پیاوێکی سەرخۆش دەچێ، بەڵکو لەبەرئەوەش کەلەناو خەوی کۆمەڵی کوردیدا چەندین هێزی سیاسی ئیسلامی هەن، شان بەشانی حوجرەکان لەسەر هەمان میرات دەژینو بگرە بەردەوامیش فوی پیادەکەنو زیندوی دەکەنەوە. ئەگەر لەرۆژئاوادا (مارتن لوثر) هاتبێ ئینجیلی لەزمانی لاتینییەوە کردبێ بەزمانی ئەڵمانیو لەمەوە — وەك هەندێك بیرمەند دەڵێن- نەتەوەی ئەڵمانی دروست کردبێ، ئەوا لای ئێمە راست بەپێچەوانەوە، ئەو هبێزانە لەناوەوەو لەفۆرمێکی کوردیدا درێژە بەپرۆسەی بەعەرەب کردن دەدەن. لەرابردوودا (شێخ رەزا) لەژێر کاریگەری هەمان کەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا کەئاماژەمان پێدا، لەبەیتێکی شیعری خۆیدا دان بەباڵاتری عەرەبدا دەنێ (عەرەب ئەفزەڵن)، بەڵام هەرنەبێ دوای ئەوە مۆرفیمی (أما) واتە (بەڵام) بەکاردێنێ.

مەترسیەکەی ئەمرۆ لەنەمانی ئەو بەڵامەشدایە، لەوەدایە کەبەناوی برایەتی ئیسلامیەوە ئەو بەڵامە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێ. چونکە بەپێی ئەو چەمکە (واتە برایەتی ئیسلامی)، (برایەتی نەتەوەیی) دەبێتە پلانێکی رۆژئاواییو هۆی تێك چوونو شێواندنی کۆمەڵگاو ئوممەتی ئیسلامیو پارچەپارچە بوون. وە وەکو چۆن زمانی نەتەوەی زمانی بابوباپیرانو زمانی رابردووی خودی ئەو نەتەوەیەیە، بەهەمان شێوە زمانی ئوممەتی ئیسلامی زمانی دەقی پیرۆزو زمانی عەرەبیە.

لەکۆتاییدا دەبێئەوە بڵێم کەئەم نوسینە تەنها چەند سەرەقەڵەمی چەند سەرنجێکە بۆ خوێندنەوەی تەعریب، بەو هیوایەی لەژمارەکانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرفراوانترو وردتر ئەو بابەتە بخوێنینەوە.

* ئەندامی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان.

بەڵگەکانی پاکتاوی رەگەزی

عارف قوربانی*

(پلانی نیشتەجێ کردنی عەشایەری عەرەب لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردستاندا)

بەپێی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر تەعریب ئەنجام دراونو هەموو ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەش کە ئێستا لەبەردەستدان ئەوە دەردەخەن کە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق عەشایەری عەرەبیان وەك ئامرازێکی کاریگەر لەپرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردستاندا بەکاربردووە..

لەپێش دروست بوونی دەوڵەتی عێراقیشدا نمونە گەلی زۆر هەن کەبەتایبەت لەسەردەمی (مدحت پاشا)دا ژمارەیەکی زۆری عەرەبی (بەدەویو عەشایەری عەرەبیان)هێناوەتە ناوچەکانی (موسڵ)و زنجیرە چیای حەمرینو یەکەم بەردی بناغەی پرۆسەی بەعەرەب کردنی کوردستانیان لەوێ داناوە.

لەدروست کردنی دەوڵەتی عێراقیشەوە تالەبەریەك هەڵوەشانەوەی لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا ئەم سیاسەتە وەك کۆڵەکەیەکی بەعەرەب کردن کاری لەسەر کراوە..

کاتێ دەوڵەتی عێراق دروست کراو ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق گەرچی ماوەی سێ ساڵی خایاند لەدروست کردنی دەوڵەتی عێراق تا لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە کەلەو سێ ساڵەدا وەفدێکی (عصبة الامم)هاتە ناوچەکەو رای دانیشتوانەکەی وەرگرت سەبارەت بەلکاندنیان بەعێراقی عەرەبیەوە. هەرچەندە خەڵك لەدژی ئەو بڕیارە دەنگیان دا بەڵام خواستی خەڵکەکە پشتگوێ خراو بەزۆر بەعێراقەوە لکێندران.. ماوەی ٤ ساڵ دوای ئەم بەستنەوەیە بەرپرسێکی سەربازی عێراق کە فەرماندەیی هێزەکانی عێراقی کردووە لەکەرکوك نامەیەکی ئاراستەی (مەرکەز) کردووە تیایدا دەڵێ زمارەی ئەو عەرەبانەی لەناوچەی کەرکوك دان بایی ئەوە نییە پشتی پێببەسترێت بۆ تەعریب کە ئەم بەکارهێنانە یەکەم بەڵگەی نوسراوە کەدان بە پرۆسەی تەعریب دا دەنێ لەدروست کردنی دەوڵەتی عێراق کە نەخشەی بۆکێشراوە.. پاش نوسینی راپۆرتی ئەم فەرماندە سەربازییە بەماوەیەکی زۆر کورت دەست بەنادرنی زمارەیەکی زۆر عەشیرەتی عەرەب دەکرێت بۆ ناوچەکانی کەرکوكو دەوروبەری (حەویجە)و بەشێکی سەرەتا وەك کۆچبەریو بەبیانوی مەڕ لەوەراندنو ووردەوورده بەکشتوکاڵ کردنو نیشتەجێبوون بەدیار بەروبوومی کشتوکاڵییەوە تاساڵی ١٩٦٣ کە حزبی بەعس هاتە سەر حوکم.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی نێوان دروست بوونی دەوڵەتی عێراق تاساڵی ١٩٦٣ بەو شێوەیە دەسەڵاتەکانی عێراق پشتیوانو هاندەری عەشیرەتو مەڕداری عەرەب بوون بۆ ناو خاکی کوردستان... بەڵام لەهاتنی (بەعس)دا شێوازی بەعەرەبکردن گۆڕانی بەسەردا هاتو لەماوەی کەمتر لە شەش مانگی حوکمڕانی کردنیاندا نزیکەی چل گوندی ناوچەکانی کەرکوکیان وێران کردو دانیشتوانە کوردەکەیان راگواست و عەشیرەتی عەرەبیان هێنایە شوێنیانو زەویوزاری جوتیارانی کوردیان بەخشیە عەرەبەکان.. لێرەوە مەترسیەکای پرۆسەی بەعەرەب کردن بەشێوەیەکی خەتەر ناك دەرکەوتن کە پێشتر پرۆسەکە تەنها هاندانی عەرەب بوو بۆ ناردنیان بۆ ناوخاکی کوردستان لێرەوە کار گەیشتە دەرکردنی کوردو هێنانی عەرەب بۆ شوێنیان و تاسەرەنجام گەیشتە ئەوەی کەچەندین ئۆردوگای عەرەب نشین دروست بکاتو دەیان پەیوەستنامەی زراعیان بۆ بکات لە پێناوی مانەوەی عەرەبدا لەسەر خاکی کورد.. کوپرۆژەی کشتوکاڵو ئاودێری بەستنەوەی عەرەب بووە بەخاکی کوردستانەوە.کەبەرژەوندی ئابوورییو داهاتی خێزان خێزانیانی پێوەبەستووە.. لەسەر ئەو خاکەی کەزەوی جوتیارێکی کورد بووە بەخشیویەتییە عەرەبەکان بیری ئیرتیوازی بۆ کردونو تراکتۆرو دانەوێلەو هەموو ئاسانکاریەکی تری بۆکردوون کەلەسەر خاکەکە نیشتەجێیان بکات .. بۆ ئەم مەبەستەش دەیان پلانی جۆراوجۆری هەبووەو گەورەترین خزمەتی بەپرۆسە خەتەرناکەکەی تەعریب کردووە کەتا چەندین ساڵی تریش ئاسەوارەکانی دەمەێنێتەوە.. زۆرترین توانای مادیو ئیمکانیاتی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە چونکە پێی وابووە ئەوەی لەگواستنەوەو دامەزراندنی فەرمانبەرێکی عەرەبدا بەدەستی دەهێنێ بۆ خزمەت کردن بە (بەعەرەب کردن) لەپلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرو عەشیرەتی عەرەب دا زیاتر قازانج بەعەمەلیە خەتەر ناکەکەی تەعریب دەکات.. بۆیە دەبینی لەپاڵ گرنگیدان بەتەعریب لەشارەکان دا هەڵمەتی هێنانی عەشیرەتی عەرەبی بەچڕی دەست پێکردووە و لەسەر زەویوزاری کورد نیشتەجێی کردوونو کردوونی بەپشتێنەی ئەمنیو لەمپەر بۆ ناو زمانی ئەو لەبەعەرەب کردنو قایم کردنو چەسپاندنی پایەکانی تەعریب لەکوردستاندا.

چەندین بەڵگەنامە لەدەزگاکانی بەعس دا بەردەست کەوتوون کەتایبەتن بەفایلی (تەعریب)و لەزۆربەیاندا ئەو گرنگیدانەی سەرانی بەعس بەنیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەسەر خاکی کوردستان دەردەکەوێتو چەندین پلانو نەخشەو لێکۆڵینەوە هەن کەلەپێناوی جێبەجێکردنی ئەو مەهامەدا ئەنجام دراونو کاریان لەسەر کردووە بۆ زۆرتر شۆربوونەوە بۆناو خاکی کوردستانو باشتر چەسپاندنی پایەکانی بەعەرەب کردن.

ئەم بەڵگەیەی لەبەر دەستدایە نوسراوێکی سەرۆکایەتی کۆمار لیژنەی کاروباری باکورە کە (طارق زیادة صالح) سکرتێری لیژنەی باکور ئیمزای لەسەر کردووەو پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك دەردەخاتو وەڵامێکی پارێزگاری کەرکوکە کە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوەکە تیایدا ڕێگریەکانی بەردەم نیشتەجێکردنەکە دەخاتە روو لەگەڵ کۆمەڵێ داواکاریو ئاسانکاری بۆ سەرخستنی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەکەرکوك بۆ لیژنەی کاروبارەکانی باکور کراوە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی سەبارەت بەو کۆسپو تەگەرانە کردووە کەدێتەڕێی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکەداو هەر ناوچەیەك بەجیا کێشەو گرفتو پێشنیازی ئاسانکاری بۆ خستوەتە روو داوادەکات کە ئیمکانیاتی مادی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان چونکە پێی وایە کەجوتیارە عەرەبەکان ناتوانن بەئیمکانیاتی خۆیان خانوو بکەنو داواکارە کە دەوڵەت لەپاڵ ئیمتیازی زەویوزارو پارەو پولو کەلوپەلی ئاودێری، پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکات وەك (ئاوو کارەباو ڕێگاوبان)و زامنکردنی بارێکی ئارام بۆیان تابتوانن نیشتەجێ بن...

سیاسەتی رژێمی بەس لەنیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەو بازنە جوگرافیەیەدا لەلایەك بەکارهێنانی ئەو عەشایەرە عەرەبانە بووە وەك پشتێنەی (ئەمنی)و لەلایەکیش پەیوەست کردنو بەستنەویان بووە بەو خاكو ئاوەی کەلەسەر زەویو زاری جوتیاری کورد نیشتەجێی کردوون تا سیمای ناوچەکە بگۆڕێتو بیکات بەناوچەیەکی عەرەب نشین ... ئەوەندەی زۆرکردنی ژمارەی عەرەبو گۆرینی باری دیموگرافیای ناوچەکە بوون لەسەدایەکی ئەوە بەتەنگ باری تەنروستیو کۆمەڵایەتی عەشایەرە عەرەبەکانیشەوە نەبوونو لایان کێشە نەبووە کە بەدواکەتوویی و نەخوێندەواریی دەمێننەوە رەنگە خواستیشیان ئەوە بووبێت کە خەڵکانێکی دواکەوتووبن تا زیاتر ببنە ئامرای داگیرکاریو لەخزمەتی سیاسەتە چەوتەکانی بەعس دابن.. ئەوەتانێ لەم بەڵگەیەدا کەلیکۆڵینەوەیەکی ووردی خۆیانە بۆ ئاسانکاری لەرۆژی ١٩٩٥/٨/٢٨ بەنوسراوی ژمارە(١٠٤٦/٢٠)تیایدا چەند رێنمایی و راسپاردەیەکی (طە یاسین رمضان) ئاراستەی پارێزگاری کەرکوك دەکات بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەناوچەکانی کەرکوك– لەیلانو کەرکوك – دوبز و چەند ناوچەیەکی تر تادراسەیەکی وورد بکرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێکردنو ئەو کۆسپو ڕێگریانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەخێرایی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا..

هەر لەدوای گەیشتنی نوسراوەکە بەپارێزگاری کەرکوك کە ئەوکات (محمد فیزی هزاع)پارێزگار بووەو پلەی (فریق رکن)ی هەبووە لەسوپای عێراقدا، لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی جێگری پارێزگارو ئەندامێتی یاریدەدەری پارێزگارو بەڕێوەبەری کشتوکاڵە کەرکوكو بەڕێوەبەری زەویو زاری کەرکوكو بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگا پێکدەهێنێتو لەماوەی پێنج ڕۆژدا داوایان لێدەکات کەلێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەنو لەوادەی خۆیدا لیژنەکە کاروبارەکانی کۆتایی پێدەهێنێتو بەنوسراوی ٥٥٩٤ لەرۆژە ١٩٩٥/٩/١٦ بەئیمزای پارێزگاری کەرکوك(محمد هزاع) ئاراستەی لیژنەی کاروبارەکانی باکور کراوە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی سەبارەت بەو کۆسپو تەگەرانە کردووە کەدێتەڕێی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەکەرکوك بۆ لیژنەی کاروبارەکانی باکور بەرز دەکاتەوە کە (طە یاسین رمضان)سەرۆکی بووە..

لەنوسراوەکەی سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری باکوردا کە ئاراستەی پارێزگاری کەرکوك کراوە لەرۆژی ١٩٩٥/٨/٢٨ بەنوسراوی ژمارە(١٠٤٦/٢٠)تیایدا چەند رێنمایی و راسپاردەیەکی (طە یاسین رمضان) ئاراستەی پارێزگاری کەرکوك دەکات بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەناوچەکانی کەرکوك– لەیلانو کەرکوك – دوبز و چەند ناوچەیەکی تر تادراسەیەکی وورد بکرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێکردنو ئەو کۆسپو ڕێگریانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەخێرایی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا..

هەر لەدوای گەیشتنی نوسراوەکە بەپارێزگاری کەرکوك کە ئەوکات (محمد فیزی هزاع)پارێزگار بووەو پلەی (فریق رکن)ی هەبووە لەسوپای عێراقدا، لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی جێگری پارێزگارو ئەندامێتی یاریدەدەری پارێزگارو بەڕێوەبەری کشتوکاڵە کەرکوكو بەڕێوەبەری زەویو زاری کەرکوكو بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگا پێکدەهێنێتو لەماوەی پێنج ڕۆژدا داوایان لێدەکات کەلێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەنو لەوادەی خۆیدا لیژنەکە کاروبارەکانی کۆتایی پێدەهێنێتو بەنوسراوی ٥٥٩٤ لەرۆژە ١٩٩٥/٩/١٦ بەئیمزای پارێزگاری کەرکوك(محمد هزاع) ئاراستەی لیژنەی کاروبارەکانی باکور کراوە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی سەبارەت بەو کۆسپو تەگەرانە کردووە کەدێتەڕێی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکەداو هەر ناوچەیەك بەجیا کێشەو گرفتو پێشنیازی ئاسانکاری بۆ خستوەتە روو داوادەکات کە ئیمکانیاتی مادی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان چونکە پێی وایە کەجوتیارە عەرەبەکان ناتوانن بەئیمکانیاتی خۆیان خانوو بکەنو داواکارە کە دەوڵەت لەپاڵ ئیمتیازی زەویوزارو پارەو پولو کەلوپەلی ئاودێری، پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکات وەك (ئاوو کارەباو ڕێگاوبان)و زامنکردنی بارێکی ئارام بۆیان تابتوانن نیشتەجێ بن...

سیاسەتی رژێمی بەس لەنیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەو بازنە جوگرافیەیەدا لەلایەك بەکارهێنانی ئەو عەشایەرە عەرەبانە بووە وەك پشتێنەی (ئەمنی)و لەلایەکیش پەیوەست کردنو بەستنەویان بووە بەو خاكو ئاوەی کەلەسەر زەویو زاری جوتیاری کورد نیشتەجێی کردوون تا سیمای ناوچەکە بگۆڕێتو بیکات بەناوچەیەکی عەرەب نشین ... ئەوەندەی زۆرکردنی ژمارەی عەرەبو گۆرینی باری دیموگرافیای ناوچەکە بوون لەسەدایەکی ئەوە بەتەنگ باری تەنروستیو کۆمەڵایەتی عەشایەرە عەرەبەکانیشەوە نەبوونو لایان کێشە نەبووە کە بەدواکەتوویی و نەخوێندەواریی دەمێننەوە رەنگە خواستیشیان ئەوە بووبێت کە خەڵکانێکی دواکەوتووبن تا زیاتر ببنە ئامرای داگیرکاریو لەخزمەتی سیاسەتە چەوتەکانی بەعس دابن.. ئەوەتانێ لەم بەڵگەیەدا کەلیکۆڵینەوەیەکی ووردی خۆیانە بۆ ئاسانکاری نیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەناوچەکانی کەرکوك– لەیلانو کەرکوك – دوبز و چەند ناوچەیەکی تر تادراسەیەکی وورد بکرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێکردنو ئەو کۆسپو ڕێگریانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەخێرایی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا..

هەر لەدوای گەیشتنی نوسراوەکە بەپارێزگاری کەرکوك کە ئەوکات (محمد فیزی هزاع)پارێزگار بووەو پلەی (فریق رکن)ی هەبووە لەسوپای عێراقدا، لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی جێگری پارێزگارو ئەندامێتی یاریدەدەری پارێزگارو بەڕێوەبەری کشتوکاڵە کەرکوكو بەڕێوەبەری زەویو زاری کەرکوكو بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگا پێکدەهێنێتو لەماوەی پێنج ڕۆژدا داوایان لێدەکات کەلێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەنو لەوادەی خۆیدا لیژنەکە کاروبارەکانی کۆتایی پێدەهێنێتو بەنوسراوی ٥٥٩٤ لەرۆژە ١٩٩٥/٩/١٦ بەئیمزای پارێزگاری کەرکوك(محمد هزاع) ئاراستەی لیژنەی کاروبارەکانی باکور کراوە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی سەبارەت بەو کۆسپو تەگەرانە کردووە کەدێتەڕێی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکەداو هەر ناوچەیەك بەجیا کێشەو گرفتو پێشنیازی ئاسانکاری بۆ خستوەتە روو داوادەکات کە ئیمکانیاتی مادی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان چونکە پێی وایە کەجوتیارە عەرەبەکان ناتوانن بەئیمکانیاتی خۆیان خانوو بکەنو داواکارە کە دەوڵەت لەپاڵ ئیمتیازی زەویوزارو پارەو پولو کەلوپەلی ئاودێری، پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکات وەك (ئاوو کارەباو ڕێگاوبان)و زامنکردنی بارێکی ئارام بۆیان تابتوانن نیشتەجێ بن...

سیاسەتی رژێمی بەس لەنیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەناوچەکانی کەرکوك– لەیلانو کەرکوك – دوبز و چەند ناوچەیەکی تر تادراسەیەکی وورد بکرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێکردنو ئەو کۆسپو ڕێگریانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەخێرایی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا..

هەر لەدوای گەیشتنی نوسراوەکە بەپارێزگاری کەرکوك کە ئەوکات (محمد فیزی هزاع)پارێزگار بووەو پلەی (فریق رکن)ی هەبووە لەسوپای عێراقدا، لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی جێگری پارێزگارو ئەندامێتی یاریدەدەری پارێزگارو بەڕێوەبەری کشتوکاڵە کەرکوكو بەڕێوەبەری زەویو زاری کەرکوكو بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگا پێکدەهێنێتو لەماوەی پێنج ڕۆژدا داوایان لێدەکات کەلێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەنو لەوادەی خۆیدا لیژنەکە کاروبارەکانی کۆتایی پێدەهێنێتو بەنوسراوی ٥٥٩٤ لەرۆژە ١٩٩٥/٩/١٦ بەئیمزای پارێزگاری کەرکوك(محمد هزاع) ئاراستەی لیژنەی کاروبارەکانی باکور کراوە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی سەبارەت بەو کۆسپو تەگەرانە کردووە کەدێتەڕێی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکەداو هەر ناوچەیەك بەجیا کێشەو گرفتو پێشنیازی ئاسانکاری بۆ خستوەتە روو داوادەکات کە ئیمکانیاتی مادی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان چونکە پێی وایە کەجوتیارە عەرەبەکان ناتوانن بەئیمکانیاتی خۆیان خانوو بکەنو داواکارە کە دەوڵەت لەپاڵ ئیمتیازی زەویوزارو پارەو پولو کەلوپەلی ئاودێری، پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکات وەك (ئاوو کارەباو ڕێگاوبان)و زامنکردنی بارێکی ئارام بۆیان تابتوانن نیشتەجێ بن...

سیاسەتی رژێمی بەس لەنیشتەجێکردنی عەشایەری عەرەب لەناوچەکانی کەرکوك– لەیلانو کەرکوك – دوبز و چەند ناوچەیەکی تر تادراسەیەکی وورد بکرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێکردنو ئەو کۆسپو ڕێگریانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەخێرایی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا..

هەر لەدوای گەیشتنی نوسراوەکە بەپارێزگاری کەرکوك کە ئەوکات (محمد فیزی هزاع)پارێزگار بووەو پلەی (فریق رکن)ی هەبووە لەسوپای عێراقدا، لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی جێگری پارێزگارو ئەندامێتی یاریدەدەری پارێزگارو بەڕێوەبەری کشتوکاڵە کەرکوكو بەڕێوەبەری زەویو زاری کەرکوكو بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگا پێکدەهێنێتو لەماوەی پێنج ڕۆژدا داوایان لێدەکات کەلێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەنو لەوادەی خۆیدا لیژنەکە کاروبارەکانی کۆتایی پێدەهێنێتو بەنوسراوی ٥٥٩٤ لەرۆژە ١٩٩٥/٩/١٦ بەئیمزای پارێزگاری کەرکوك(محمد هزاع) ئاراستەی لیژنەی کاروبارەکانی باکور کراوە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی سەبارەت بەو کۆسپو تەگەرانە کردووە کەدێتەڕێی پلانی نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکەداو هەر ناوچەیەك بەجیا کێشەو گرفتو پێشنیازی ئاسانکاری بۆ خستوەتە روو داوادەکات کە ئیمکانیاتی مادی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان چونکە پێی وایە کەجوتیارە عەرەبەکان ناتوانن بەئیمکانیاتی خۆیان خانوو بکەنو داواکارە کە دەوڵەت لەپاڵ ئیمتیازی زەویوزارو پارەو پولو کەلوپە

ئایە جێگری سەرکردایەتی عێراق (نیشانەی پلە دووی کوردە)؟!

بێباک عومەر

لاپەڕە دووی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژمارە (٥٨٢) دووشەممە ٢٠٠٤/٩/٢٧ کورتەلێکدانەوەیەکی کاك (عومەر محەمەد)ی لەسەر دەسەڵاتی عێراقو جێگەو پایەی کورد لەو دەسەڵاتەدا، بڵاوکردۆتەوە. تیایدا، نوسەر هەڵەی بڕیاری سیاسی سەرکردایەتی کوردو ئەو پۆستانەی دراونەتە کورد، ڕەخنەلێدەگرێ. بەبۆچونی نوسەر، کورد لەم پۆستانەدا، وەکو هاوولاتی پلەدوو حسابی بۆکراوە. هەر لەدووتوێی گوتارەکەشدا، پێشنیازێکی خۆی، کە پێشتر نیازی وابووە بڵاوی‌بکاتەوە، بڵاودەکاتەوە، هەتا بەشداری چارەسەری کێشەکان بکا.

پێشەکی، قسەکردن دەربارەی ئەو دیاردەو کێشە سیاسیانە، کە چارەنوسی گەلی کوردستانیان پێوەبەستراوە، کارێکی گرنگەو هەقوایە بیروڕای جیاوازو ڕەخنەی جیاواز لەسەر بڕیارە سیاسیەکان، بەردەوام هەبێ. جا سەرکردایەتی دەسەڵاتداری کوردستان گوێی گرت لەڕەخنەی باش، باش دەکا. گوێیش نەگرێ، ڕۆژگار هەڵەکەی دەردەخا. ئەم کورتە لێکدانەوەیەی لێکدانەوەکەی کاك عومەر، هەر بۆ مشتومالکردنی پاکژتری بیروبۆچونەکانەو بەس.

برای نوسەر، سەرەتا دەڵێ: (نوێنەرەکانی کورد لەئەنجومەنی کاتی دەسەڵاتی پێشووی عێراقدا هەمیشە باسیان لەوەدەکرد کە زمانی کوردی وەك زمانی عەرەبی ڕەسمی دەبێت، بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژگار خەریکە دەردەکەوێت ئەم لێدوانانە لەڕاستییەوە دوربوو، جا نازانین ئەم لێدوانانە قسەی گیرفانی خۆیان بوو یان ئەم قسەیەشیان وەك هەندێك لەتەسریحاتەکانی تریان بۆ فریودانو چاوبەستەی ڕای شەقامی کوردی بوو).

جارێ، ئەم دەقە، ڕەقە. دەقی سیاسی کە لەسەر مافی دیموکراسی گەلێکی چەوساوەبنوسرێ، پێویستی بەوە نییە بەڕەقی بەدەسەڵاتدارەکان بگوترێ (قسەی گیرفانی خۆیان بوو) یان (ئەم قسەیەشیان وەك هەندێك لەتەسریحاتەکانی تریان بۆ فریودانو چاوبەستەی ڕای شەقامی کوردی بوو).

نوسەر، دەتوانێ ئەو قسانە، وردترو نەمتر بکا. خوێنەریش باشتر لێیوەربگرێ. ئاخر (قسەی گیرفان) یانی چی؟ گیرفان پارەو تەسبیحو کلینکسو وردەواڵەی دیکەی تێدەکرێ، بەڵام قسەی تێناکرێ، هەتا لێیدەربکرێ. کاك عومەر نەبیستووە بێکەسی شاعیر گوتویەتی: (ئەو قەراری عوصبەیە وەکو خەڵك ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ — هەر قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە).

پاشان، مەسەلەی تەسریحاتو تەسریحاتی ترو فریودان. کەس ناتوانێ لەدونیای سیاسەتدا، لاری لەوە هەبێ کە تەسریحاتی فریودانیش جارێ، ئەم دەقە، ڕەقە. دەقی سیاسی کە لەسەر مافی دیموکراسی گەلێکی چەوساوەبنوسرێ، پێویستی بەوە نییە بەڕەقی بەدەسەڵاتدارەکان بگوترێ (قسەی گیرفانی خۆیان بوو) یان (ئەم قسەیەشیان وەك هەندێك لەتەسریحاتەکانی تریان بۆ فریودانو چاوبەستەی ڕای شەقامی کوردی بوو).

نوسەر، دەتوانێ ئەو قسانە، وردترو نەمتر بکا. خوێنەریش باشتر لێیوەربگرێ. ئاخر (قسەی گیرفان) یانی چی؟ گیرفان پارەو تەسبیحو کلینکسو وردەواڵەی دیکەی تێدەکرێ، بەڵام قسەی تێناکرێ، هەتا لێیدەربکرێ. کاك عومەر نەبیستووە بێکەسی شاعیر گوتویەتی: (ئەو قەراری عوصبەیە وەکو خەڵك ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ — هەر قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە).

پاشان، مەسەلەی تەسریحاتو تەسریحاتی ترو فریودان. کەس ناتوانێ لەدونیای سیاسەتدا، لاری لەوە هەبێ کە تەسریحاتی فریودانیش هەبووەو هەیەو دەشبێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە، کام تەسریحات لەم بارەوە کە کاك عومەر قسەی لێدەکا، لەساڵو نیوی ڕابوردوودا دراوە، کێو چ لایەکیش بۆ فریودان داویەتی. حوکمی لەم جۆرە، لەسەر نوێنەرانی کورد لەمەجلسی حوکم، ناکرێ ڕاگوزەر بگوترێ. دەبێ بسەلمێندرێ. دەنا: هەر قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە.!

بەڕاستی غدرێکی گەورە لەگروپی کوردی مەجلسی حوکم دەکرێ، ئەگەر ئاوا حوکمی لەسەر بدرێ. ئەو گروپە، لەباری سیاسی، یاسایی، ئابوری، ڕوناکبیری، زمان، کوردستانیەتی کەرکوك و خانەقینەوە، سەرکەوتنی باشیان وەدەست هێناوە. بەڵام بێگومان مەجلسی حوکمو گروپە کوردیەکەی، هەڵەی کەمیان نەکردووە، هەق نییە، نە چاکەکانیان فەرامۆش بکرێ و نە هەڵەکانیشیان داپۆشرێ. هەموو ئەمانەش بەوردیو بەبەڵگە بکرێ. نەك (قسەی ڕووت بخرێتە گیرفانەوە !).

لەدرێژەی قسەکانیدا، نوسەر دەڵێ: (ئەمڕۆش کورد سەرلەنوێ هەمان ئەو پۆستە کارتۆنیانەی خۆی وەردەگرێتەوە، پتر لەمەترسی سیناریۆیەکانی رابردو نزیکمان دەخاتەوە، چونکە هەڕەشەی پلەدوویی کورد لەو پۆستانەوە هێماو پرسی ترسناکی بەعسیزمەو هێندەی سێبەرەکانی خۆمان لێمانەوە نزیکە).

ئەم دەقە، ناخۆشە، لەبەرئەوەی برای نوسەر، گروپی کوردی بەپیاوانی فاشی بەعسی چواندووە. ڕاستە پۆست هەر پۆستە. سەرۆکو جێگری سەرۆك.. تاد، بەڵام پۆستیش هەتا پۆست هەیە. پۆستی کارتۆنیو پۆستی یاساییو پۆستی هەڵبژێردراویش هەن.

ئەم حکومەتە تازە دامەزراوە، لەم هەلومەرجەدا هەرگیز نەدەکرا پۆستی یەکەمی بدرێتە کورد. چونکە لەسەر بنچینەی (توافق) دانراوە. ئەم بنچینەیەش لەبەرژەوەندی کوردە. ئەگەر هەڵبژاردن بکرێو لەیاسای هەڵبژاردنەکەدا بچەسپێندرێ کە کورد بۆی نییە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی خۆی کاندید بکا، ئەوکاتە نوسەر هەقی دەبوو کورد بەپلەی دوو بژمێرێ. بەڵام جارێ کە مەسەلەکە وا نەبن، ئیتر بۆچی ئەو بەراوردە لاسەنگە دێنێتەگۆڕێ؟! نوسینی وا نەك ناچێتە خانەی دڵسۆزیو رادیکاڵیەوە، بەڵکو هەڵچونێکی ڕووتی سیاسییەو هیچی دیکە.

سەبارەت بەزمانی ڕەسمیش، زۆرجار لەکۆنگرەو دورشمەکاندا، زمانی ڕەسمی بەعەرەبیو کوردی دەنوسرێ. خیتابیش بەزمانی کوردی دراوە، یان وەرگێڕدراوە. بەڵام هەندێجار لەکۆڕو کۆنگرەیەکدا، تەنها گوتار بەعەرەبی بێ، شتێکی ئاسایییە. گرنگ ئەوەیە ناوەڕۆکی گوتارەکە دیموکراسیانە بێ. خۆ لەکوردستانیش هەقوایە زمانی ڕەسمی عەرەبیش بێ، کەچی (٩٨٪)ی گوتەو کۆڕوکۆبونەوەکان بەزمانی شیرینی کوردییە. ئەی بۆئەمەیان نوسەر دەڵێ چی؟

نوسەر دەپرسێ: (ئایا هەموو عێراق دەبێتە بەشێك لەنیشتمانی عەرەب یان بەتەنها بەشە عەرەبیەکەی دەچێتەوە سەر نیشتمانو جیهانی عەرەبی).. ئەم گرفتە لەکۆنگرەی لەندەنی (٢٠٠٢) کۆتایی‌هاتووە. لەیاسای کاتی عێراقیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە کە عێراقی عەرەبی بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب. ئیتر نوسەر کە زانیاری نییە، بۆچی دەپرسێ، کە من پێم وایە ئەم سەرکەوتنە یەکێکە لەگەورەترین سەرکەوتنەکانی سیاسەتی کورد لەم سەدەیەدا. بەڵکو پاشەکشەپێکردنی گوتاری ناسیۆنالیزمی بالادەستی عەرەبییە لەعێراقو سوریاو ناوچەکەشدا. بەڵام نوسەر لەمەشیاندا، بیانووی‌گرتووە.

سەبارەت بەپێشنیازەکەی کاك (عومەر محەمەد)یش کە دەفەرموێ: (پێشنیارەکەی من هەر ئەوەندەیە کە زۆربەی لێدوانەکانتان بەتایبەتی بۆ کەناڵە عەرەبیەکان بەکوردی بێت دڵنیام ئەمە لەتواناتان کەم ناکاتەوە بەڵکو لەمتمانەتان زیاد دەکات لەعێراقی‌بوونتان کەمناکاتەوە بەڵکو نیشانەی عێراقییەکی تەندروست ترتان پێدەبەخشێ).

جارێ قسە لەوە نییە بەزمانی زگماکی قسەکردن نەنگییە یان سەربەرزییە. بەڵکو قسە لەوەیە کە گوتار (خیتاب) بریتییە لەدوو ڕەگەز، یەکەم: دەقو" دووەمیش: گەیاندن.واتا: چۆن دەقی جوان کاریگەر دەنوسرێ، ئاواش دەبێت شێوەو شێوازی گەیاندنی دابهێندرێ. سیاسەتمەداری کورد کە لە (جامیعەی دەولی عەرەبی) یان لەکەناڵە عەرەبیەکاندا، یان قسەزانێکی ئینگلیزی لەکەناڵەکانی ڕۆژئاوادا، قسەدەکا، چۆن بتوانێ دەقەکەی بگەینێتە ڕای گشتی ئەگەر بەکوردی قسەبکا؟ بەکوردی قسەکردن بۆچییە؟ بۆئەوەیە کە کێشەی کورد بگەیەنێو نەتەوەی کورد بناسێنێ. دەی کورد دەبێ بەهەموو زمانێك کێشەکەی بگەیەنێو نەتەوەکەی بناسێنێ. زۆرجار عەرەبیش بەزمانی بێگانە قسەدەکەن. تورکیش بەزمانی بێگانە قسەدەکەن. فارسو نەتەوەکانی دیکەش هەروا. کوردیش، تا سووربێ لەسەر پاراستنو پەرەپێدانی زمانەکەی خۆی پێویستە، چونکە هێشتا نەتەوەی کورد ماویەتی بەتەواوەتی ڕزگاری ببێ، بەڵام هاوکات هەتا بەزمانی دیکەش بدوێ، خۆشەویستی زمانەکەی خۆی باوتر دەکا. کێشەی کوردیش باشتر دەخاتە ناو ڕای گشتیەوە، ئەمەش بەشێکی گرنگی خەباتی ڕزگاری دیموکراسی کوردو کوردستانە.

ئیسلامی سیاسیو بزوتنەوەی ڕیفراندۆم

شەهرام هوژەبری

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، لەنیمچە دورگەی عەرەبیو دوای فتوحاتی ئیسلامی، دەبینین چەندین نەتەوەی جیاواز کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامییەوە، یەکێك لەو نەتەوانە کە بەشەڕێکی خوێناوی ئیسلامی تیا چێنرا میللەتی کورد بوو. دوای ئەوەی ئیسلام لەم ناوچەیە بووە دینێکی ڕەسمیو دینی زەردەشتی کە ئەو کاتە، وەك دینێکی باوەڕ پێکراو لەناو خێزانو سیاسەتی ئەکاتەی کوردستان پەیڕەوی دەکرا قەدەغەکراو بەدینێکی مونحەریفو ئاگر پەرست ناوزەندکرا. ئیدی سەرەتای شێواندنو دروست بوونی فۆرمو شێوازێکی تر لەسلوکو ئەخلاقیەتی دینیو کۆمەڵایەتی بەسەر ئەم میللەتەدا سەپێنرا.

بەکامێرای ڕەنج قەرەداغی

تاوای لێهات تێکەڵاوو بەکلتورو سیاسەتی ئەم میللەتە بوو، ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، ئەو بەشەیانە کە دینی ئیسلام تێکەڵاو بەسیاسەتی کوردی بووە.

ئەگەر چاوی بەمێژووی شۆڕشەکانی کوردستاندا بخشێنین تا سەرەتای ساڵانی حەفتاکان زۆربەی سەرکردەکوردەکان لەفۆرمی پیاوێکی ئایینیو سیاسەتێکی ئیسلام خوازی لەشۆڕشەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەئۆمێدی خەوبینین بە (صلاح الدینی ایوبییە)وە کارو ڕابەرایەتی شۆڕشیان کردووە.

بەتێپەڕاندنی کاتو هەلو مەرجی سیاسی ناوچەکەو دەوروبەری، مۆدیلێکی تر لەساحەی سیاسی کوردی سەری هەڵدا . کە ئەویش ئیسلامی سیاسی بوو کە هەڵقوڵاوی ناسیۆنالیستی عەرەبییەو لەفۆرمو شێوازێکی تایبەتدا.

ئەوی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کەئەم تەیارە ئیسلامیانە ئیدعای کوردستانی بوونو ناسیۆنالیستی کوردی دەکەن. لەکاتێکدا کە مانیفیستو پرۆگرامی ئەم تەیارە ئیسلامیانە پەردە پۆشە بەناسیۆنالیستی عەرەبی.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە باڵێك لەو باڵە ئیسلامیە سیاسیانە، باوەڕی بەڕیفراندۆمێ: هەیە لەکوردستاندا، کە بزوتنەوەی ڕیفراندۆم ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە کوردستان لەعیراقی عەرەبیو لێکنراوە بە ئۆمەی ئیسلامی جیا بکاتەوە. لەنێو ئەم بزوتنەوەیەدا، باڵێکی لەو چەشنە ئیش دەکات.. ئاخۆ ئەم تەیارە ئیسلامیە ئەوەی فەرامۆش کردبێت کە دەبێت ئەوان هەوڵ بۆ یەك پارچەیی دەوڵەتی ئیسلامی بدەن. ئاخۆ ئەوان ئێستا خەون بە خەلافەتی ئیسلامیەوە نابینین، ئاخۆ ئەو پرۆگرامەی کە حیزبێکی ئیسلامی سیاسی هەیەتی. دەتوانێت ئەوە فەرامۆش بکات کە دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت یەك خەلیفەو یەك شۆرای هەبێت بۆ بڕیاردانە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان. یاخود ئەمە بێئاگایەکی تری ئەو ڕۆشنبیرانەیەکە کە لەنێو بزوتنەوەی ڕیفراندۆمدا هەیە. وەیا ئەویش سیاسەتی (هەلو مەرجەکەوا ئەخوازێت)بەکار دەهێننو پەیڕەوی دەکەن.

کوفی عەنان :

شەری عێراق شەرعییەتی نێودەوڵەتی نەبووە!

سکۆت م.ک. :

شەری عێراق شەرعییەتی مافی گەلانی هەیە!

س.ئای.ئەی :

عێراق بەرەو شەری ناوخۆ مل ئەنێت!

تەقینەوە , کوشتن , فراندن , برین..

بوونەتە ڕووداوی ڕۆژانەی عێراق !

دووەم کۆماری عێراق ڕوبەڕوی مەترسی دژوار دەبێتەوە

صباح حەمەخان *

ئەو سەرە باسانە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، لەمیدیای کوردیدا بەگەرمی باس دەکران. بۆیە باس لێوەکردنیان گرنگە.

لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ کەناڵی (BBC) کوفی عەنان , سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان , شەری دژ بە ڕژێمی سەدام بە شەرعی نازانێ , ئەم ڕاگەیاندنە لە ڕاستیدا زۆر سەرسوڕهێنەرە کە دوای ساڵ و نیوێك لە ڕوخانی ڕژێمی عێراق تازە بە تازە سەر هەڵ ئەدات و نا پەشێویەکی دیکە دەخاتە نێو گۆڕەپانی ململانەی نێودەوڵتی لە ناوچەکە . هەڵبەتە قسەکانی کوفی عەنان قورسایی خۆی هەیە و لە لایەن میدیا و ئاژانسەکانەوە گرنگی تایبەتی پێ ئەدرێت , نەك تەنها لەبەر ئەوەی کە لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەرچوە , ئامجارەیان زیاتر لە بەر گەرمکردنی ئاگری تێکدانی عێراقە , کە لە هەمان کاتدا وەکو پشتگیریەك لە بەرەی دژ بە ئەو شەرە دەژمێرێت , ئەم هەڵوێستە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ناکۆکە , ونەگونجاوە لە گەڵ ئەرکەکانی سکرتێری گشتی , کە بێلایەنی و ڕیشسپێتی لێ چاوەڕوان ئەکرێت .

لەلایەکی کەشەوە, قسەکەری وەزاوەتی دەرەوەی ئەمریکا ریچارد بووخەر و سکۆت م.ك. قسەکەری پنتاگۆن و هەندێ کاربەدەست و یاساناسی ئەمریکی، بەتوندی ڕەتی قسەکانی کوفی عەنانیان دایەوە وجەختیشیان لە سەر ئەوە کردەوە کە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاساییش, بنەمایەکی شەرعی تەواو ئەدەن بە شەری دژ بە ڕژێمی عێراق , بە تایبەتی بڕیاری ١٤٤١ کە لە نۆقەمبەری ٢٠٠٢ دەنگی لەسەر درا و زۆر بە ڕونی باسی ئاکامی دژوار ئەکات , گەر بێتو ڕژێمی عێراق بە تەواوەتی گوێڕایەڵی داماڵینی چەکە کۆکوژەکان نەبێت . هەمو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەو کاتە , لە کاتی دەنگداندا لەسەر بڕیارەکە, لایان ڕوون بوو , کە ئەمجارەیان ئاکامی دژوار هەر شەر ئەگرێتەوە . لە هەمان کاتدا سی.ئای.ئەی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە , تێیدا باسی ئەوە ئەکات کە عێراق بەرەو شەری ناوخۆ ئەڕوات . لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتوە کە تەقینەوە , کوشتن , فراندن , سەربرین بوون بە ڕووداوی ڕۆژانەی عێراق , ئاکامی ئەو ئاڵۆزیە کە عێراقی گرتۆتەوە, دڵخۆشکەرە نیە و عێراق بەرەو شەری ناوخۆ ڕۆدەچێ.

شەری ناوخۆ لە عێراقدا, لە ڕاستیدا دیاردەیەکی تازە نیە , هەر لە سەرەتای دروستکردنی کۆماری عێراق , واتە کۆماری یەکەم , لە سالی ١٩٥٨, ئەم وڵاتە سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە . توندرەوی , زەبروزەنگ و سەرکوتکردن بونەتە سیمای سەرەکی دەوڵەتی بە زۆر دامەزراوی عێراق , هەتا تێکچونی دامودەزگاکانی سالی ٢٠٠٣ , دوای چەندەها شەری ناوخۆ و چەندین جەنگی سەخت , کە بە جەنگی نێودەوڵەتی ئەژمێرێن , هەرچەندە ئاگرەکەی ناوچەیەکی بچوکی گرتۆتەوە , بەڵام زیاد لە یەك دەولەت لایەنگر بوون وبەشداری ئەو جەنگانەیان کردوە . گەرچی بە وردی سەیری ئەم مێژووە خوێناوییەی کۆماری یەکەمی عێراق یکەین و هەوڵ بدەین بەشێوەیەکی زانستی دەستنیشانی هۆیەکانی ئەم دیاردە دزێوە بکەین , پێوستە سەرنجێکی سەرەتای دروستکردنی ئەم دەولەتە بدەین , بەڵکو بکرە قۆناغەکانی پێشوتریش, واتە سەردەمی داگیرکردنی لەلایەن عوسمانیەکانەوە , شایای پیاچونەوەیە , هەرچەندە لە ووتارێکدا ناتوانرێت بە درێژی هەمو لایەنەکان شی بکرێنەوە , بەڵام ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستە هەوڵێکە بۆ دەستنیشان کردنی بەشێك لەو هۆیانەیە کە ئاسایش و سەرفەرازیان تاکو ئەمڕۆ لە عێراق بریوە و ڕێگری سەقامگیری بوون . ئایا هۆکارەکان پەیوەندیان تەنها بە توندرەوی گەلانی عێراقەوە هەیە ؟, یان هۆکاری دیکەش هەن کە زەمینە بۆ ئەم بەیەکداچوونە , خۆش دەکەن .

گەر بێتو دیقەتێ لە گەورەترین و درندەترین جەنگەکانی جیهان بدەینەوە , کە ملیۆنەها خەلکی تێدا کوژرا , ئەبینین ئاگرەکەی لە ئۆروپا هەڵگیرساون و میللەتانی ئەم ناوچەیە دەستیان تێیدا نەبووە (بۆ نمونە: شەری خاچپەرستەکانی سەدەکانی ناوەراست , جەنگی یەکەم و دوەمی سەدەی بیستەم) تەنها لە جەنگی دووەمی جیهاندا زیاتر لە پەنجا ملیۆن کەسی تێدا کوژرا, نمونەی دیکەش زۆرن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە کە کاتێ زەمینە بۆ شەر خۆش ئەکرێت , مرۆڤ, بە زیاد یان بە کەم , ئامادەی شەرکردن و پاڵپشتی کردنی شەری تێدا دروست ئەبێت .

لە ناوچەیەکی وەکو عێراقدا , کە پێکهاتەی چەندەها گەل و ئاین و کولتوری جیاوازە , دیاردەیەکی وا سەیر و نامۆ نیە کە زەمینەی ڕوخساو و لەباری هەبێت بۆ دەست تێوەردان و ئاژاوە نانەوە . بەڵام دیاردەی سەیرو نامۆ ئەوەیە کە لە ناوچەیەکی وەهادا بە هەمو ئەو جیاوازی و تایبەتمەندیەوە , بێت و دەوڵەتێك دروست بکرێت .

خۆ ئەزمونی ئایرلەندیەکان باشترین نموونەیە , کە تەنها لەبەر جیاوازی مەزهەبیان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا, بە دەسەڵاتدارێتی ئینگلتەرا ڕازی نین و بەو پەری توندی تاکو ئێستا ڕەتی ئەدەنەوە و سەربەخۆییان ئەوێت .

کەواتە : بەشی گەورەی هۆیەکانی ئەو توندرەوی و ئاژاوەیە کە هەشتا ساڵە عیراقی گرتۆتەوە , , ئەگەرێتەوە بۆ شێوەی(چۆنیەتی) دروستکردنی دەوڵەتی عێراق دوا بە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە , کە نەك تەنها دەستی گەلانی عێراقی تێدا نەبوو , بەڵکو ماڤی زۆربەشیان ڕەچاو نەکراو و بەوپەری بێ ویژدانیەوە پێشێل کرا,. واتە بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن زلهێزەکانی ئەو سەردەمە , کە نا تەباییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە , بنەمایەکی پووچ بووە وهەر لەو کاتەوە , لەسەر پێگهاتە شێواوەکەی کۆنی عێراقی عەرەبی , تۆی شەرو ئاژاوەی تێدا چێنراوە . ئەمەش دۆخی سیاسی و بارە کۆمەڵایەتیەکەی ئاڵۆزتر و دژوارتر کردوە . ناکۆکی زلهێزەکان سەبارەت بە عێراق لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕەبەق نە توانراوە لابەلا بکرێت و هەمیشە لە پەرەسەندندا بووە , سەرهەڵدانی ئەمریکا وە کو زلهێز دوای جەنگی دووەمی جیهان نەیتوانی کۆتایی بە ناکۆکییەکانی جیهان بهێنێت , بەڵکو هەڵومەرجێکی تازەی هێنایە کایەوە بۆ ڕێکخستنەوەی جیهان بە شێوەیەکی تازە و گونجاو لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا , ئەمەش هەڵوەشاندن و دروستکردنی چەندەها دەولەتی کۆن و نوێی لە جیهاندا لێکەوتەوە . هەڵبەتە گواستنەوەی دەسەڵات لە ئۆروپاوە بە ڕەو ئەمریکا و ڕاگەیاندنی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا بیل کلینتن , کە بەرژەوەندی ئەمریکا ئامانجی سەرەکی ستراتیجی ئەمریکایە , (واتە سەروی هەموو پەیوەندیەکانە), وڵاتە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپای , وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا و ڕوسیا , لەیەك نزیك کردەوە و خستنیە جم و جوڵی بەر پەرچ دانەوەی پلانەکانی ئەمریکا , بە تایبەتی لەو ناوچانە کە هێشتا ململانەو مشتومری نێو دەوڵەتیان لە سەرە , وەکو ناوچە پیترۆلیەکانی ئەفریقیا و ئاسیا کە عێراقیش ئەگرێتەوە . هەر وەکو چۆن لەسەرەتای دروستکردنی دەولەتی عێراق , ناکۆکی گەورە کەوتبووە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە لایەکەوە و نێوان ئەمریکا و ئۆروپا لە لایەکی کەوە , ئەبینین کە ئەمجارەش بەشێوەیەکی توندتر و زەقتر ناکۆکیەکان سەری هەڵدایەوە و بوو بە مایەی ناخۆشیەکی گەورە بە تایبەت لە نێوان ئەمریکا وەکو جەمسەرێك و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ڕوسیا وەکو چەند لایەنێکی دیکە , ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە ئەو دیاردەیەیە کە لایەنەکانی دژ بە جەنگی سەر بە ڕژێمی ڕوخاوی بەعس , بەتایبەتی فەرەنسا , هەمان لایەنن کە ساڵانی دوای یەکەم جەنگی جیهان , واتە ساڵانی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق بەو پەری توندیەوە , دژ بە داخوازیەکانی ئەمریکا ڕاوەستان و ڕازی نەبون بەشدار بێت لە دابەشکردنی میراتی دەولەتی عوسمانی لە عێراقدا , واتە لە داهاتوی نەوتی عێراق کە ئەو کاتە کۆمپانیای نەوتی ترکی (TPC) دەستی بەسردا گرتبو , بەڵام موڵکی شەرعی گەلانی عێراق بوو , هەمان هێزیش بون کە هەتا دووا هەناسەی بەعس پشتگیریان لە ڕژێمی سەدام ئەکرد و هەوڵی مانەوەیان ئەدا .

دەوڵەتە هێزدارەکانی جیهان بەگشتی و ئەورووپاییەکان بە تایبەت لەو ڕاستیە زۆر چاك تێگەشتوون کە بە لایەنی کەمەوە لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ ململانەی ئەمریکایان پێناکرێت , چونکە لە ڕووی چەکی ستراتیجی و تەقەمەنیەوە ئەمریکا دەیان ساڵ لە پێشەوەیە و لە بەرژەوەندی هیچ دەوڵەتێك نیە ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ بە چەکەوە بە ڕانبەر ئەمریکا بووەستێت , بۆیە ئەبینین لە جیهانی ئەمڕۆدا , ڕێگای پێچاوپێچی نەشیاو لەبەر ئەگیرێت بۆ پەرچدانەوە و تێکدانی پلان و سیاسەتی ئەمریکا لەو ناوچانە کە مشتومری نێو دەولەتیان لەسەرە , کە ئەویش گواستنەوەی گۆڕەپانی ململانیەکە بۆ خودی ئەو ناوچانە و لە ڕێگەی میللەتان و دانیشتوانی ناوچەکان , کە ئەمەش نەشیاوترین شێوەی ململانیە کە لە جیهانی ئەمروداً بەدیکرابێت , چونکە باجەکەی لایەنی هاومەبەست نایدات , بەڵکو میللەتانی بێ دەسەڵات و هەژار و بێ تاوانی ئەو ناوچانە ئەیدەن . باشترین نموونەش بۆ ئەم سیاسەتە نارەوایە هۆزەکانی هوتسی و توتسین لە ئەفریقیا کە تاکو ئێستا ملیۆنێك زیاتریان لە یەك کوشتووە و وولاتەکەشیان بە تەواووتی نابوت کردوە .

ئەو مەترسییە گەورەیە کە ڕووی لە عێراقی ئەمڕۆ کردووە و ئەبێت میللەتانی عێراق زۆر چاك لێی بگەن, ئەو گێژاوەیەیە کە خەریکە ئەیان خاتە ناو داوی یەك لە ناو بردن و هەڵتەکاندنی پاشماوەی ژێرخانی وولاتەکەشیان . ئەمڕۆ پێویستیمان بە هۆشیاری و زرنگیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاستی بەر پەرچ دانەوەی هەموو ئەو پیلانانە بین کە دژ بە ئایندەی نەوەکانمان ئەهۆنرێنەوە و هەموو ئەو مەترسیانە ڕیشەکێش کەین .

گەر بمانەوێت لە عێراقێکی فیدرالی دیموکراتدا بە یەکەوە بژین , با خواستی خۆمان بێت , خۆ گەر جیابونەوەشمان بەلاوە چاکتر بێت , ئەوەش با بە پێی ویستی خۆمان بێت , بە شارستانیانە ئایندەی خۆمان دیاری کەین , ئەزمونی چیکوسلوفاکیا ڕێ پیشاندەرمان بێت , نەك ئەزمونی یۆگوسلافیا , یان ئەفریقیا ماڵ وێرانکەرمان بێت .

* ماجستێری ئەندازیاری، نووسەری سیاسی

پەیامی لاپەڕە

لەدوای دامەزراندنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە ٢٠-١٩٩٥/٧/٢١ ئیتر لەچەند قۆناغێکی جیاجیاداو بەگوێرەی پێویستو بارودۆخی کوردستان بەگشتیو وەرزش بەتایبەتی هەفتانەی وەرزشی (ئۆلۆمپیك)و هەفتانەی وەرزشی (یاریگا)و لەم دواییەشدا کەناڵی (سپۆرت)ی وەرزشی، وەك ئۆرگانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، شانبەشانی کەناڵە وەرزشییە جیاجیاکانی بینراو، بیستراوو نوسراوی کوردستان، کەمو زۆر رۆڵی خۆیان لەراگەیاندنی وەرزشی کوردستان دا بینیوە، ئێستاش ئەم لاپەڕە وەرزشیە دەکەینە پەنجەرەیەکی بچکۆلە بۆسەر دنیای فراوانی وەرزشو هەر لێرەوە هەواڵ، چالاکی، خواست، حەزو ئارەزووی وەرزشکارانی کوردستان، رەخنەو هەڵسەنگاندنی وەرزشو، وەرزشکارانی کوردستان بەگوێرەی تواناو دەرفەت بخەینەڕوو، جارجارەش تیشکێك دەخەینە سەر وەرزشی عێراقو وولاتانی جیهانیش بەو هیوایەی پەنجەرەیەکی دیکەی ئەم پەیامە شارستانیەی وەرزش، بۆ دنیای وەرزش لەکوردستاندا بکەینەوە.

بۆیەکەمین جار (ثرایثلون) "سێینە" لەکوردستان، کرا.

رۆژی ٤شەممە ٢٠٠٤/٩/١٥ مژدەی لەدایك بوونی وەرزشێکی نوێ کە (ثرایثلون) "سێینە"ی لەگەڵ خۆی بۆیەکەمین جار هێنا بۆ کوردستانو سەرجەم عێراق.

لەو رۆژەدا بەئامادەبوونی بەرێزان (مونیرە ئەبوبەکر)قایمقامی دووکانو (عمر محمد کریم) جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو (د. تێریس عۆدیشۆ)، نوێنەری لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقیو چەند ئەندامێکی کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو نوێنەری یانەکانو جەماوەرێکی زۆر پێشبرکێی ئەم یاریە لەشارۆچکەی دووکان سازدرا، لەو پێشبرکێیەدا (٥٣)وەرزشکار کەنوێنەری (١٦) یانەی عێراقی بوون بەشداربیان کرد، پێشبرکێکەش بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی (ثرایثلون)ی سەربەلیژنەی ئۆلۆمپی عێراقیو هاوکاری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بوو، ئەم پێشبرکێیە بەم جۆرەیە((١,٥کم مەلە،٥٠کم پاسکیل،١٠کم راکردن))..

لەئەنجامیشدا:

یەکەم: ئەحمەد عیزەدین لەیانەی وەرزشی زاب.

دووەم: شوان محمد علی لەیانەی وەرزشی دووکان.

سێیەم: هەرێم نادر لەیانەی وەرزشەی دووکان.

لەکۆتاییشدا بەرێزان قایمقامی دووکانو جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو نوێنەری لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقیو ئەندامانی کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو نوێنەرانی یانەکان خەڵاتیان بەسەرکەوتوان پێشکەش کرد.

خولی فتبۆڵی یانە نایابەکانی کوردستان" دەستی پێکرد

یانەکانی: (سلێمانی، سیروانی نوێ، کۆیە) سەرەتایەکی بەهێزیان نواندووە

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی فوتبۆڵی کوردستانو بەشداری ١٥یانە، کەکراون بەدوو کۆمەڵەوە، خولی فەتبۆڵی یانە پلە نایابەکانی کوردستان رۆژی ٥شەممە ٢٠٠٤/٩/٢ لەیاریگاکانی (سلێمانی، کەرکوك، کۆیە، کەلار، ئەزمر) دەستی پێ کرد، خولەکە بەشێوەی دەوریەیەو بەدوو قۆناغ دەکرێ، هەرچەندە ئەو پانزە یانەیەی کەبەشداری ئەو خولەیان کردووە، تائێستا دوا تواناو پلانە وەرزشیەکانیان ئاشکرا نەبووە، بەڵام تیپەکانی یانەی سلێمانیو سیروانی نوێو کۆیە، بەسەنگو ئاستێکی هونەری بڵندتر لەتیپەکانی تر، خۆیان پیشانداوە. تائێستا، گەر بێتو لەسەر ئەو ئاستەبەردەوام بن، پێ دەچێت هەرسێکیان لەتیپەکانی پێشەنگی خولی فوتبۆڵی یانە نایابەکانی کوردستان بمێننەوە.

بەڕێز مام جەلال تەواوی داخوازی نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو یانە وەرزشیەکانی کەرکوکی جێبەجێ کرد

سەعات شەشو نیوی ئێوارەی ٢٠٠٤/١٠/٣ لە قەڵاچوالان، بەڕێز مام جەلال بەئامادەبوونی مەلا بەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو جەلال جەوهەر لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوك، چاوی بەنوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو رۆربەی یانە وەرزشیەکانی کەرکوك کەوت، کە بریتی بوون لە نوێنەری یانەکانی کوردو عەرەبو تورکمانو ئاشوریو ئەرمەنی، هاوپێ لەگەڵ چەندین داوەری نێودەوڵەتی یاریکەرە دێرینەکانی شارەکە.. وەرشکاران داخوازیەکانی خۆیان بۆ هەموو یانەکانو یەکێتیە وەرزشیەکانو نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە:

یەکەم/ زیادکردنی یارمەتی مانگانەی تێکڕای یانەکان، مام جەلال بەسێ بەرامبەر بۆی زیادکردن.

دووەم/ چاکسازی یاریگاکانی یانەکانی (الثورة)و ئاشوریو ئەرمەنیو خاكو سۆلاڤ ، هەروەها دروستکردنی (١٠) یاریگای نوێی بچوکی نێودەوڵەتی لەشارەکەدا، هەمووی پەسەند کرد.

سێهەم/ کڕینی سێ پاس بۆ یانەکانی زاپو یەکێتیە وەرزشیەکانو (الثورة).

چوارەم/ بڕینەوەی یارمەتی تایبەتی بۆ وەرزشکارە دێرینەکان.

پێنجەم/ کڕینی سێتی زیاتر لە (٣٠٠) تیپی میللی بۆ پارێزگاکە.

لەگەڵ چەندین داخوازی گشتیو تایبەتی دیکە کە هەموویان بۆ خزمەتکردنی وەرزشکارانی کەرکوك بوو.. پەیامنێرمان کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، پێی وایە ئەم یارمەتیە، ئەگەر بەپێی بەرنامەو ئاراستەیەکی وەرزشی زانستی، مانگانە دابەش بکرێ، بێگومان دەبێتە مایەی وەرچەرخانێکی بەرچاوی وەرزش لەپارێزگای کەرکوکدا، هەروەها دەبێتە مایەی پتەوکردنی گیانی وەرزشیو خۆشەویستی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی شارەکەدا.

خولێکی مەلەوانی لەسلێمانی

بەسەرپەرشتی یەکێتی مەلەوانی عێراقو هاوکاری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، ٢٠٠٤/٩/٢٠ لەمەلەوانگەی نەورۆز پێشبرکێی باسکەو پشتەو سنگەو پەپولەمەلە بۆ دووری ٥٠م، ١٠م، ٢٠٠م، ١٥٠م ی پۆستە بۆ تەمەنی (منداڵان، تازە پێگەیشتووان، لاوان، پێشکەوتووان)ی کوران سازدراو لەئەنجامدا، یانە وەرزشیەکانی: دووکان یەکەم بوو ٨١ خاڵ، ئازادی دووەم بوو ٤٨ خاڵ، یانەی سلێمانی سێیەم بوو ٣٧ خاڵ.

سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لەگەڵ تیپی فتبۆڵینی یانەی سلێمانی کۆدەبێتەوەو یانەی سلێمانیش سێ ملیۆنو دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ تیپەکە تەرخان دەکەن

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان (مەلا بەختیار) گفتی بەیانەی سلێمانی داوە، بۆ سەرکەوتنیان لەپلە نایابەکانی عێراق، توانایەکی شیاو بخاتە بەردەستیان. بۆ ئەم مەبەستەش بەئامادەبوونی (سەلاح محەمەد کەریم) سەرۆکی یەکێتی فتبۆڵینی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ راهێنەرو بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری هونەریو سەرپەرشتیاری تیپی فتبۆڵینی یانەی سلێمانی ٢٠٠٤/١٠/٢، ئەنجامدا.

هەروەها، بڕیارە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لەگەڵ یانەی سیروانی نوێش بۆ هەمان مەبەستو هەمان پشتیوانی، کۆببێتەوە.

شایەنی باسە، دوای ئەوەی تیپی فوتبۆڵی یانەی وەرزشی سلێمانی چووەریزی تیپە پلەنایابەکانی فوتبۆڵی عێراقەوە، راهێنەرێکو هەشت یاریکەری لەبەغداوە هێنا. راهێنەرەکە بەڕێز (جەبار حەمید)ە، کەمانگی چوارسەدو پەنجا هەزار دینار وەرئەگرێ، هەریاریکەرێکیش مانگی سێسەدوپەنجا هەزار دینار وەرئەگرن کەکۆی هەمووی مانگانە ئەکاتە سێ ملیۆنو دووسەدو پەنجا هەزار دینار، ئەمەش بۆتۆکمەکردنو بەهێزکردنی تیپەکە بۆخولی فوتبۆڵی یانە پلە نایابەکانی عێراق.

شیاوی باسکردنە ئەمە جگە لە مووچەی یاریکەرەکانی کەپێشتر هەر لەتیپەکەدا بەردەوام بوون.

کیك بۆکسینگ لەخولی قارەمانێتی جەزائیردا قارەمانەکانی کورد بەسەر قارەمانەکانی لوبنانو جەزائیردا سەردەکەون

لەمیانەی پاڵەوانێتی دەیەمی (جەزائیر) بۆیاری (کیك بۆکسنیگ) کەبەروارى ٢٠٠٤/٩/٢٨ لەو وڵاتە بەرێوەچوو هەردوو یاریزانی کورد کەلەهەمان کاتدا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقن ئەوانیش هەردوو یاریزانی بەتوانا (هاوبیر عبدالله سلام) لەکێشی (+٩٥) توانی سەرکەوێت بۆ یاری پێش کۆتایی بەسەر یاریزانی جەزائیری (رحمانی کمال).

وەهەروەها یاریزان (کارزان محمد جعفر) لەکێشی (٦٧) توانی سەرکەوێت بەسەر یاریزانی لوبنانی (وسیم محمود)، وە ئومێد دەکرێت هەردوو یاریزان مەدالیای زێر بۆ (عێراق، کوردستانو یانەکەیان) کەیەکەمیان لەیانەی وەرزشی ئەزمەرو دووەمیان لەیانەی وەرزشی ئاشتیەیە، دستەبەر بکەن.

شایەنی باسە کەئەمە یەکمجار نیە کەیاریزانانی کورد بەشداری پاڵەوانێتی عەرەب دەکەن، ساڵی (٢٠٠١) یاریزان (سامان صدیق سعید) توانی مەدالیای زیو لەکێشی (٦٠) کغم دەستەبەر بکات بۆ عێراقو کوردستانی خۆشەویست. جێگەی خۆیەتی لێرەوە بەسەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بڵێم ئەگەر بێتو یارمەتی زیاترمان بدرێت، لەئایندەدا یاریزانانی کورد دەبنە نوێنەری عێراق بۆ سەرجەم کێشەکان، هەرچەندە لەرابردوودا یارمەتی بەرێزی بەردەوام بووە.. پیرۆز بێت لەکوردستانی خۆشەویست، سیروان مینە دەروێش، ئەندامی یەکێتی ناوەندی (کیك بۆکسینگ)ی عێراقی.

واین رۆنی.. ئەستێرە گەشەکەی (مانجستەر یونایتد)ی ئینگلیزی، لەخولی قارەمانی ئۆروپادا، توانی یانەی (فەنار باخچە)ی تورکیا، بەسێ گۆڵی زۆر جوان، بخاتە نیگەرانیەکی گەورەوە.

گۆڵی سێهەم: لە (٥٤) دەقیقەی یاریدا

گۆڵی دووەم: لە (٢٨) دەقیقەی یاریدا

گۆڵی یەکەم: لە (١٧) دەقیقەی یاریدا

عەبدولڕەحمان مستەفا (پارێزگاری کەرکوک):

من نەك لایەنگری لایەنێك نیم بەڵکو لایەنگری نەتەوەیەکیش نیم

بەمەبەستی زیاتر بەئاگابوون لەکارەکانی پارێزگای کەرکوك بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو باسانەی کە لەماوەی رابردوودا رووبەڕووی ئیدارەی پارێزگا بۆوە بەباشمان زانی بەڕێز (عەبدولڕەحمان مستەفا) پارێزگاری کەرکوك بدوێنین:

چاودێر:

دەکرێت بۆمان روون بکەیتەوە کە لەماوەی ئەو حەڤدە مانگەی کە ئیدارەی کەرکوك دروست بۆتەوەو ئێوە وەکو پارێزگار کارتان کردووە, تۆ خۆت ئەزموونی کارکردنی ئەم ئیدارەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی, پێت وایە ئیدارەی شاری کەرکوك لەئاستی پێویستدا بووە؟ ئایا لەبەردەم هەموو کێشەو گرفتانەی کەرکوکی پێیا تێپەڕیوە توانیویەتی سەرکەوتوبێت؟

عەبدولڕەحمان مستەفا:

لەڕاستیدا هەچ کەسێ شارەزای کەرکوك و بارودۆخی شاری کەرکوك بێت و شارەزای ئەو هەموو خراپەکاریە بێت کە لەکەرکوك ئەنجامدراوە لەسەردەمی رژێمی بەعس و ئەو هەموو ئاسەوارەی ماوەتەوە, زۆر باش دەزانێت کە ئەوەی لەکەرکوك کراوە وابزانم زۆر زۆر لەسەرو تواناشەوە بووە, بەو بێتوانایەو بەو بێپێداویستیەی کە کەرکوك بەرەوپێش ببەی, کەرکوك رێکوپێك بکەی, ئیدارەی شاری کەرکوك توانیویەتی بەرپێك وپێکی شاری کەرکوك بەرێوەبەرێت لەماوەی ئەو هەڤدە مانگەدا, توانیویەتی زۆر چالاکانە خزمەتگوزاریەکان لەبارەی هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی گیانی برایەتی لەنێو پێکهاتەکانی شاری کەرکوك کە وابزانم هەموو کەس شایەتی حاڵە لەسەر ئەو کارەی ئیدارەی کەرکوك کە کارێکی گرنگو چاك بووەو ئیدارەکەش زۆر سەرکەوتوو بووە لەهەموو بوارەکاندا.

چاودێر:

بەبۆچونی زۆرێك لەچاودێران پێیان وایە هێشتا باری ئاسایش لەشاری کەرکوك تەواو سەقامگیر نەبووە, نەدەکرا ئێوە لەماوەی ئەو حەڤدە مانگەدا کاری جدیتر بکەن بۆئەوەی باری ئاسایشو ئارامی باشتر سەقامگیر بکەن, هەرچەندە دەبێ ئەوەش لەبیرنەکرێ کە باری ئاسایش لەکەرکوك لەزۆرێك لەناوچەکانی تری عێراق باشترە؟ ئایا هیچ خەلەلێك لەدەرگای پۆلیسدا هەبووە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا:

کەرکوك شارێکە تازە رزگارکراوە, جیاوازە لەشارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك, بەدڵنیاییەوە کێشە توشی دەبێت, ئێمەش لەژێنێکی دیکتاتۆری ناخۆشدابوین کە هاتون پرۆسەیەکی دیموکراسیو لیبراڵەو توشی کێشەو گرفت دەبێ باری کەرکوکیش تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی هەیە بەچواردە پارێزگاکەی ترەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین ئەوا دەبینین بارودۆخی ئاسایشی کەرکوك زۆر لەوان باشترە, هەڵبەتە ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەك یەکێ لەوانەش ئەوە نەتەوە مەزهەبە جیاوازەکانی کەرکوك رێکن لەسەرئەوەی پێکەوە وەکو برا بژینو کاربکەن بۆئەوەی دواڕۆژێکی باش بۆ کەرکوك و خەڵکی کەرکوك دابین بکەن, ئەوکارە تیرۆریستیانەی لەکەرکوکدا ئەنجامدراوە بەهەقەت کارێکی وەها نیە ببێتە ئەوەی کە کەرکوك شارێکی نائارامە, نەخێر, کەرکوك شارێکی ئارامە, راستە ئەو کارە تیرۆریستیانەی ئەنجامدراوە کاریکردۆتەسەر وردی خەڵکی و کاری کردۆتەسەر شێواندنی باری ئەمنی کە لەکەرکوکدا هەبووە, ئەمەش لەهەموو شارەکانی تری عێراقدا هەبووەو کاری تیرۆریستی لەجهانیشدا روودەدات, ئەوەی تائێستاش لەکەرکوکدا رویداوە لەو ئاستەدا نیە کە بڵێن باری ئەمنی شارەی کەرکوك خراپەو دەزگای پۆلیسیش دوای ئەوەی کەرکوك رزگارکرا دامودەزگای پۆلیسی کۆن تێك چوو, دامودەزگای پۆلیسی نوێ دامەزراوە بەدڵنیاییەوە خەڵکانێکی کەم ئەزمونی لەو دەزگا نوێیەدا کاردەکەن و لەسەرەتاوە پێداویستیەکانمان زۆر خراپ بوو و هیچ دابین نەکرابوو و تائێستاش زۆر لەپێداویستیەکان دابین نەکراوەو ئێمە لەهەوڵداین بۆ دابینکردنی پێویستیەکانیان و دەزگای پۆلیس گەشەو پێشکەوتنی بەخۆیوە بینیوەو منیش لەگەڵتاندام ئەنجامدانی کارەکانی پۆلیس وەکو پێویست نیە, بەڵام پێشکەوتنێکی چاك هەیەو ئێمە هیوادارین بەرەوپێشتر بڕۆین و کۆنترۆڵی باری ئەمنی شارەکە بەتەواوی بکەین, و پۆلیسی کەرکوك لەهەفتەی رابردوودا کاری رفاندن هەبوو, منداڵیان دەڕفاند بەمەبەستی پارەوەرگرتن لەکەس و کارەکانیان, دوو بانـدی باشمان دەستگیر کردووە و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە بۆئەوەی بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی بندەکانی تر, ئەو کارە خراپانەی لەکەرکوکدا هەیە بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی تردا زۆر زۆر کەمترە, بەڵام هەوڵدەدین ئەوانەش نەهێڵین.

چاودێر:

کە باس دێتە سەر کەرکوك, هەموومان کێشەی ئاوارەمان دێتەوەبیر, کێشەی ئاوارە, یەکێکە لەکێشەکان لەکەرکوکدا, ئێوە وەك ئیدارەی کەرکوك لەکاتێکدا وەرزی زستان بەڕێوەیە, ئاوارەیەکی زۆر لەژێر چادرو شوێنی نەشیاودا ژیاندەگوزەرێنن, ئێوە بەرنامەتان چیە, بۆ ئاوارە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: بەراستی نەك یەکێك لەکێشەکان, بەڵکو گەورەترینو سەرەکیترین کێشەیە, من کە خۆم کوڕی ئەم شارەمو ئاگاداری وەزعی ئاوارە, هەم لەیەکەم رۆژی وەرگرتنی ئەم پۆستەوە درکم بەوە کردووە کە کێشەی ئاوارە ئاگادارم, ئاوارە زوڵمێکی زۆری لێکراوە, دەزانم ئاوارە هەموو ماڵو موڵکو مافێکی لێ زەوتکراوە کاری نامرۆڤانەیان بەرامبەر کراوە, بەڵام پاش پرۆسەی ئازادی بەداخەوە رێژەیەکی کەم لەئاوارە گەڕاوەتەوەو تائێستاش هیچیان بۆنەکراوە, بەداخەوە, هەنگاوی پراکتیکی وانەنراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

چاودێر:

بەڵام بۆ هەنگاونەنراوە, ئێوە خاوەنی بڕیارن لەکەرکوکدا؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: ئێمە وەك ئیدارەی شاری کەرکوك هەوڵماندراوە بەهەمووشێوەیەك ئەو ئاوارانەی لەچادرگاو یاریگاو سەربازگاو شوێنی نەشیاودا دەژین, کە هیچ پێداویستیەکی ژیانی لێنییە, ئێمە وەك ئیدارە کێشەی زۆرمان هەیە, بۆنموونە" تائێستا بودجەیەکمان بۆ دابین نەکراوە, تەنانەت بۆ خۆمان یا بۆ پارێزگای کەرکوك کە بتوانێ ئیدارەی لەسەر بکات, کێشەکە پەیوەندی بەبودجەوە هەیەو پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە هەیە, کە دەسەڵاتێکی وامان بدەنێ زەوی دابەش بکەین بەسەر ئاوارەکاندا کە من لەیەکەم رۆژی کارکردنمەوە هەوڵمداوە بۆ ئەوەو پێویستی دووەمیش ئەوەیە بودجەیەکی باش دیاریبکرێت بۆ یارمەتیدانی ئاوارە, بۆئەوەی ئەو زەویەی دابەشدەکرێ بەسەریاندا بتوانن خانووی تێدا دروست بکەن, بەبێ بودجەش هیچ کارێك ناکرێت و بەپێدانی چادرێك ئەوە هیچ چارەیەك نیە بۆ کێشەی ئاوارە.

چاودێر:

دەکرێ راوبۆچونی خۆتمان پێبڵێی لەسەر گروپی کوردی ئەنجومەنی پارێزگا, ئایا گروپی کوردی توانیویەتی دەنگی کورد بێت, ئایا ئەم گروپە هیچ پرۆژەیەکی هەبووە بۆ ئیدارەی پارێزگا, ئایا گروپی کوردی جێدەستی دیار بووە بەپرۆژەکانی پارێزگاوە بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: ئێمە وەك ئیدارەی شاری کەرکوك بەرپرسین لەهەموو هاوڵاتیانی شاری کەرکوك, دەبێت ئێمە کێشەی هاوڵاتیان چارەسەربکەین, من بۆمێژوو باسیدەکەم گروپی کوردی کەمتەرخەم نەبووە, گروپی کوردی کاری کردووە, من وەکو هاوڵاتیەکی شاری کەرکوك قسەدەکەم, ئێمە کارکردنمان لەکەرکوك کارکردنێکی زۆر زۆر قورسە لەبارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا کاردەکەین, من وەکو باسم کرد نە لای ئێمەو نە لای گروپی کوردی یان ئەنجومەنی پارێزگا بێت بڕیار لامان نیەو هەموو شتەکان لەبەغدایە, من ناتوانم بڵێم گلەیی لەگروپی کوردی دەکەم, گروپی کوردی لەئەنجومەندا یەك خیتابو یەك دەنگنو هەوڵی زۆر ئەدەنو تێدەکۆشن تا چارەسەری کێشەی ئاوارەی کەرکوك بکەنو سەرجەم کێشەکانی کەرکوك چارەسەر بکەن, من ئەوە بۆ مێژوو دەڵێم, بەڵام کارەکە زۆر قورسە, بەڕاستی حەزناکەم ئەو هەموو گلەییە رووبەڕووی گروپی کوردی بکرێتەوە, چونکە بارودۆخەکە قورسە, ئەوەی ئەوان بۆیان کراوە کردویانە, ئەوەی نەشکراوە بڕوابکەن لەتواناو دەسەڵاتی ئەواندا نەبووە.

چاودێر:

ئێوە لەگەڵ هەوڵدانتان بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارە لەکەرکوك, بەڵام هەندێ لایەن پێیوایە ئەم کارانەی ئێوە بەکوردیکردنی شاری کەرکوکە, ئەوەتا لەژمارە (١١)ی رۆژنامەی (اقصو)ی بەرەی تورکمانیدا ئەوە هاتووە کە سیاسەتی بەکوردیکردن لەکەرکوك بەرێوەدەچێ؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: من دەمەوێت شتێ روونبکەمەوە کە جاری تریش ئاماژەم پێداوە, ئەو قسانە هیچ ئەساسێکی نیەیەو هیچ بنەمایەکی راستی نیە, کورد هیچ وەختێ هەوڵێنەداوە کەرکوك بەکوردی بکات, کورد تەنها ویستویەتی مافی خۆی لەشارەکەدا دەستەبەر بکات وەك هەموو هاوڵاتیانی تر, من دەمەوێ لەرێی رۆژنامەکەی ئێوەوە روونیبکەمەوە کە بەسەدان هەزار لەخەڵکی ئەم شارە کە دەرکراون لەسەردەمی بەعسدا بەمەبەستی گۆڕینی سیمای نەتەوەیی شارەکەئەو خەڵکانە ناسنامەی شارستانییان لەگەڵدا گوازراوەتەوە بۆ ئەوشوێنانەی ئاوارەکراون بۆیو ناسنامەکەی خۆی لێسەندراوەتەوە, ناسنامەی باری شارستانی ئەو شارەیان داوە پێیو ئێستا خەڵکی کەرکوك دێتەوە لەشارەکانی ترەوە نابێت خەڵکی ئەم شارە نەبێتو بێتە کەرکوك, ئەوە خەڵکی رەسەنی کەرکوکە بەڵام بەبڕیارێکی سەرکردایەتی بەعس خەڵك کە لەم شارە دەرکراوە بەزۆرو زوڵم هەویەکەشی لەگەڵ دەرکراوە, من وەکو یاساناسو هاوڵاتیەکی ئەم شارە ئاگاداری ئەم کێشەیە بووم لەیەکەم رۆژەوە هەوڵمداوە کە سجلاتەکان بگێڕینەوە بۆئەوەی کەسێك گلەیی نەکات بڵێ ئەمانە خەڵکی کەرکوك نین, ئەمانە خەڵکی کەرکوکن. بڕوا ناکەم هیچ کەسێك هەبێ قبوڵ بکات خۆی یان ماڵو منداڵی بێنێ لەشوێنێکدا بژی کە نەشیاوە کەسێك کە خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی بێت حەتمەن شوێنێکی هەیەو لەخانویەکدا دانیشتووە کە قەت ئامادە نیە خۆی بخاتە مەترسیەوەو لەبارێکی نالەباردا بژی.

چاودێر:

وەك کوردێك کە زیاد لەساڵێکە پارێزگاری ئەم شارەی کە شارێکی کوردستانیەو زیاد لەنەتەوەیەکی تیادەژی, توانیوتە هاوسەنگی لەنێوان نەتەوەکاندا رابگری؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: من زۆر کەس شایەتیان لەسەر داوم, شایەتیش ئەدرێ, من وەکو کوڕێکی شاری کەرکوك کە باوباپیرم لەم شارەدا براوەتەوە, خەڵکی شارەکەم ئاگاداری وەزعی شارەکەم, ئاگاداری خەڵکی شارەکەم, من دەزانم هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکوك بەیەك شێوە بیردەکەنەوە, پێکهاتەی شارەکە لەبنەماوە پێکهاتەیەکی جوانن و وەکو برا ژیاون لەم شارەدا خزمایەتیو پەیوەندی ژنوژنخوازی پتەو و زۆریان هەیە. من درکم بەو واقیعە کردووەو ئاگاداری هەم, ئێمە دەبێت مرۆڤانە مامەڵە بکەین, پێویستە هەچ کەسێك لەشوێنێکدا کاربکات دەبێ بەچاوێکی یەکسان سەیری هەموو لایەك بکات, من دەنگی هەموو نەتەوەکانی کەرکوکم وەرگرتووە, بەتەنها دەنگی نەتەوەکەی خۆمم وەرنەگرتووە, بەخۆشحاڵیەوە من لەیەکەم رۆژەوە کارم بۆئەوە کردووە کە گیانی برایەتی کە لەنێو نەتەوەکانی کەرکوکدا هەیە پتەوتری بکەمو بەهێزتری بکەم, توانیومانە تاڕادەیەکی زۆر ئەوکارە ئەنجام بدەین.

چاودێر:

قسەیەك هەیە دەڵێ (عەبدولڕەحمان مستەفا) بەلای (ی.ن.ك)دا دادەشکێنێ, هاوکاریان زۆر دەکات. ئەم قسەیە پێش چەند رۆژێك لەمیدیاکانەوە بڵاوبۆوە, جێی باسو خواسێکی زۆرە, ئێوە لەسەر ئەمە چیدەڵێن؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: من ئەوەی لەنزیکەوەو لەدوریشەوە ئاگای لێم بێت دەزانێت من نەك هەر لایەنگری لایەك نیم, بەڵکو لایەنگری نەتەوەیەکیشم نەکردووە, هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکوك بەحیزبەکانو نەتەوەکانو ئایینو مەزهەبەکانیشەوە بێت بەیەك چاو سەیری هەموویانم کردووە, من کەسێکی بێلایەنم لەسەربنەمای بێلاینیش بومەتە پارێزگار, یەکێك بووم لەئەندامە بێلایەنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا, من بەهیچ شێوەیەك لایەنگری هیچ لایەك نیم, لایەنگری هەقم, لایەنگری مافی خەڵکی کەرکوکم, ئەو قسەیەش کە کراوە قسەیەکی زۆر زۆر هەڵەیەو نەدەبوو ئەو قسەیە بکرایە, ئەو کەسە ئەو قسەیەی کردووە زۆر لێم نزیکەو زۆر باش ئاگای لەوەزعی من هەیە, من دڵنیاتان دەکەمەوە لایەنگری هیچ لایەك نیمو لایەنگری هیچ لایەك ناکەم.

چاودێر:

پرسیارێك هەیە زۆر دەکرێت ئەویش" ئەوەیە تابلۆی پارێزگا بۆ بەکوردی نەنوسراوە تائێسا؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: زمانی کوردی زمانێکی رەسمیە, هاوشان لەگەڵ زمای عەرەبی, ئەوەش یاسایەو ئێمە دەرمان نەکردووەو لەلایەن دەسەڵاتێکەوە دەرکراوە کە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی عێراقی کردووە, ئەمڕۆ کورد بۆی هەیە لەبەسراش بەکوردی بنوسێت وەك چۆن عەرەب بۆی هەیە لەزاخۆ بەعەرەبی بنوسێت, ئەوە هیچ قسەیەکی لەسەر نییە, بەڵام تابلۆ کە شتێکی زۆر ئاساییە دەبێ بکرێ وە شتێکی ئاشکراشە کە زۆربەی دامودەزگاکانی کەرکوك بەکوردی تیا نوسراوە, تەنها پارێزگاش نیە کە قیتعەکەی بەکوردی نەنوسرابێت, هەندێ شوێنی تریش ماوەو ئەمەش هەر دەکرێ, بەڵام کاتوساتی خۆی هەیەو ئەبێ بکرێ.

چاودێر:

گۆڕینی قیتعەکە پەیوەندی بەبڕیارێکی سیاسیەوە هەیە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: نەخێر, پەیوەندی بەبڕیاری یاساییەوە هەیە, یاسا هەیە لەسەری, بەڵام ئەمە شتێکە پەیوەندی بەکاروباری خۆمانەوە هەیەو لەکاتی خۆیدا دەگۆڕێ.

چاودێر:

گەشبینی بەرامبەر بەئایندەی شارەکەت؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: من زۆر زۆر گەشبینم, من دڵنیام کەرکوك دەبێتە شارێکی زۆر خۆش و نمونەی خۆشی و برایەتی.

چاودێر: دەبێتە شارێکی کوردستانی؟

عەبدولرحمان مستەفا: یاسا رێوشوێنی بۆئەوە داناوە, مادەی (٥٨) لەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت ئەوەی رونکردۆتەوە کە دوای ئاسایکردنەوەی شاری کەرکوك خەڵکی شاری کەرکوك چارەنوسی شارەکە دیاریدەکەن.

چاودێر:

گەر قسەیەکت مابێ بیکەی..

عەبدولڕەحمان مستەفا: سوپاس.

چاودێر: سوپاس بۆئێوەش.

دیداری : چاودێر

(پ.ك.ك)

جودا خوازەکان لەسێدارە دەدات

عوسمان ئۆجالان, رێبەری ئەو گروپە نوێیەی کە لەپارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) جودابوونەوتەوە, رایگەیاندووە, کە (پ.ك.ك) لەرێگەی پلانی جۆراوجۆرەوە هەوڵی لەناوبردنی هەموو ئەندامانی حزبە تازەکەی ئەو ئەدات. بەپێی راپۆرتی دەزگای هەواڵگری (بازتاب) عوسمان ئۆجالان لەوتارێکیدا دەڵێ: "کۆنگرەی گەل بڕیاری لەسێدارەدانی دەرکردووە بۆ سەرجەم ئەندامانی ئەو حزبە, بۆ ئەم مەبەستەش خەڵکانێکی زۆری بەکرێ گرتووە بۆ تیرۆرکردنی هەڤاڵانی ئێمە". هەوەرها لەوتوویژێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (میللەت) عوسمان ئۆجالان, وێڕای رەخنەگرتنێکی زۆر توند لەبراکەی (عەبدوڵڵا ئۆجالان) دەڵێ: "ئەو, دەیەوێت من وەکو کەسێکی بچوك و هەرزەو نەزانکار لەقەڵەم بدات".

لەکامیاران دوو کەس دەکوژرێن و سیانیش بریندار دەبن

بەپێی هەواڵەکان, سەر لەبەریانی رۆژی شەممە کەسێکی سەر بەئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەناوچەی کامیاران, دوو کەسی ئەو ناوچەیەی کوشتووەو سیانیشی بریندار کردووە, بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەم کارە دەرەنجامی کێشەیەکی بنەماڵەیی بووەو دوای ئەوەی کە چارەسەر نەکراوە گەیشتۆتە رادەی کوشتنو بریندارکردن بەچەکی رەشاش.

پاشماوەی سونگول چاپوك

کاتێکیش لەسەردەمی مەغۆلیو سەلجوقیو تەتاریو ئاق قەرەقۆنیلیەکانو عوسمانیەکانیش, نەژادی تورك هاتە ئاریای مێژووی سەدەکانی ناوەراست, هیچ قسەیەك لەسەر سەروەرییەکانیان ناکەین, با خانم سون گول مێژووی خوێناوی عێراق و پەلامارداني ئێرانو کوردستانو دەوڵەتانی ناوچەکە هەتا هیندستانو چین, هەروەها تاوانی جەنگیزخانو مەغۆلیو قەرەقۆینلۆکان, پاشانیش هی عوسمانیەکان بخوێنێتەوە, ئەوسا دەزانێ چۆن چۆنیش نەژادی تورك هێنراونەتە عێراقو کوردستانو بە چ تاڵانیو کوشتو کوشتارو ماڵوێرانکردنێك سەپێنراونەتە سەر کوردە دانیشتوە رەسەنەکەی کوردستان.

ئاخر بەبێ بەڵگەو بێ نەخشەو بێ قەواڵە, چۆن دەکرێ شارێکی وەکو کەرکوك, ببرێتە قوتی مێژووی تورك و تورکمان, قەڵای کەرکوکیش, بەو پان و پۆریو بەرزییەی, شایەتی مێژووی نەژادی کورد لەشارەکەدا, بدا؟!

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە, خاتوو سونگول سێ رۆژ دوا ئەو چاوپێکەوتنەی, لەهەمان رۆژنامەو رۆژی (٩/٢٢), لەژمارە (٩٤٣٠)دا پێچوانەی ئەم قسانەی لەسەر تەلەعفەرو کەرکوك, لەچاوپێکەوتنی (نعمان الهميص)دا لەلاپەڕەی دووی هەواڵەکاندا, رایگەگەیەنێ کەوا" (هەمووان عێراقین, عەرەب بن یان کورد یان تورکمان, دەوڵەتانی دراوسێیشی وریاکردۆتەوە, هیچ کێشەیەکی ئاساییش نەقۆزنەوە بۆ درزتێخستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق و بەکارهێنانی دژی گەلی عێراق).

لەسەر کەرکویش ئەم خانمە, بایداوەتەوەو (١٨٠) پلە پێچەوانەی چاوپێکەوتنەکەی پێشووی, بیروڕای جیاواز دەردەبڕێو دەڵێ: (هەندێك خەڵکی نامۆ دزەیان کردۆتە ناو کەرکوك و هەندێ ناوچەی تریش, ئەمەش بۆ کۆنترۆڵنەکردنی سنور لەلایەن پارێزەرانیەوە دەگەڕێتەوە, کە پارێزەرانی کەمن. لەسەر لێپرسراوانی حکومەتو سوپاشە, پاراستنی سنور دابین بکەن).

ئەم خانمە کە ئاگای لێنیە, چەند رۆژێك لەمەوبەر چی گوتووە. یان دوورنییە لەژێر فشاردا بیروڕای خۆی گۆڕیبێ. لەدرێژەی قسەکانیدا قسەی سەرنجراکێشتر دەڵێ: (مافی کوردو تورکمانو عەرەبە, کە لەکەرکوك یان لەهەر شارێکی تری عێراقدا بژین. هیچ پیلانێکیش بۆ کوردانـدنی ئەم شارە, یان بەتورکمان کردنو تەعریبکردنی نیە, بەڵکو شاری برایەتی نیشتمانیە).

ئەم قسانە, سەراپا جیاوازن لەو قسە پڕ لە رقو کینە تورکمانچێتیەی لەچاوپێکەوتنی (١٩/٤)دا خانم سونگول دەریبڕیوون. بێگومان لەم چوار رۆژەدا هیچ نەگۆڕاوە, عێراق هەمان حکومەتی هەیەو هەمان سیاسەتیش پەیڕەو دەکاو رەوتی روداوەکانیش هەروەکو خۆیان وان, بەڵام لەبەرئەوەی سونگول لەئاستی روداوەکاندا نیە, بۆیە بەهەواڵێك هەڵدەچێو پاشان بەمشێوەیە دائەچێ. ئەمەش سیفەتی کاربەدەستی گەورە نیە, بەڵکو سیفەتی کەسێکە کە لەئەرکو ئۆباڵی هەستیاری رۆژگارەکە وردنابێتەوە, یان دەسەڵاتی بەدەستی خۆی نیە, یان رەفتارو گفتاری کەسێکە شریتی ئاخاوتنەکانی لەلایەن خەڵکانی ترەوە تۆمارەدەکرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێین: خاتوو سون گول جابوك, ئەگەر سەیری ئەرشیفی چالاکیەکانی لەمەجلیسی حوکمدا بکرێت, بەشی زۆری قسەو هەڵسورانی هەر دژایەتیکردنی کوردو فیدراڵیەت بووە. خۆزگە هێندەی لەدەمارگیری تورکمانچێتیدا خاتوو جابوك, چاپوکە, تۆزێکیش لەسەلماندنی راستیەکاندا راستگۆ بوایە.

پاشماوەی یەکڕیزی کرێکارانی کەرکوك

لەگەڵ گروپی کۆنە بەعسیەکان, جا خۆی وتەنی (بەبێ مەقصود بووە)، بەڵام سەندیکای کرێکاران وەك هەڵەیەکی گەورە سەیری کردووەو بریاری گۆڕینیدا بەهەڤاڵێکی تر کەنوێنەرایەتی ئەو گروپە بکات، کەچی ئەوان لە باتی تەقدیری ئەم بڕیارەی سەندیکای کرێکارانی کوردستان بکەن، دەڵێن: ئێمە نایگۆڕینو ئەو رێکەوتنە رێکەوتنی نێوان دوو کەس بوو نەك رێکەوتنی نێوان دوو گروپو، دوولایەن، ئەمەیە رێکەوتنی ستراتیژی بۆ یەکخستنی تواناکانمان لەکەرکوکدا؟ جا ئیتر چ رێکخراوێك زاتی یەکگرتنەوەی دەمێنێت؟ چ کەسێك دەتوانێ قەناعەت بهێنێ لەیەك لقی رێکخراودا کاربکات بەبێ ترسی پاشقول گرتن؟

لەهەمووی سەیرتر ئەو برادەرەی نوێنەری سەندیکای هەولێرە، کاتێك سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی تەواو بووە بەپێی رێکەوتن کەهەر سێ مانگو لایەك لێپرسراوی لقەکەیە، کەچی دەڵێ: لاناچمو هیچ کەسێك بۆی نیە پێم بڵێ ئەبێ لابچیت.

ئەمانە هەمووی کرایە دیکۆمێنتو ماوەیەك لەمەو پێش، بەرەو رووی بەرپرسانی یەکەمی سەندیکاکانی هەولێر کرایەوەو وەعدیان دا کەئەمانە هەمووی چارەسەر بکەنو بەتوندی رەخنە بگرن لەنوێنەرەکەیان، چونکە پێشێلی رێکەوتنەکەی کردووە، کەچی هەر نەکراو نوێنەرەکەیان کەس پێی نەووتوە بەر چاوت کلی پێوەیە، نوسراوەکانیشیان بەزمانی عەرەبی بۆ دەنێرن.

جا پرسیارێك دەکرێت" ئایا یەك لقیو یەك ریزی رێکخراوەکان، بەم شێوەیە دەبێت؟ گەر نابێت" چی بکرێت باشە؟ ئێمە هەموو هەوڵەکانمان یەکخستنی تواناکانی کوردو خەڵکی بەشەرەفی کەرکوکە لەپێناو سەرخستنی کاری دیموکراسیو پێشکەش کردنی چاکترین خزمەتگوزاری بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەئێمە بۆ ئەمانەوێ کەرکوك لەژێر ئیدارەی کوردستاندا بێت؟

سوپاسنامە

بەناوی خێزانی تازە پێکهێنراوی رۆژنامەی چاودێرەوە، لەناخەوە سوپاسی ئازیزان: (مامۆستا رەفیق سالح، مامۆستا عەبد عارف، هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستا هێرش تۆفیق، عەباس عەبدولڕەزاق، مامۆستا حەکیم عوسمان، شەهلا مەحمود، ئیبتیسام ئیسماعیل، شێرکۆ مەنگوری، ئەمیر بابۆسی) دەکەین، بۆ ئەو بیروڕاجوانانەی بۆ گەلاڵەی رۆژنامەکەمان لەچەند کۆبوونەوەی راوێژکاری دۆستانەدا، پێشکەشیان کردین..

چاودێر
THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press - Kurdistan - Iraq

No. : (1) -4-10-2004

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەڕپرس
مەلا بەختیار

ستافی کارا
سامی هادی، جەمال حوسێن،

ناونیشان
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٢٧١٢٠- ٣١٤٠٤١٦
E-mail
info_chawder@yahoo.com
chawder_news@yahoo.com

ئابووری شەشەم
شەریک شعور

لەسەرم مەنووسە

ئەمە داوکاری پارچە کاغەزێکی پاکو بێگەردە لەقەلەمێکی دەستو خەت ناخۆش، یاخود سکاڵای کارمەندێکی خواروخێچە کە هاوبێچ لەگەڵ ئەقەدرێك فەلافلدا ناراستەی مەسئول شوعبەکەی ئەکات. لەوانەشە زمانحاڵی شیعرێکی سەقەت بێت کە دەستەونەزەر لەحزووری ڕەخنەدا نەوەستێو دەعوەتی ئەکات بۆ نادی کۆمەڵایەتی، یان ئیحتیمالە تەکلیفی پیکانێکی علوج بێت کە لەگەڵ بێنج هەزارپیەکی لوول کراوا ئەجێتە گیرفانی تەقریرنووسێکی ئەو ئێهانانەودو ئەمیش بەدوو تەن شری بابەعیبەوە سنورە دەستکردەکان ئەسرێتەوە.

تەئریخیش گەر بیەوێ ناوی ئەو مامانە ڕەزا گرانە ناشکرا بکات کە ناوی ئیرهابیە ریشنەکانی بڕیوە، ئەمریکا هەر ئەو ئەوعە نامە دیپلۆماسییەی بۆ ئەنێرێو هەر پێی ئەڵێت ڕحانەن حەیام مەبەو لەسەرم مەنووسە. بابەتە تازەکانیش هەمان نامەیان هەیە، بەڵام بۆ ئەمریکانا، بۆ نووسەرە کۆنەکان، خۆشترین شت ئەوەیە ئینسان ئەمانە هیچیان ئەبێ یاخود تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرەی هەموویان بێتو بیەوێ بەنسلوبێکی تازە لەسەر بابەتێکی کۆن بنووسێ کە ئەقەردکانی پاسی شێ مەحێدینو کانی کوردە پێی ئەڵێن گەندەڵیی.

گەندەڵیش عەرزێ لەحزورتانا شەهادەی تەزویرو معامەلەی پەنجەرو جانجاڵۆکەی ناو سنوقی سکاڵاو ملیۆنێری تازە هەڵتۆقیو ئەگرێتەودو لەکۆمەڵگا نادیموکراسییەکانا پەیوەندییەکی ئەوەندە تۆکمە لەگەڵ دەسەڵاتا پەیدا ئەکات کە عەیبەن پەیوەندی نێوان مریشکو هێلکە وایە بەشەر نازانێ کامیان ئەوەڵ جار کامیانی دروست کردووە.

سیفەتێکی تری ئەم گەندەڵییە ڕۆح سوکە ئەوەیە کە هەر وەختێك گەیشتە سەر نێسقان ئیتر بەینی قیادەو قەواعید ئەشبیهات ئەبێ وەك بەینی ژن و مێردی لێ دێت. کەسیان باوەڕو متمانەی بەوی تر نامێنێو دانیشن بەخێر.

کولتووری دوو ئەتەوە لەپێشوازی بارمتەکانیاندا!

ئەم هەفتەیە، ئیرۆریستەکانی عێراق، لەدوو کەینو بەینی جیاوازدا، دوو خوشکی بارمتەی ئیتاڵیو سێ هاوڵاتی میسریان، ئازاد کرد. کە ڕاندنی ئەم خەڵکانە، سەرنێری هەموو باسەکانیان داگرتووە. ئەوەی جێگەی سەرنجێکی سەیرە، ئەوەیە کەوا:

دوو بارمتە ئیتاڵیەکە، لەلایەن حکومەتو سەرانسەری خەڵکی ئیتاڵیاو میدیاکانیاو میدیاکانی ڕۆژئاواشەوە، پێشوازییەکی مرۆیی فراوانیان لێکرا. لەفرۆکەخانەدا خەڵکێکی زۆرو لە شەقامەکانی ڕۆماو ئەنانت لە پەنجەرەو سەریانی ماڵانیشەوە، بەگوڵو گوڵزارو پێکەنێنو فرمێسکی خۆشی، پێشوازیان لەو دوو خوشکە ئازادراو مرۆ دۆستە کرد.

لەبەراسەردا، سێ بارمتە کۆنەکەی میسریش، نە لە فرۆکەخانەو نە لەشەقامەکانو نە لەمیدیاکانی میسرو عەرەبدا، خۆشهاتنێکی ئاسایییشیان لێنەکرا. لەبینینی دوو دیمەنی ناکۆکی ئاوادا، ئەنها هێندە دەڵێن: ئەمەیە دوو کولتووری ئەتەوەیی جیاواز، لەکولتووری ئیتاڵیادا، ڕێنیسانسو ئازادی باڵادەستە، لەکولتووری میسریش، ئیسلامو ئەبوونی دیموکراسی!!



ماسیەکانی ئەڵوەن

خوێندنەوەی/ حەمە هاشم

لەروانیندا بۆکاری هونەری، سێ چەمکو بنەمای جیاوازمان دێتە پێش، ئەوانیش (زانست، هەست، ئەکتیك)ە، بەڵام لەهەموویان دیارتر، سلیقەیە کەسەرنجمان ڕام دەکات.. ئەو سلیقە هونەرییەی کەهەست لەکەسی هونەرمەندا دەوروژێنێتو بەهۆی زانستو ئەکتیکەوە، ئاوێتەیەك لەهونەر دەخاتە بەردیدمانیان.

لەم کارەی هونەرمەند (ئیسماعیل خەیات)دا ئەو سلیقەیە بەدەوشاوەیی لەگەڵ نیگاماندا ئاوێتە دەبن، لەم بەرهەمەدا چەند فیگەرێك لە(ماسی) بەکۆلاژکراوی لەسەر پانتایی ڕوویەرێکی سپی، خاڵی لەهەموو دیسیپلینە دلسەپیوەکان، خۆیان نمایش دەکەن.. هاوسەنگییەکی ئەباو تۆکمە لەوالەتێکی لاکێشەییدا قورسایی خۆی دەخاتە ڕوو.. لەچەند ماتریالێکی جیاجیاداو لەسەر باکگراوندێکی تاریکی ڕەش، هێلە چەماوەو بازنەییەکان، شێوەی بڕ لەژیانی ماسیەکان بەرجەستەی هونەری دەکەن. ڕەنگی (ڕۆنیو پاستیل) بەبارێزگاری کردن لەکەسایەتیە بەهێزەکانیانەوە، ئەو تاریکیە دەگەنەوە بەچراخانێکی ڕەنگاڵەیی و توانستێك دەبەخشنە سەرجەم ئەو بۆشاییو پانتاییانەی کەکوتڵەو فیگەرەکان بۆخۆیان گریان داوە.

(ئیسماعیل خەیات) "لەبیرکردنەوەیەکی نوستالیژیانەی خۆیدا، بۆ دلسەدەمی منداڵیتیو تێراماندو ڕووانیتەکانی بۆ ماسیەکانی ئەلوەن، ئەم کارەی ئەنجامداوە.. (چاو) کەبەشێوەیەکی زەقو تایبەتمەندییەکی خێرتر لەبازنە چەماوەییەکان دێتە پێش چاو، گەواهی ئەو ئومێدە بڕ لەچاوڕوانیە دەکەن، کەهیواکانی مرۆقی لەسەر بنیات دەنرێت..

ئەم بەرهەمە لەشێوە ئەبستراکتیکی دەربرینو چەمکگەرێتی ڕووت ئەبێتەوە، بە ستایل تایبەتیەکەی هونەرمەند، هێندەی تر جوانیەکانی خۆی بەسەر فۆرمەکەدا بەرش وبڵاو دەکاتەوە.

ئاوەڕۆو گەوهەریشدا" کۆمەڵێ ماکی واتادار لەخۆی کۆدەکاتەوە، کەرەنگە پەیوەندییەکی ڕۆحی بەخودی (ئیسماعیل خەیات)و (خانەقین)و (ئەلوەن)ەوە هەبێت.

بەگشتی هاوسەنگیو شێوە کۆنتراستی لەکۆلاژکردنەکەدا بۆ ئەکتیکی کارە هونەریەکە، جوان بەخشیەکی هونەری ئەوتۆی بۆ دیدەنی خەڵق کردووە، کەتوانای پەلکێش کردنی بینینمانی هەیە.

وێنەی هەفتە..
ژنانی پێشمەرگە لەکاتی ئازادکردنی خانەقیندا.. (ئەوروزی ٢٠٠٣)

دوانزە ڕۆژ بەر لەکۆتایی ژیانی ئەدۆلف هیتلەر

فیلمێکی ئەڵمانی دەربارەی دوانزە ڕۆژی کۆتایی هاتنی ژیانی هیتلەر گەورەترین داهات بەدەست ئەهێنێت، ئەم فیلمە کەلەسەر دوانزە ڕۆژی کۆتایی ژیانی دیکتاتۆری ئەڵمانی (ئەدۆلف هیتلەر) بەرهەم هاتووە کەگەورەترین داهاتی بەدەست هێنا لەسەر ئاستی هۆلەکانی سینەمای ئەڵمانیا کەمەزەندە دەکرێت بە (٥٠٠) هەزار بلیت لەماوەی یەکەم پشووی کۆتایی هەفتەی نمایش کردنیدا، ئەم فیلمە کەلەژێر ناونیشانی (هەرەس)دایە کەلەنواندنی ئەکتەری سویسری (برۆنۆ جانتس)ەو، ئەم هونەرمەندە لەرێگای نواندنەوە سروشتی شەرەنگێزی ڕلایەنی ئاسکیو سۆزداری هیتلەر دەردەخات کەزۆربەی ئەڵمانیەکان تائەو کاتەش پێی ئاشنا نەبوون ئەم فیلمە لەگێڕانەوەی چیرۆکێکی (ترادول یونجی)ەوە ئامادەکراوە کەخۆی بەکێك بووە لەتیمی سکرتاریەتی هیتلەر کەیاوەری هیتلەری کردووە لەحەشارگەکەی خۆی لەژێرزەویدا.

هەروەها ئەم فیلمەپشت بەچەند چیرۆکێکی تری ژیانی هیتلەر دەبەستێت کە لە کتێبێکدا بلاوکراوەتەوە لەژێر هەمان ناونیشاندا کەلە نووسینی مێژوونووسی ئەڵمانی (یواکیم فیست)ەو. ئەم فیلمە کێشمەکێشمێکی سۆزئامێزی لەئەڵمانیادا خولقاند سەبارەت بەرێگەدان بەدووبارە دەرکەوتنەوەی هیتلەر لەسەر شاشەکانی سینەما بەڵام بەشێوەیەکی باشترو جیاواز لەودەرکەوتنانەی پێشتر کەبەخراپترین شەرەنگێزی دنیا بەرجەستەدەکرا.

هەندێك لەبینەرانو ڕەخنەگران تامازەیان بۆبەرجەستکردنی ئەو چەند ڕۆژە خوێناوییەی کۆتایی هاتنی ڕژێمی نازی کرد لەفیلمەکەدا، هەندێکی تریش ڕەخنەی توندیان ئاراستەی بەرجەستەکردنێکی لایەنی ئینسانی هیتلەر کرد لەکاتێکدا کەماجی هاوسەرەکەی (ئیفا) دەکات لەئامەنگی بەیەك گەیشتنیانو کەشیرینی دەخۆن، بەهەر حاڵ لەیەکێك لەنمایشەکانی خۆرهەڵاتی شاری بەرلیندا ئاژاوەیەك سەری هەڵدا کەدووان لەگەنجەکانی (نازیە تازەکان) بەرپایان کرد کاتێك سلاوی بەئاوینگی نازیان بەدەستیان کرد کەقەدەغەکراوەو لەکاتی نمایشەکەدا باسیان لەچاکەی هیتلەر دەکرد. ئەمەش بووە هۆی وەستانی نمیشەکەو لەئاکامیشدا پۆلیس بانگکرا بۆگرتنی ئەو دوو گەنجە.

ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنی ئەڵمانی گرنگی ئەوادیان دا بەو فیلمە بەتایبەت کەئەمە یەکەم فیلمە ئەڵمانییە کەباس لە ڕەشترینو تاریك ترین قۆناغی مێژوویی ئەڵمانیا دەکات. سەبارەت بەم فیلمە لەسەر ڕووبەری دووگۆڕاری هەفتانەی ئەڵمانی کەئەوانیش (دیرشبیجل، شتیرن)ە، وێنەی (هیتلەر) بلاوکرایەوە..

ئەم فیلمە کەگەورەترین بەرهەمی سینەمایی ئەم ساڵەو لە (٤٠٠) هۆڵی سینەما نمایش دەکرێتو بری (١٣.٥) بۆرۆی تێچووە، ئەمەش دەکاتە (١٦.٣٨) ملیۆن دۆلار کەئەمەش بەکێك لەو فیلمانەی زۆرترین خەرجی بۆکراوە لەمێژوی سینەمای ئەڵمانیدا.

"بیل گیتس" دەوڵەمەنترین کەسی جیهان

گۆڤاری فۆربس هەموو ساڵێك لیستی دەوڵەمەندترین (٤٠٠) کەس لەئەمریکادا، لە ١١ئۆکتۆبەر بڵاودەکاتەوە. دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت (بیل گیتس) ئەمساڵیش، یەکەمی ئەو لیستەیە، کەبۆماوەی ١١ساڵە هەڵنیشتۆتە سەر لوتکەی دەوڵەمەندەکانی جیهان. لەپلەی دووەمدا (وارین بوفیە) دێت، پاش ئەوەی بری (٥) ملیار دۆلاری ئەنها لەماوەی ئەم ساڵدا زیادکردووە، کۆی سامانەکەشی (٤١) ملیار دۆلارە.

هەروەها (پۆل ئەلێن)ی هاوڕێو هاویەشی (بیل گیتس)ە، لەدامەزراندنی مایکرۆسۆفت لەپلەی سێیەمدایە. ئەم ساڵ لەلیستەکەدا (مایکل ئارنەڕی سەرۆکی جێبەجێکەری کۆمپانیای (والت دیزنی) تێدانەبوو. هەروەها (تیریزا هاینز کیری) ژنی جۆن کیری، پاڵێوراوی حیزبی دیموکراتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەم ساڵ ناوی لەناو لیستەکەدابوو. کۆی سامانەکەی (بیل گیتس) یەك تریلیۆن دۆلارە.

(بەڕاستی ئەم خەڵکانە هەژارن، تۆ بڵێی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کوردستان، ناویان نەخاتە ناو لیستی کۆمەکەوە).

دەریا/ لەئینتەرنێتەوە

تەشەری کاریکاتێر

بەتەورو TNT دەچێتە سەر مانگ !!

زمان درێژی بێ هونەر !!

رقی لەژیانە !!!